حەزدەکەم ئەوەندە بژیم

سەباح ڕەنجدەر

حەزدەکەم ئەوەندە بژیم

سەرپەرشتیاری گشتی
ماجید نووری

حەزدەکەم ئەوەندە بژیم

شاعیر: سەباح ڕەنجدەر
بابەت: شیعر
پیتچن: یاد سەباح ڕەنجدەر
نەخشەسازی ناوەڕۆك و بەرگ: ئاكار جەلیل كاكەوەیس
هەڵەگر: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپ: بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری ـ هەولێر
نرخ: ٢٥٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان
ژمارەی سپاردنی (٤٣١) ساڵی (٢٠١٤)ی پێدراوە.

شیعر بەرانبەر ئەبەدییەت

بەرلەوەی هۆگری نووسینی شیعر ببم، هۆگرییەکی ڕاستەقینە و هەست گەرمییەکی زۆرم بۆ خودی شیعر لاپەیدا ببوو. توانا سەرەتاییەکانم لە نێوان ڕایەڵەی ئەم دوو هۆگرییەمدا بواری خۆ تاقیکردنەوەی لێ دەخواستم. بەڵێ ئەم خواستە، بوو بە مەبەست و جێگای بایەخ و وێناکردنی ژیان و دۆخ.

من هیچ پرسیارێکم لە خودی شیعر نییە، بەڵام ئەو پرسیاری سەیرسەیری لە من هەیە. وەك ئەوەی من خوداوەندێك بم و نهێنیی ژیان و مردن و زیندووبوونەوەم لابێت. هەردووکیشمان دەمانەوێت ئەویندارانە و لەخۆبووردووانە لەگەڵ یەکتردا بژین. هەمیشەش خۆم لە ڕووداوی گەرماوگەرم بە دوور گرتووە و چاوەڕوانی خەملین بوویمە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووداوە گەرماوگەرمەکان بەرەنجامی جووڵانەوەی ڕاستەقینەی ژیان و دۆخن.

داهێنەر ئەوکاتە هەست بە ژیان و دۆخ دەکات، کە هەستەکانی خۆی لە ئەشقی پەتیدا بنووسێتەوە. لە نووسیندا لەگەڵی دەکەونە ململانێ و کێشمەکێشم و کێبڕکێ. پاش نووسین و تێڕامان و پێداچوونەوە ئەوەی لا ڕوون دەبێتەوە کامە هەست کاریگەری لە ئەوی تریان زیاترە و تا چ ئاستێك کاریگەری کارامەتر بووە، لە چ بارێکیشدا سەنگی ڕاوەستاوە.

هیچ فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشییەك تاسەر و ئەبەدی نییە. فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی هێزی بەردەوامن و بەناو پێچاوپێچەکانی ژیاندا دەخولێنەوە. پاش خەملین لە کەنارێکی ئارامدا هەڵوەستە دەکەن و دەگیرسێنەوە. بەنیازی خۆئامادەکردن بۆ دۆخگۆڕینێکی تر پشوویەك بە ئەزموونیان دەدەن.

فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشیی تر دێن خۆیان لەوان لادەدەن و ڕێگا خۆش دەکەن، دەیکەن بە چالاکی و وشیاریی مرۆڤ. وەك ئاو دەماری خاك بێ ویست و ئەنقەست، بگرە وەك شێوە و ڕێکخستن و پێویستییەکانی ژیان دەبڕێت و جێگای ڕەوانتر بۆ ڕۆیشتن و کارایی خۆی دەکاتەوە. ئەوەی پێشتر فڕێ نادات،

ئەویش دەڕوات تا وەك خۆبوونی و شـــانازییەك لە تەنیشت ئەوان ڕابوەستێت، یان هەوڵـــی گۆڕان و لە ناوبردنیان نـــادات، بگرە لێ زیادبوونیان بۆ دەکات و توانا و ئەزموونی پڕشنگدار و درەشاوەتریان دەداتێ.
ئەم ڕیز ڕاوەســـتانە ئەزموون و تاقیکردنەوەی بەهرە و سرووش و بیر و بۆچوونی داهێنەرە. لە ئەنجامدا داهێنەرەکان زۆربەیان لە تەنیشت یەك ڕادەوەستن و ڕیزێك پێك دەهێنن. ڕیزی چلچرای داهێنەران. هەوڵم داوە لە ڕیزی چلچرای داهێنەران نزیك ببمەوە. لەم نزیکبوونەوەیەمدا شیعر دادەگیرسێ و هەموومان ملکەچی پڕشنگداری و درەوشانەوەی شیعر دەبین. شیعریش تەنیا لە ڕوانگە و تێڕوانینی کرۆکیجوانییەوە بەها و ئاستداری بۆ دادەندرێت و هەست بە خاوەنەکەی دەکەین.
لـــە نێوان ئەم دوو مێـــژووەدا ١٩٦٥\١١\١٨_٢٠٤٥\١١\١٨، کە دراو و داواکراون مێژوویەکی تر نییە، یان هەوڵدان بۆ دروســـتکردن و قەوارەپێدانی مێژوویەکی لەم بارەیەوە نییە. بگرە وەهمێکی جوان و ناوەندێکی چالاك هەیە. بڕوای بە خۆشبەختی و خەڵاتی خودایی هەیە، دەشیەوێت ئاگر لە خوداوەند بدزێت، پاشان لە پەرجوویەکدا بمێنێتەوە. پەرجووی حەزی ژیان و داهێنان، مانا و بوونی کەســـایەتی خۆی تێدا بپارێزێت. زمان ئەو کاتە دەبێتە چالاکی و وشیاریی مرۆڤ، کە بمانەوێت لە خۆمان بدوێین، یان ئەو نیشـــانانە بخەینە ڕوو، کە دەمانەوێت هەوڵی دەرخستن و شێوەی ڕێکخستنی بدەین. لەم بارەدا زمان مانا و بوونی کەسایەتی نووسەر وەك ڕامانی سەرەکی لەناو خۆیدا بڵاودەکاتەوە و دەپارێزێت. بە دەگمەن بەشداری لە بۆنە گشتی و ئەدەبییەکان دەکەم و بە سروشتی ژیانی خۆشم حەزم لە تەنیایی و کەمدوویی و کەمێك دوورکەوتنەوەیە لە خەڵك، بەڵام لەمیانی شیعرەکانمەوە چۆڵایی بەر زەین و هەستەکانم پڕکردووە لە خەڵك و ئاژەڵ و گیاندار و پەلەوەر.... تاد.
گونجاوە وەك سیســـتەمی هەوڵدان تەماشـــای فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی بکەین. ئەنجامی هەر هەوڵدانێك دەبێتە سەرەتای هەوڵدان و دیاردەیەکی تر و دەچێتە ناو چالاکی و وشـــیاری مرۆڤەوە. زمان چالاکی و وشیاری مرۆڤە و دەنگ و بیرمان لە خانەی باڵادا دەپارێزێت، لە شیعردا تێگەیشتنێکی نیمچە چین چین و ئاستداری دەهێنێتە گۆڕێ. ئەو تێگەیشتنەی شاعیر بە هۆی زەین

و هەســـتەکانیەوە تێبینی دەکات. لە کردەی بە نووسینکردندا دەبێتە وێنە و ئاسۆ و دووری و پێوەندییەکی فراوان و کاراتر وەردەگرێت و دەگاتە خاڵی گەشەکردنی پێوەندیی زەین و هەســـتەکانی زمان. ئەم خاڵی گەشـــەکردنە لە پێوەندی زەین و هەستەکانەوە دروست دەبێت و دەخرێتە کار و تاقیکردنەوە. لە خرانە کار و تاقیکردنەوەدا زەین و هەستەکان ئاستی بێ ئاگایی زمان دەگوازنەوە بۆ ئاستی بەئاگایی زمان. ئاســـتی بەئاگایی زمان لە وێنەی بێگەرددا دەردەکەوێت و هەستیاریی دەروونیی وشە دەناسێنێت و هەوڵی خۆدەرخستن و شێوە ڕێکخستن لە خانەی باڵادا دەدات.

زمان هەمیشـــە خەوتووە. لە بەکارنەهێنانیدا بێدەنگـــە. لەکاتی بەکارهێنانیدا بەخەبەردێت و دەبێتە دەنگی دلێر، یان دەنگی ڕاگەیاندراو. جا چ لەباری مانا و پەیامداریدابێت، یان لەباری دەربڕین لەکرۆکیجوانی و وێنەی بێگەرددا.

وێنەی بێگەرد ئەو هەلومەرج و بوارە دیاری دەکات، کە زەین و هەستەکان تێبینییان کردووە و دەروون ڕوون دەکاتەوە. دەروون بەوەی چەق و کانگەی کۆکەرەوەی زەین و هەستەکانە و بە شێوەی ئاسۆیی زەین و هەستەکان دەخاتە بەکارهێنان و شاقووڵی دێتە خوارەوە، بۆ خۆدەرخستن و شێوەی ڕێکخستنی سوود لە فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی وەردەگرێت.

فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی پێنج هێڵی سەرەکین، پێکەوە دەڕۆن و بە شێوەی بازنەیی تێکەڵ بە شیعرییەت دەبن و هێزی خۆیان لە دوا خاڵی باش بەکارهێنانیاندا گەڵاڵە دەکەن. مووچڕك و سەرسامییە جیاوازەکان یەکلا دەکەنەوە. لە نێوان مووچڕك و سەرسامییە جیاوازەکاندا جۆرە نهێنییەك هەیە لە شیعرییەتدا بەدەردەکەوێت و ئاسۆ و دووریی خۆی وەردەگرێت. لە شیعردا ناکرێت بەشێوەیەکی مێژوویی و لە ڕەوتی مێژوویدا ســـەیری زمـــان بکەین. زمان بەرهەمی تاکی بەکارهێنەرە. واتا بەرهەمی تەواوی شاعیرە لە بەکارهێناندا. لە بەکارهێناندا داهێنەر تەواوی هێزی زمان دەکاتە هی خۆی.

لە سەرەتا و کۆتایی و هێڵ و هێمایدا، شیعر ئاراستە و پرسیارێکی زمانەوانییە. خوێنەر لەو سەرســـووڕمان و سەرسامییانەدا نیشتەجێ و سەرگەردانە، کە زمان وەك فۆرمێك لە خانەی باڵادا دابینی دەکات، یان وەك ڕووداوێك ئەنجامی دەدات

و دەیهێنێتە بەر زەین و هەستەکانەوە. لەم بارەدا زمان بە پێی وێنە لە جووڵە و کاری خۆیدا دەبێت و وریایی و ئەمەکداری خۆی ڕادەگەیەنێت. ئەم ڕاگەیاندنەش پەیوەستە بە دۆزینەوەی هێزی وشە لە ئەزموونی زمانەوانیدا، یان ناسینەوەی تراژیدیای ڕەگەزەکانی ژیان لە فۆرمی زماندا.

سەروا و ئاوازی ئاخاوتن دەسەڵاتی شیعرییەت دەداتە خوێنەر و ئاسۆ و دوورییەکی سەربەخۆ بۆ ڕوانین و لێکدانەوەی بەرهەم دەهێنێت. ئەم جێگای سەرنجەش دەگەڕێتەوە بۆ مۆسیقاداریی زمان لە ئاخاوتن و نووسیندا. زۆرجار مۆسیقای دەق وا لە خوێنەر دەکات دیدگای بگۆڕێت. لە دیدگایەکی دیاریکراو و داخراودا بۆ ڕۆمانسییەتی هەستی و نەرمونیان و کراوە. ئەم دۆخگۆڕینە ئەنجامی مۆسیقا و نەرمونیانیی زمانە. پێکهاتەی زمانی کوردی گونجاوە بۆ ئەم دۆخگۆڕینە، تەنیاش داهێنەران دەتوانن باری ئەم دۆخگۆڕینە لەباری کەشوهەوایەکی تەندروستدا بدۆزنەوە و لە کارایی و کردەییدا ئاشکرای بکەن.

ئەشق و هەست و بڕواداری و گەڕانەوە بۆ ناو ژیانی خێزان و بنەماڵە، سرووش و بەهرە و سەرچاوە و هەست گەرمی ئەم ئەزموونەمن و بە ناوەند گیراون. ئەزموونێکی تەواو خۆماڵی و خودییە. جێگا بۆ ئارامی و بەختەوەری دەدۆزێتەوە. فەرهەنگی وشە و دانەپەیڤیشی تاڕادەیەك سنووردارن، لە سادەترین بەکارهێنانیاندا قووڵ دەبنەوە و کرۆك پێشان دەدەن. واتا زمان لە کرۆکیجوانی و مۆسیقایدا جێبەجێ دەبێت، یان لە هەر دووبارەبوونەوەیەکدا زمان لە کرۆکیجوانی و مۆسیقایدا دەدۆزرێتەوە و بەنهێنی و ئەفسوونێکی تر لەناو زەین و هەستەکانی شاعیردا دەخەملێ و لەخانەی باڵادا خۆی ئاشکرا دەکاتەوە. زمانێك لە ناخی شاعیردا ڕسکاوە و خۆی ڕاهێناوە و لە پلەیەکی پێویستدا پێگەییوە، شتە دووبارەبووەوەکان دەخوڵقێنێتەوە و پێوەندییەکی زەینی و هەستی لەگەڵ خوێنەر پێکدەهێنێت و خوێنەری خۆی، کە تایبەتن و پێوەندیی زەینی و هەستی و لەگەڵدا بەتینن هەڵدەبژێرێت.

لە بنەڕەتدا ئەم ئەزموونە هەشت دەقی ئاستدارە، هەردەقەی دە جار خۆی دووبارە دەکاتەوە. واتە بە شاقووڵی دێتە خوارەوە و بە ئاسۆیی بڵاودەبێتەوە. خوێنەر دەتوانێت هەشت دەقە بنەڕەتییەکان بدۆزێتەوە و ئەوانی تر بەچێژی دووبارەبوونەوە، یان بە

هونەری دووبارەبوونەوە بخوێنێتەوە. ئەم دیاردەی دووبارەبوونەوەیە دەبێتە شوێنی تێبینیی لەدایکبوونەوەی چێژ و هونەر و بیرۆکەکان. دەقە دووبارەبووەکانم بە دوای یەکدا ڕیزبەندی نەکردوون. وەك ئامانج و مەبەست تێکەڵاو و سەرەوژێر ڕێکم خستوون و بەتەواویی ڕووبەری کتێبەکەدا پەرتم کردوون. لە دووبارەبوونەوەشیاندا لە مانای ڕاستەقینەی پێشتریاندا نامێننەوە.

هونەری کارپێکردنی دووبارەبوونەوە زۆرتر لە سینەمادا کاری پێکراوە. فیلمێك دەبینین وێنەیەکی سەرەکی پێکهاتە و هەڵسووڕێنەری تەواوی فیلمەکەیە، بەجۆری جیاواز جیاواز دووبارە دەبێتەوە. لە هەندێك گرتەدا گفتوگۆیەکی لاوەکی دێتە ناوەوە و بۆ ماوەیەکی کورت دەبێتە بابەتی سەرەکی و وزە و تینی چاوی بینەر وەك فریودانێکی هونەری تەواو بۆ خۆی ڕادەکێشێت و وەری دەگرێت. لە هەندێك گرتەی تردا ڕووناکی جێگای گفتوگۆیە لاوەکییەکە دەگرێتەوە و دۆخ دەگۆڕێت و دۆخ ئامادە دەکاتەوە. دەرهێنەر دیدگای تایبەت و دیاریکراو بۆ هونەری دووبارەکردنەوە بەکاردەهێنێت. وەك یاریکردن بە ڕووناکی و جێگۆڕکێکردن و بڕینی گرتە و مۆنتاژ. لەم خۆ دەستنیشانکردنەدا لای من هەموو شتێك بەو فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشییەوە دەست پێدەکات، کە لە دوا دەقمدا بەکارم هێناون و هەوڵم داوە وەك نوختەی بینین بیانخەملێنم. فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی ئاسۆ و دووری بەدیهێنەری دەقن. ئاسۆ و دوورییەکی خەملێن هەیە، شاعیر خۆیەتی. ئاسۆ و دووری بەدیهێنەر، ملکەچی ئاسۆ و دووری خەملێن دەبێت.

لە دوا خاڵدا لە خۆدوان، ڕەنگە هەم سوودی هەبێ و هەم زیان. هەم چالاککردنی زەین و هەستەکان بێت، هەمیش پەکخستنی زەین و هەستەکان.

ئەیلوولی ٢٠١٣ هەولێر

بانگەواز بۆ گۆڕهەڵکەن

دەستم لەسەر دوو باڵی فریشتە بوو
بە نان و ئاو و ئاگری خۆمەوە دابەزیمە سەر زەوی
بە

زەنگ و	زایەڵە و	دەنگ و	جۆشی

یاد	و
درووود	و
پەیام	و
ستایش	ەوە

هەواڵی جێگۆڕکێی سەباح سابیر حەسەن
١٩٦٥/١١/١٨ - ٢٠٤٥/١١/١٨
لە بستە خاکێکی مرادخواز و ماندوودا
شادییەکانی دەبیستێتەوە
هەشتا ساڵ دەزووبە دەرزی وەکردنێکە
بە سەر ڕاوەشاندنی پڕ خەمەوە

ببوورە مووچڕکێك چاوی لێڵ کردم و سۆزێکی تایبەت گرتمی
مەلێکی کۆچەری لەسەر لکی درەختێك نیشتەوە
خوێنی پێی بەسەر لکەکەوە جێما
چووم تەواوی درەختەکە و خوێنەکەم ماچ کرد
وەرە خەونم با ڕووگەنمام
خوێنی پێی باڵندە بێ و لە ئاگر ڕابمێنم
لە ئاگر ڕامان ئاشق وەك میوە پێدەگەیەنێ
بستە خاکە ماندووەکەش یەکپارچە دەبێتە
مۆسیقا و گۆزەی پڕ
لە ئاکامدا هەر دەگەم بە باڵی باڵندەی بریندار و دڵی خۆم
ئێستا چاوەڕێی فەرمانم بفەرمووی
بۆ تاهەتایە سەرگەردان بە
ئا ئەوەتە من ئامادەم
گۆڕهەڵکەن ئەی تۆ لە کوێی
بە پێ ڕێگایەکی دوور و درێژم بڕیوە
ماڵئاوایی لەوانە دەکەم پێیان گەیشتووم
ئەرێ مێژوو لە کتێبی چەندەمی ئاسمانی
بەشێکم بۆ تەرخان دەکات
ئەو کاتەی مێژوو باسی خودایی دەهێنێتە سەرسەکۆ و ماڵەکانمان
من لەناو حیکمەت و هێزی قسەکانی ئەودا

قووڵ و بێدەنگ و گوێڕایەڵ
هەناسەی ئاسوودەیی هەڵدەمژم و بیر لە خۆم دەکەمەوە
کتێبی ئاسمان وادەیەکی لەگەڵمدا هەبوو
منیش وادەیەك و لە هەستی خۆمەوە ناسیومە
هەتاو بۆم دوا
نابێ هیچ ڕازێك لە تاریکیدا بمێنێتەوە
شوێنەواری هەموو ڕێگاکانیش دەربکەون
تەرمەکەم لەبەر هەیوانێك داندراوە
پوورەی شیعر دەوری گرتووم و ناوی شیعرم لەسەر لێوە
شیعر لە دڵەوە نوێژم لەسەر دەکات
خودای سەد و یەك ناو
حیکمەتی وشەم تێدا بخرۆشێنە و لە شاعیرە

مەنگۆلی	و
دڵڕەش	و
بەدگۆ	و
دەروونکلۆر	ەکان بمپارێزە

من پێوەری هەستەکانی زەویم
بە پێ ڕێگایەکی دوور و درێژم بڕیوە
میوانداری ئەوانە دەکەم پێیان گەیشتووم
ڕەگی میوەی مەی چەترمە و هەڵمداوە
بەتاو وەرن ئەستێرەی شەوقدار و برای گیانی هەستەکانم
ئاسمانی ڕوون قووڵ و بێدەنگ و گوێڕایەڵ ماوەتەوە
تایبەت دیدارمان دەبێت
دەبین بە خاوەنی چاوەکانی
سێبەری شووم لەسەر زەوی لا دەچێت
وەك چاوی ئەو و دڵی خۆمان
بەڕێگادا یاری ڕۆیشتن و گەڕانەوە دەکەین
ماسوولکەکانی ڕێگا توند دەبنەوە
کەپری پشوودان لەمبەر و ئەوبەری دەبەسترێ
هەر کاتێك تەماشای ڕێگا بکەین
هەموو شتێکمان بە بیر دێتەوە و بەناو کاتێکی خۆشدا ڕێ دەکەین
خودای سەد و یەك ناو ڕۆیشتن و گەڕانەوە
لەم ڕێگاوبانە بۆنخۆشەدا تابلێی بێ دڵەڕاوکێیە
فریشتەکانی فریاکەوتن ناهێڵن گورگ نزیك ببنەوە
گۆرانی تێیدا دێتە سەر دەم و لەبیر ناچێتەوە
شاعیری گەڕاوەی شەڕی گورگیش

دوودڵی خامۆش دەبێ و گوێ بۆ گۆرانی هۆگری ڕادەدێرێ
یادەوەرییە بەخشندەکانی و بەهرە و سرووش و شیعر دێنە فریای
ئەی خودای سەد و یەك ناو ڕێبوارێكی ڕۆشنی

بەهرە	و	
سرووش	و	
شیعر	م	
ماندووم	ماندووم	ماندوو

دەستم بگرە بابچمە ماڵی ڕۆشن
ماڵم لە سێبەری باڵی باڵندەیەك دانا
گوتی لەبەر خاتری تۆ بۆ ماوەیەك فڕین دوادەخەم
تاپشوو دەدەیت و تێرخەو دەبیت و خەونێك دەبینیت
خەونی

تەورات
ئینجیل
قورئان

ئەرێ شادی بێهوودە خەونەکانم چی لێ بکەم

١

نیازی مردن

ئـ	ا	ب	ت	پ	ج	ح	خ
چ	د	ر	ڕ	ز	ژ	س	
ش	ع	غ	ف	ڤ	ق		
ك	گ	ل	ڵ	م			
ن	و	وو	ۆ				
هـ	ە	ی					
ێ							

پیت ئەی پیری شەوبێدار
مردن ئەستێرەی ڕۆژی دەرخست و دەستی ڕاخست
بەسەریدا مەیدانخوازی و گیانبازی بکەم
فریشتە لە پشت سەرمەوە
چاوی چاودێری قووڵایی هەزار چاوە
چاوم لەسەر هەڵناگرێت
دەتوانین بڵێین لە بارێکی تایبەتدایە
ڕۆح پرس و ڕا بە هێزی ئومێد دەکات دۆنایدۆنی

ئاو
ئاگر
با
خۆڵ

یان

تەورات
ئینجیل
قورئان

کامیان بم

سەرێ بکێشەماڵێك کە بڕیاری کوشتنی
مانگ و بازی دڵ و بازی کێوانی تێدا نەدراوە
دەتوانین بڵێین لە بارێکی تایبەتدا
چەند ڕووخۆشانە دەفی ڕوومەتی خودا
پەنجەی باریك کردوومەتەوە
هەموو ڕازێکی خستووەتە دڵم
لەمەوبەدوا ژیان بە سادەیی وەردەگرم
سادەیی گیانی خودایی ئاراستە دەکات
لە دڵ و گیان و چاومان ڕادەمێنین
دڵ و گیان و چاومان
پڕاوپڕ دەبن لە هێزی درێژکردنەوەی ژیان

٢

چاوەڕوانیی تێکشکاو

بە ڕوخسارێکی پڕ شادییەوە
ڕووبەڕووی ئاڵای وڵاتەکەم وەستام

هێند بە ئاسانی ئاسمان و زەوی لێك هەڵاتن
هێند بە ئاسانی ئادەم و حەوا پشتیان تێك کرد
هێند بە ئاسانی دایك و باوکم چاویان لێك وەرگێڕا
هێند بە ئاسانی من و خێزانەکەم لێك تووڕە بووین

منداڵێكسییەکانی خاوبوونەوە
هەمووهێزی خۆی هێنایە ئەژنۆی
هەستایە سەر لاقە لاوازەکانی
بە قووڵایی هەزار چاو سەیری ئاڵای کرد
شەونم لە چاوی بووە هەڵم و گوتی ئەی بۆ سێوی پێوە نییە

چاوەڕوانییەکی تێکشکاو

....	....	....	....
....	....	....	....
....	....	....	....
....	....	....	....

سەرێك کەوتە ناو چاڵێکەوە
دەزگای ڕاگەیاندنیش ڕۆژنامەی پاڵەوانە مەقەباکان بڵاودەکاتەوە
مەشق دەکەم ببم بە هەڵۆ
بە چڕنووکم هەموو ڕۆژنامەکان بدڕێنم و جیڕبەجیڕیان بکەم
پاشان ببم بە ژەنگی چاوی دەعبا
ئامێری چاپخانەکان بۆ تاهەتایە لە کار بخەم

دەست
دەست
دەست
دەست

دەسەڵاتی بێزراو و پرسیاری
دوورکەونەوە لێم و گیرخواردن و وێڵکردن
دەست و دەسەڵاتێك گەنجینەی نەتەوەکەی
شکاند و نیشانەی شانازی لە دەست خزی
نیگای چاوێکی کوێری کێشا
دڵی بە شادی لێی نەدا
لەتاوان هەموو خوێنی هاتە دەموچاوی و پەنجەری شکاند
تووڕە و بەقین بۆ تاهەتایە ملی بەلای خۆ دۆڕاندا بەلاداکەوت
شووشەی دەروون و ناوی شکا و بۆنی گەنیو ئەوناوەی

هەراسان
هەراسان
هەراسان
هەراسان

کرد
ئێمەش چەناگەمان خستە ناو دەستمانەوە

٣

بەرەو ساکاربوونەوە

خۆر سڕ بووە
ڕوومەتی ئاسۆی پێ گەرم نابێت
وەرە خەونم ناتوانم هیچت لەبارەوە بڵێم
ڕایەڵەکانی تاسە وماڵئاوایی ون دەبن و دەردەکەونەوە
تووخوای جوان وەرە خەونم
بۆ ئەوەی ساکارانە بڕوانمە زەوی
با زەوی لە دڵتوندییەکیدا هەناسەیەکی من هەڵمژێت
ئەگەر بێیتە خەونم چاوم نەختێك گەورەتر دەبێت
هەر دەبێ خانمی خامۆشی ببینم و شتێك ڕووبدات
ئەی کاتی بینین وەك برووسکە مەیە و تێمەپەڕە
دەمەوێ بە تەواوی تێت ڕابمێنم و بەو ڕامانەوە بژیم
وەرە خەونم
مانگەشەوان لە نزیك کانی و ئاوێك
پێم بە کەناری پشوودان شۆڕدەکەمەوە و تێت ڕادەمێنم
لێم ڕامێنە لەمردن زیاتر لە ژیان پێت دەژیم
وەك ئەوەی کەسێك بڕوانێتە خۆی
ئەمن هەروا لەخۆم ڕادەمێنم و خوار و ژوور ڕێگا دەبڕم
لەخۆڕامان لە بەهەشتی ڕاز پەڵەی داوە

نایەیتە خەونم
لك و باڵت لە سەرەتا و کۆتایی شیعرەکانمدا
دانا و لەگەڵ پەپوولە پایزەدا ڕۆیشتیت
تا ئاواز بۆ کێش و سەروای شیعرەکانم دانێیت
وەرە خەونم
لە دڵشکانی خەونێکدا بە ئاگادێم
بەرەو سەردێڕی تابلۆیەك دەچم
بە شێوەی دۆزینەوەی مرواری
لەسەر پشتی کەرکەدەن ژیان کورتە
بە شێوەی ئاگردزینیش لە خوداوەند درێژە
داوای لێ بووردن دەکەم
شتەکان لە ناکاودا ڕوویاندا
خوناوی سپێدەم بۆ کۆنە کرایەوە ناو شووشەی دیاری

٤

فەرموو وەرە ناو ژیانەوە

هەر دەبێت لەسەر ئەم زەوییە نازدارەدا

دێوی گوانشۆڕ	و
فیلی چاوسوور	و
مۆتەکەی کڵاوجادوو	و
هەزارپێی ڕیشاڵ لاڕەشە	لەگەڵمان بژین

کارئاسك ناچێتە سەر ئاوی تیژ
مێرووولەش لە ئاوی هێمن دەخواتەوە
فرمێسکەکانی خودا کە دەڕژێنە سەر زەوی باڵندە دەیانخواتەوە
فەرمووش لە سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر و من دەکەن
ئەی خودا ئەوەی داوای دەکەم پێم ببەخشە مردن
مردن سەر بخاتە کۆشی چیمەنی حەوشە و ناوچەوانی قوربانی
شەراب پێدەگەیەنێت
پشووی بەخشندەیی و سەروەریت درێژبێت پیاڵەی پڕ
دەستێك بە ناوچەوانم دابهێنە
با وەك ئاسۆی کراوە چاوم گەرم بێ و نزای ببیسترێت

لە توانامدایە ئاوی دەنووکی پەڕەسێلکە
بەو ئاگرە داکەم کە لە وڵات دەبارێ
چل شەو و چل ڕۆژ خۆم بە چیلکە و پووشی هێلانەی
شەهید حاجی لەقلەق بەستایەوە
مانم گرت لە خانەدانانی هەولێر
دەساڵ جارێك ئەم کارە دەکەمەوە
ناچمە سەردانی بەهەشت
ناشچمە سەردانی دۆزەخ
نازانم پێیاندا تێبپەڕم یان تێیاندا بمێنمەوە
دەچمە سەردانی چرای گڕسۆز
دەبمە بلووری ڕووناکی پارێزی و ڕازی دەوری ناوچەوانی

٥

پشووی باڵ

دەبوایە هەر ئەو کاتە بێت لە

قاز	و
قورینگ	و
مراوی	بپرسم

مەلەوانی گۆم یان ڕووبار
پشوو بە باڵتان دەدا
گوتیان دەتوانی بۆ خۆت بیربکەیتەوە
لە هەزار ساڵ چاوەڕوانی و هیچ بە هیچ نەکردندا
شتێك نەگۆڕا چاو داگیر سێنێت
قسەیەکی تازە پەردەی گوێی زەوی نەلەراندەوە
پەنجەرە بە ویستی خۆت نەیکەیتەوە کوێرە
ئاشق کە لە دەرگای مەیخانەی ئەزەلدا
فەرمووی گوێ لێ بوو
داوای ژیانێك دەکات پێشتر گۆرانی خواستی بۆ گوتووە
دەیهێنێتەوە ناو ژیان و لەمەوبەدوا لە سێبەری خۆی ڕاناکات

٦

بەدوا ڕۆیشتن

باران نمە نییە
ڕووناکییەکی خوداییە بەسەر دڵ و گیاندا دەبارێ

دە بارێ	دە بارێ	دە بارێ	دە بارێ

ئەو بەر و ماڵ و حەوشەیە
دیواری نەخشی چیای هەزار ڕێی بەسەرەوەیە
شوێنێکی دڵگرە بۆ گوێگرتن لە

ڕادیۆ	و
تەماشاکردنی زەڕنەقووتەی ناو هێلانە	و
تاسەی باڵ لێکدان	و
دانەوێڵە	

کەروێشکێك قوونە قوون بە دوای بەچکەکەیدا دەڕوات
مانگی دەست و دڵگەرم کۆسپەی ڕێگای بۆ دەڕنێت
ڕێگای کەڵەکێوییە خوێنگەرمەکان

٧

ڕاهێنانی دەنگ

نواڵە گوێی لە پەشیمانیی قابیل گرت و لەرزی و گریا
بیری لەو ڕۆژە کردەوە کە بەدبەختی پەیدابوو
پاشان منی کوشت و لە یادی نەکردم
لە یاداشتیدا چلچرام بە لکی
درەختی بەخت و خەونی دوورودرێژ و ناوبانگییەوە هەڵیواسیوم
لە ژووریشیدا پەنجەرەی گوللە نەبڕ
خودای سەد و یەك ناو نهێنیی غەریبیماڵەوەکردن چییە
چ ڕازێك دەنگمان بەرز دەکاتەوە
بەسەرنجی پڕ سەرسامی دانیشتووم
لەبەر دەمی خۆم ورد دەبمەوە
زۆر نابا دڵی مرۆڤ دەبێتەوە دڵی زەوی
خەم نا
هەمووماں بەو ڕێگایەوە
دەنگمان بە گۆرانی خۆش دەبێت
لە ژێر سێبەری گۆرانیدا پشوو دەدەین
گۆرانی دەبێتە دڵ
ئاواز ترپەی دێ و تاریکییەکان بۆ دوور دەگوازێتەوە

٨

دڵی خرۆشاوی پیاڵە

پرچ بەسەر گوێ و لاڕوومەتی نواڵە
وەك باڵی قەتێ هاتووەتە خوارێ
شەرم لە نەرمی و گەرمیی گوێ و لاڕوومەت دەکات
پرچ بە دەنووکی پەڕەسێلکەی لەسەر ئاوی شیرین هاتوو
داوای خۆی خستە ناو دەستم
شەرمم بۆ کەس مەگێڕەوە
نەرم و گەرمیی گوێ و لاڕوومەت و شەرمم
لەبیرچوو لە دڵی خرۆشاوەی پیاڵەی پڕ بیگوازمەوە
بەر ئاگری بەسەرنەچووی سۆز
چی بوو لەبیرم چوو
دەچمە شینایی ئاسمان
هەردوو دەستم نزای لەسەر سەوز دەبێت
خۆمم بە بیر هاتەوە
بەر پەنجەرە نواڵەی لێ بوو

٩

ڕێگای جادوویی

ئەو هات
من چووم
من شیعر بووم
ئەو ناوکی ڕووناکی
ئەو سێ بەشی ڕێگا هاتبوو
پەرداخێك شیری گوێزی هیندی بەدەستەوە بوو
من بەشێك
لە ڕێگادا فرمێسکی شکۆ کەوتە خوارێ
دەتوانین بڵێین دیدارێکی تایبەت بوو
ئای ڕێگا ڕوخساری ئاشنات
چەند سوور و سپی و خوداییە
من گەڕامەوە ماڵ
هەزار هێڵ لە ناولەپمدا بوون بەناوکی ڕووناکی
ئەو لەناو خەرمانەی ڕووناکیدا کارا بوو
کلیلی بۆ هەزار قفڵ برد
لە شیعردا گشت زەوی دەسووڕێتەوە
ڕوخساریشی بەتەواوەتی ئارام و ڕۆشنە

١٠

ئاهەنگی ساڵی مردنی دایناسوور

فاڵگرەوەیەکی بەناو مێژوودا هاتوو
لە دیدارێکی کورتیدا ڕێنمایی کردم
لە ساڵی مردنی دایناسووری نەرمونیان
مۆم لەسەر کێلی بگریێنم و دەست بۆ فرمێسکی هەستی ببا
مار سەری بە شکۆی تاجیش گەرم ببێت
بەدی و پێوەدان لەبن تاجەکەیەوە نامەبەرن
دەڕژێنە حەوزی دەستنوێژگرتنەوە
نامە تەنیا باڵندەی خۆشخەبەر نایهێنێت
ناسینی بەهار دژی بەدی و پێوەدانە
نامەبزەیەکی بەخشندەیە
دەمانباتە خەونێکی هێمن و ئاکاری شەرمنی گوڵەوە
دەرکەونەوە ئاکاری شەرمنی گوڵ دەرکەونەوە
ئاواز لە گۆرانی نادزرێت
ئەسپ بە بۆنوبەرامەی سواران دەگەڕێنەوە
قسەیەکی نەستەقی لەبیرکراو دێتەوە بیرمان
بە دیواری ژوورێکی دڵشکاودا دەڕوانین
هەست دەکەیت هەموو شتێك دوایی هاتووە
لە کۆتاییشدا هەموو شتەکان دەبن بە دڵ

دڵ لە سینگی مانگدا بدرەوشێتەوە
سەگی گوێ گران و چاو لێڵ
تا سەر ئێسکان شەکەت و پڕ ئیرەیی
لەسەر دوو لاقی دواوەی دەڕوا و ناخی دەکەوێت
مانگیش باش فێر دەبێت
بەدەوری درەوشانەوەدا بسووڕێتەوە
ئەو قوڕەی ئادەمی لێ دروست کرا
دەست دەداتە باڵی درەوشاوە
چیا و دەریا لە دەستیدا پێکەوە دەڕۆن
باڵندە دەبنە میوانی

١١

خۆ درکاندن

ماندوو بووم بە ئاشنابوونی یەکەمین نهێنی
لەو هۆیەش نەگەیشتم مرۆڤ بۆ
دوای ماندووبوون دەستە و نزا داوای دیداری خودا دەکات
وەڵامی چارەنووسم دایەوە
ماندوویێتی هات
کڕیاری مەرگی خۆمم
مەرگ خۆی درکاند و ئاماژەی دا
لە نێوان هەنگاو و هەنگاوێکدا
شکۆی شوێنەوارت دەپارێزم
نەمزانی دەنا بڕیارم دەدا
لە نێوان هەنگاوەکانمدا بژیم
ناوکی ڕووناکی بێتە لام و خەڵاتی وەربگرم

١٢

مانەوەی وێنەیەك

بۆنی جۆگە ئاوی بن بڕکە تەماتە و باینجان و ئاروو
قوڕی خاکەناسی ئاودێر و نازی ڕەزبڕ
نازی دارە دارەی منداڵ و مۆسیقام بەراورد کرد
لە خاوێنکردنەوەی ساچمەی ڕاووشکاردا
گوللەیەکی کوێر بەراوردکاری کوشت
کارئاسك و کەروێشك خوێنیان لە زەوی شووشت
وێنەیەك مایەوە
بۆ هێندە بۆنت خۆشە وێنە
کاتێك وێنەکەمان بە سینگی دیواری مۆزەخانەوە هەڵواسی
دیوار توانای تێگەیشتنی بیری ئەو بەراوردەی نەبوو
ڕەنگی وشە دەچێتەوە سەر ڕەنگی هەست
ئەو ڕەنگەی لە باڵە پڕ هەستەکانی تیترواسك دەبێتە خەڵات
لە خودی خۆی مشتوماڵمان دەکات و زیادەکان فڕێ دەدات
کارئاسك و کەروێشکیش دەچنە سەر ئاوی هێمن
درەختی بڵند بڵند لەو ناوەدا
بەری بای دەست ڕەش دەگرن و چەپۆکی دەشکێنن

١٣

ڕەوایی سروشت

بەیانییان گۆپکەی درەختی دامێن کانی سۆمای چاوی نامرادانە
سروشت لەناو ڕەنگی کراسی دیدەنیی کیژێك چاوی کردووەتەوە
سەوزە و میوە لە کەپرێکی ناوبازاڕ دەفرۆشێت
ئەنگوستیلەی ئەفسانە لە پەنجەم گیر بووە
من هەمیشە ئارەزووی سروشت بە ڕەوا دەزانم
کەروێشك خەو چاوی بەربدا و لە لانەی بێتە دەرێ
چیا پڕ دەبێ لە گەرمایی
دەشت لە ڕاز
مانگ دەتوانێت شایەدیی فڕینی شەمشەمەکوێرەش بدات
ترسێك لە دڵمانی دا
بەڕێوە خۆمان پێ ڕاناگیرێ
سروشت دەمار لە پشتی وەرگەڕا

١٤

گەرمبوونەوەی یادەوەری

کەشوهەوا سارد بووە و باوبۆران تووڕە و توند
ئاوی حەوزی مەلەکردنی حەوشە و ماڵ تەزوو پەیدا دەکات
گەمارۆی هەموو جێگاکانمان شکاند
تەنیا گەمارۆی جێگاپێی شەهیدەکانمان ما
جێگاپێی شەهید هێمنییەکی پڕ بە دڵ دەنوێنێ
لە ڕوخساری ئەو کاتەی مانگ دەکات
کە لە گلێنە شەپۆل دەدا
ئەوە چییە لە گلێنەدا پەرە دەگرێ
ڕابردوو هاوڕێی جێماوی ئێمەیە
شەهید هاوڕێی جێماوی ئێمەیە
لە یادەوەریی گیانبازیدا گەشە دەکەین

بارانیش سەرما دەشکێنێ و ڕك و کینەی باوبۆران خاو دەکاتەوە
هێمای جێگا پێکان کاڵ نین
لە ساتی بەهرە و سرووشدا

دەیانبینم	و
دەیانناسم	و
دەیاننووسم	

ڕووناکییەکی خودایین چەتر بۆ دڵ و گیان هەڵدەدەن
دیوارێکی دووڕێز بەدەوری جێگا پێکان بەرز دەکەمەوە
بەردەوامیش بیری لێ دەکەمەوە
پیت و فەڕ و درەوشانەوەی لەگەڵمدایە
ناوە ناوە بای بۆنخۆشی قوڕی ئادەم هەڵدەکات
پەنجەی لە ناو پرچمان دەبێتە
سێبەر و هەتاو و شەکر و شیر
سڵاوی خۆیمان بۆ دەهێنێ
سڵاوی خۆڕسکی بەهرە و سرووش

١٥

گەیشتن بە خۆت

بۆ لای ماڵی تۆ هاتم ڕێگایان لێ گرتم
چۆرتە و چەتەکان نەیانتوانی چ بکەن
دڵم ڕێگای خۆی هەبوو
سوپاس بۆ ئەو دڵەی خۆم
هەزار ڕێگای هەیە بۆ گەیشتن بە ناوکی ڕووناکی
نایەڵێ دڵشکاو بم
بەو جۆرەی کە هەی دەتناسم
ناشکرێ ئاشنای کەسی تر بم
ناشبمە برادەری کەسێك کە بمرێ
دنیا ناوچەوانی لێڵە
لەناو خەرمانەی پیرۆزایەتی بەخێرهاتنت دەکەین

١٦

شیعر ئەی ناوی خۆم

باوکە شیعر
من کوڕە فڕێدراوەکەی ناو بیرم
برا بێ شکۆیەکانم چەشنی گورگی دەشتودەر
لووراندیان و سەری بیریان لەسەر داخستم
تفەنگیان پڕ گوللە
دەمیشیان دارماڵ لە دەمهەڵبەست
ئەستێرە
ئا ئا ئەستێرەی پێرووم لەبنی بیرەوە لێ هەڵهات
بای بە لوورەی ناوچەوان گرژ و ترشاو

تەوەزەل	و
زەبەلاح	و
دەم و لێو ژەنگاوی	و
مردۆخ	ه

لەوەتەی چاوی ڕەشکەوپێشکە دەکات و تارمایی دەهێنێتە پاش و پێش
لەسەر زەویی نەرمونیان هەڕەشە دەکات
تەماشای پێی دەکات جێگاپێی نییە
تەماشای دەستی دەکات ستوونی چەترێکی ڕانەگرتووە
تەماشای دەمی دەکات پەندێکی باش بەکارنەهێناوە
تەماشای ناوچەوانی دەکات
قومرییەك پووشی لەسەر دانەناوە
ئاخێکی دوورودرێژی هەڵکێشا و خۆی پێچایەوە و هەڵات
بەو نیازەی خۆی دابڕێژێتەوە
دیارە با شکۆمەند نییە
لەسەر لێواری شۆستە دانیشتووم
سەیری کەژاوەی تەرمێك دەکەم
تەرمێك
ئا ئا تەرمێك
بەناو ئاپۆرەی شار تێدەپەڕێ

بەڵام هەر بە گۆڕستان ناگات
پاشان قەلەڕەشێکی بەباداری ئیفلیجبوو
بەرەو دەم ئاوێکی وەستاوی گەنیو
بە گریانەوە باڵە شەکێیەتی
نەکادوابکەوێت
پاش ئەوەی شاعیرە پاشخاپەرەك و دووپشکە خوودارەکان
گۆشتی شیعرەکانیان خواردم
سەمەندەر
ئا ئا سەمەندەر
لە دەمارەکانی هەستمەوە بڵندبووەوە
ڕووناکی بۆ هەردوو چاوم هێنا و پەنجەرە و ژوورمی لەخەو هەستاند
ئەی شیعر ئەی ناوی خۆم
پەروەردەت کردم چۆن ببمە کوڕە گەورەی بنەماڵەت
بۆ خوانی

ئاو
ئاگر
با
خۆڵ

داوەت کراوم
گۆرانیم گوت و بەناخی خۆم گەیشتم
بە ناخی خۆم بگەم بە

تەورات
ئینجیل
قورئان

دەگەم

١٧

ئاوێنەی دەستی گورگ

لە بیرکردنەوەیەکی پاکیزەیی و ئەفسانەییدا
باڵی مەلەی دەهاوێشت و دڵی دابووە خودا
سۆتەکی جغارەی دەکەوتە ناو فنجانی قاوەی
لە میهرەبانییەك گۆرانییەکی زێڕینی چاخە کۆنەکان
دەستی لەسەر شانی دانا و بەردەمی خۆی بینی
بای سەرپەڵە پەڕەی کتێبی ڕووداوەکانی هەڵدایەوە
یەکەم سەر ناوی
ئەو زەوییەی ئێستا لەسەری دانیشتووی
دڵنیانیت خۆت لە تای کام تەرازووی دابنێیت
بۆت دەدرکێنێت
چی ڕوویداوە و چەند دیکتاتۆر داگیری کردووە
کێش کوژراوە و کەی ناوی لێندراوە و کێ بوو
بوو بە سەربازی ون و کێش مەزارگای مرادان
مێژوو لەناو خوێنمان قاقا پێدەکەنێ و دەنگی خۆش نییە
قەل کە پیلان بۆ تەمەنی پەپوولە ڕێکدەخات

کوندەبۆ	و
چەقەڵ	و
واشە	و
بزنمشك	و
دووکلکە	ی ڕاهێناون

کۆرس و تیپی مۆسیقا و دەستەی هەڵپەڕکێی باڵا بەرزانیبن
لێرە گورگی خاوەندار لە کەمین دانیشتووە و ئاوێنەی پێیە
ئێمەش لێوەی تەماشای ژیان دەکەین
دڵی بەهارمان نەناسی
ئەو دەستە بەهێزانەت ماچ دەکەم ئەی بەهار
کە بۆنی گیای دەرمان و زیندووبوونەوەی لێ دێت

١٨

مانەوە لەناو ڕووناکیدا

گەرمای سووتێنەر
سەرمای ئێسکتەزێن
مانگم لەناو کڵاوی بەڕوو ڕاو کرد
وێنەی شاری خواستەکانیشم لە پێش خۆم بڵاوکردەوە
چاوی پاراوم لەسەر ڕوخساری پەری شاراوەی بەهەشت ڕاگرت
بایەکی تیژ هەڵی گرت و فڕاندییە ناو تەپوتۆز
تیشکی خۆرەتاوێکی نەرم
لە سییەکانم دەرهات
دانیشتن لەژێر درەختی نزیك کانی و ئاو
نەوای بەختیاری خوداییە
تیشکی سیمای کەسوکارمی لێ دەردەکەوێت
لە کێوی دڵم دەدا

لەناو ڕووناکیی شۆڕشگێڕ دەمێنمەوە
حەزناکەم لە شوێنێکی دوورەدەست و ژیانێکی تردا بژیم
سەرم لەسەر کتێبی ڕووداوەکان هەڵگرت
تیشکی چەتری ژوورم درەوشاندەوە
دەرگای ماڵ

پێ	و
دەست	و
دڵ	و
چاو	ن

لەگەڵم دێن و دەڕۆن
خۆمم دەدەنەوە دەست و خورپەم پێ دەبەخشنەوە
بە هەستی گەڕانەوەی ماڵ سەیری شارم کرد
ماڵێك ڕووناك بە ڕەنگی ژیان
ژیان گەرمایی ئەو هەنگاوەیە
بەرەو لای تۆ هەڵیدەهێنم ئەی ناوکی ڕووناکی
یان کۆچی سووری یاران

ئەی خودای سەد و یەك ناو من بە زمانی

تەورات
ئینجیل
قورئان

دەدوێم
دەمم پڕ قسەیە و هاتووم تیشکی دەروونت سەرپێم بخات
هەڵەبووم
تۆ خۆم بوویت
تیشك لەناو سروشت و سرووشدا ساکارە
درەختی ئادەم و حەوا
لەناو کتێبی حەزدەکەم ئەوندە بژیم
چ دڵناسکانە لە کۆچی سووری یاران کەوتە گریان

١٩

نیازی بەراورد

لە شەودا نواڵە هاتە لام
پرسیم بۆ ئێستا
سەری شکۆمەندی ڕاوەشاند و بە لەرەی لێو و نەختێك نازەوە
ئەی بۆ ئێستا نا
ئەگەر بە ڕۆژ بهاتبوایت
بەراوردم دەکردی بە شکۆی بەهرە و سرووشی خۆر
تەماشایەکی سەرپەنجەکانی کرد
پەنجە گەورەی بەسەری پەنجەکانی داهێنا
سۆزی زایەڵەیەك بەرەو خەمگینی و تاریکییەکانی دڵ کێشای
جێگاپێی لە ناوچەوانم ڕۆچوون
نووسیم ئەو ڕستەیە لێکبدەوە

یادگاریت دەپارێزم و بەردەوامم لە خۆشەویستیت
لۆکەی ناو قامیشی نەیی قاوەیی سووتا
سووتاو ئاوا دوا
ئاڵاکەم بەرز دەکەمەوە و شێتانە خۆم هەڵدەدەمە دەریاوە
دوا قسەم لەگەڵ توندوتیژیی شەپۆل دەکەم
هەوڵ دەدەم هیچ ڕوونەدات
کۆتایی وا لەتەکمدایە و گۆزەی مەی لەسەر پەنجەرە دەسووتێت

٢٠

درەختی بنەماڵە

دیوان و ماڵم سەرڕێژن
لە تیشکی خودا و پیاڵەی پڕی بەزەیی
دەستی ڕەشی دەسیسە ناتوانێت بیانشارێتەوە
بەیانییەك بە ئومێدی
مەحاڵ دەستەمۆکردن لە خەو هەڵدەستم
دەچمە ناو پەڕی گڤبووەوەی کەڵەباب لە کاتی بانگدان
بیر لە تۆ دەکەمەوە ئەی کەسوکار و درەختی بنەماڵەم شیعر
دەمەوێ لەناو ڕەگ و چڵ و باڵتدا بمرم

لەناو ڕەگ و چڵ و باڵی ئەو مردنەدا

خەڵك	و
ئازادی	و
ناسینی بەهار	و
سێبەر و هەتاو	هەن

بەو چەشنە کوڕێك هەبوو
دەربەندی گۆم و هەولێری خۆش ویست و خودا
بۆ خۆی بردییەوە
بۆ ئەوەی لە ژێر پێستی دڵی خۆیدا بیژیێنێت
ئەی کەسوکار و درەختی بنەماڵەم کە تۆ دێیت
زیاد لە پێویست ئاگام لەخۆمە و باران لە ڕێژنەوە دەبێتە نمە
هەستیار و تایبەت دەبیت و لەسەر ڕووناکیدا دەنوی
شتێکی تر نامێنێ سەرم بسووڕمێنێت
مۆم ئاوی ڕووی خۆی دەڕێژێتە ژێر پێی خۆی
ئاوی ڕوو ئاشتییەکە
هیچ شەڕ و پەلامارداني بەهار و دوودڵییەکی تێدا نییە

٢١

قەراغی دەف

خودا لە بۆشایی نێوان ئەستێرە و مانگدا منی دۆزییەوە
دەستی گرتم و هێنامیە خوارەوە
لە سێبەری درەختی پیرۆزدا نیشتەجێی کردم
باڵندە هۆگرم بوون و بەرزیان کردمەوە بۆ ئاسمان
دووبارە خودا پێشکێشی زەوی کردمەوە
من لە شەوی تاریك و نووتەکدا
بە چرای دزانەوە نەهاتوومەتە ناو ژیان
لە ڕۆژی نیوەڕۆدا تاسە ڕسکاندمی
ڕیخۆڵەی ناوکم بوو بە چەرمی ورد دووراوی قەراغ دەف
گردەنشینێکی دڵنەرم لەسەر ئاوازی کاتژمێرەکەی کۆك دەکات
بۆ ئەوەی بچێتە گەشت و خواردنگای خاوێن

دەتوانن بە ڕوونی لە ڕێگاوبانان بمبینن خوێنم دەجۆشێ
لە گەورەمەندیی باڵ لێکدانی کەڵەبابدا
سییەکانم پڕ دەبن لە هەوای تاسەی ڕسکان
کونی شمشاڵ لەرەی دڵی دەناسێ
ئەوەی لە ڕۆژی نیوەڕۆدا تاسە بیرڕسکێنێت
جگە لەوەی جۆگەکان بخاتەوە سەریەك
بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە
چاوی هەقیقەت ترووسکاییەکی گەرمە
ئاگری بێ ئامان نییە
تاریکی نامێنێتەوە
کاتێکی باشە بۆ ئەوەی
فوو لە ناولەپم بکەم و بگەڕێمەوە ناو تاسەی ڕسکانی خۆم

٢٢

ئاورشێنی دەموچاو

له نێوان دڵ و زماندا
ڕووەك بۆنوبەرامە وەردەگرێت
ڕووەکی خەولێکەوتووی مۆزەخانەش
یاد لە جۆگەی گەرم و نەرمی خەیاڵ دەموچاوی ئاوڕشێن دەکات
هەڵۆش هێزی لەنگەرگرتنی لێ وەردەگرێت
وا مردن هات چ دەگەشێتەوە
چ لە نێوان دڵ و زمان هاتوچۆ دەکات
ئەی چی وڕێنە دەکات و دەتاسێ
دڵ و زمانم بەداری ئالآ هەڵواسراون
شەهید ماوە و یارمەتی لە ناوکی ڕووناکی وەردەگرێت
ڕەنگاوڕەنگی کردن

دێوی تێکبەر نامەکەی هەڵپچڕی و پڕ بە پێ پێدزەی کرد
کرم لە گیانم نادا
خانووم دڵۆپە ناکا
مانگم تریفە دەدا
هەڵۆ لە لەنگەرگرتن وەنەوز نادا
تەونی جاڵجاڵۆکەش کێشی گرانی پێوە هەڵناواسرێت

٢٣

سندووقی تەرم

لە دەم ڕووبارێك دانیشتم
نیگەرانیی شیعرێکم لێکدەدایەوە
لە پێش دڵم ئاوەکە دەهاتە پێشەوە و دەگەڕایەوە
تەواو وەك دڕندەیەك لە بۆسەدا بێ
بیەوێت نێچیرێك ژێر چەپۆك خات
بڕوام بە چاوی خۆم کرد و خوێنم جۆشا
دەنگی ئاوەکە دەنگی دڵەڕاوکێیەکی ترسناکی

لە شێوەی شەوقی هەورە برووسکە دەهێنا
بە قووڵایی هەزار چاو لە ئومێدی شیعر دەژیام
خۆر بە تیشکێکی توند لە باوەشی گرتم و سەرپێی خستمەوە
بەدەست و هێزی دایکێك دەستی بە دەموچاومدا هێنا
دەموچاوم تەواو هاتەوە سەرخۆ
سندووقی تەرم هەر یەك مردووی پێ دەبردرێتە گۆڕستان

٢٤

خۆشبوونەوەی ئاگری دڵ

شەوە لە

دەرزی	و
خەنجەر	و
قورئان	ی

پشت سەری مەلۆتکە ساتمەی کرد و لەپەوڕوو کەوت
پاشان لە ڕاڕەویێکی داخراودا هەراسان مایەوە
لە مەلۆتکەی پرسی ئێستا چ بکەم
بڕوانە ئاگر و لەگەڵ ئاگردا
بسووتێ و ئاهەنگ بگێڕە و نوقمی شکۆی ئاهەنگ بە
پاشان بڕۆ بە تەنیا بمرە و وەرەوە
لە دڵدا ئاگرمان هەیە
هەر کەسێك داوا بکات ئاگر لە دڵی خۆیدا دەدۆزێتەوە
سوپاس بۆ دۆزینەوەی ئاگری دڵ
گەوهەری درۆزنان و دەستنویێژی بەتاڵ نییە
هەموو شتێك دەگەیەنێت و بەوپەڕی خۆی دەگات

لەسەر سینەی ئاوی خدر دەخۆمەوە

دەرزی	و
خەنجەر	و
قورئان	

لە ئێوەوە پەنا بۆ ئێوە دەبەم
شەوە برای قەقنەس نییە
قەقنەس ئاگری ناسی و ئازاری نەدا
شەوەش پێی لە برژانگ ڕۆچووە
تەماشای پردی شکاو دەکات
باڵندە خۆی بە هەر چوار لای قەفەس دادەدا
قەفەسیش دە هەزار تەلیسمی ئاگرینی تێدایە
کەسیش نەیپرسی ئەو تەلیسمانە چییان تێدایە
کێش لە دیداری ناوکی ڕووناکی دەمێنێتەوە
ئەی گیانی ئاگر و قەفەس

چاوم لێڵ بووە و ئێستا وادەی دوای جوانەمەرگیمە
لە پێشوازیتدا دەست بە زەمبیلەی پڕم و میوە دەبەخشمەوە
بە مەبەستی دڵ دەگەم و دەپرسم دڵی من کێیە
دڵ بەردەوام لە ئاسمان خول دەخوا و ڕێنمایی هەڵۆ دەکات
هەڵۆ دەبێتە دڵ

٢٥

بۆنوبەرامەی کەڵژیان

مەرگ سەر لە سەرم هەڵگرە
چاوی پاراوم لەسەر مانگی چواردەیە
کۆمەڵێك ئەستێرەم لە دەوروپشتی داناوە
باسی ڕووناکی بۆ نواڵە دەکەن
کاتێك ڕووناکی دەکەوێتە سەر مێزی ناو باخچە
وەك دەستێك لەژێر چەناگە
دەموچاو جوان و ئاسوودە پێشان دەدات
بەڵێنم بە ڕووناکی داوە
دەزووی تاسە لە بارستی دڵ هەڵبکەمەوە
ناشزانم بەڵێنی چی لە ڕووناکی وەربگرم
لە کاتێکدا لە دڵم دەڕوانێت و دڵمی پڕ بۆنوبەرامەی
کەڵژیان کردووە
مەرگ ماڵم لە نێوان کتێبی ئاسوودەیی و کتێبی دڵ
لەسەر ڕێیە
لە ناوێکی تازە بۆ کەڵژیاو دەپرسم
کەڵژیان دەبێتە دڵ

٢٦

گەرمایی ناوچەوان

لەرزی دیدار لەسەری پەنجەی پێمەوە دەبێتە ڕووداو
بە تەواوی دەمار و خوێنمدا
مێروولە و هەڵبەز و دابەز دەکات
لە چاومدا دەبێتە ئاگری بێ ئامان و هەواڵی مەرگ
لە ڕووناکی دیداردا چاوم سووتا
لەمەوبەدوا هیچ مووچڕکێك بەچاومدا تێنا پەڕێت
دیمەنی ناشیرینیش سەرودڵم ناگرێت
تەنیا دەست لە چورچ و لۆچیی ناوچەوانم دەخشێنم
کە بەدڵی دیدار بەڕێگادا بڕۆم
درەختەکانی ئەم دەست و ئەو دەستم چاوڕوونمن
لەگەڵمدا دەڕۆن و ڕوانینەکانم ناشێوێنن
نەبینین باڵندە لە ئاسمان وڕ و کاس و تاساو دەکات
ئای چاوم چەند ئارەزووی فرمێسکی شکۆی هەیە
چ شینایی ئاسمانی لەناوبرد

لە ڕووناکیی دیداردا داڵ دای لە دەمار و خوێنم
کلۆش بۆ گەنمی ڕژاوی گیانم باری
ناسینی بەهار لە دڵی نواڵەدا بوو
ویستم بیناسم نەمناسی
لەمەوبەدوا لە سێبەری خۆم وچان و پشوو دەدەم
بۆ دیدار و خەونبینینیش دەچمە ناو ڕووناکییەکی شەرمن

٢٧

یاقووتی ئەنگوستیله

لە خانوو و ماڵی سەر ئەم بەرزاییيە
گوڵێکی ناو باخچەیم لێکردەوە
کە هێشتان خوناوی شەوی لەسەر مابوو
ئەڵقەیەکم خستەناوی
بۆ تۆم لەسەر لێوی پەنجەرەی ماڵتان دانا
لە چاوێکی چاوەڕواندا چ باسە
هەموو ڕۆژێك لە پەنجەرەڕا
ژیان بۆ ڕامانی پاك و سرووشی خودایی ئامادە دەکەم
قومرییەك لەشێوەی دڵبەر چاوی پەنجەرە دەکاتەوە
چاوی پەنجەرە بەهۆی داخستنەوە سەیر دەزرینگێتەوە
بەو تەمەنەشەوە بڕوام بە ئەڵقەی ناو گوڵەکە ماوە
گوتم دەچمە بەر پەنجەرەیەکی تر
شەکراوی لەبەر بگێڕدرێت
پەنجەرەیەکی لەم پەنجەرە ڕوونتر بێهوودەیە

یاقووتی ئەنگوستیلەم
وێنەی ڕووناکییەك پێوەی هەڵواسراوە
دەستم بە شکۆی ڕووناکییەکەوە گرتووە
ئەمە هەمووی ماوەیەکی زۆر نییە ڕووی داوە
خۆشترین کاتی تەمەنە
دووبارە دەست بۆ گوڵی ئەڵقە لەناو ببەمەوە
چاوەکانم نووقاند نواڵەم بینی لە نزیکم دەژی
چاوی پەیامێك لەسەر پێستی زەوی نیشت
وزەی بەخشییە گژ و گیا و بۆنی گژ و گیای
مزر و شیرین بڵاو بووەتەوە
دەنگی گیانلەبەر و هەموو شتەکانم بە گۆرانی دێتە گوێ
گوڵێك بە یەخەی شەقامی بن قەڵا پڕشنگ دەدا

٢٨

باڵندەی یەکەم و دووەم و سێیەم

بەڕێگادا مامەوە
قومرییەکی دڵڕووت قاچەکانی لەسەر شانم گیر کرد و چاوڕوونمە

باڵێکی بردمیە ماڵی	خودا
باڵەکەی تری ماڵی	نواڵە

ماڵی خودا درەختێکی بەرزی تێدا بوو
سێ باڵندەی بەسەرەوە بوو

باڵندەی یەکەم	گەنجیم
باڵندەی دووەم	جوامێریم
باڵندەی سێیەم	پیریم

ماڵی نواڵە حەوزی ئاوێکی پاکی تێدا بوو
سێ باڵندە لە هێمنیی ئاوەکەیان دەخواردەوە

باڵندەی یەکەم	گەنجیم
باڵندەی دووەم	جوامێریم
باڵندەی سێیەم	پیریم

بۆ ئەوەی بەڕێگاوە بمێنمەوە
دەست بە شکۆی باڵی باڵندەکانەوە دەگرم
ئاسمان بە چاوی چاك بینینەوە
سەیر دەکات و خواست بەجێ دەهێنێت
باڵندەکان بەسەر لکی درەخت و دەمی حەوزەکەوە
ئارام دەنووکیان دەجووڵێنن
تاسەی بینین چاویان
دەدرەوشێتەوە و دەبنە چاوڕوونیی ئەوانەی بەڕێگادا ماونەتەوە

٢٩

بەتاڵبوونەوەی داوا

کار ئاسکێك بەرەو پاوانی من دێ و بۆنی شکۆ لە شاخەکانی بەرز دەبێتەوە
کار ئاسکێك بەرەو پاوانی من دێ و بۆنی شکۆ لە شاخەکانی بەرز دەبێتەوە
کار ئاسکێك بەرەو پاوانی من دێ و بۆنی شکۆ لە شاخەکانی بەرز دەبێتەوە
کار ئاسکێك بەرەو پاوانی من دێ و بۆنی شکۆ لە شاخەکانی بەرز دەبێتەوە

تەمەنی بەفری سەر لووتکە بە پیتە و دەڕژێتە باخی ناوبانگەوە
تەمەنی بەفری سەر لووتکە بە پیتە و دەڕژێتە باخی ناوبانگەوە
تەمەنی بەفری سەر لووتکە بە پیتە و دەڕژێتە باخی ناوبانگەوە
تەمەنی بەفری سەر لووتکە بە پیتە و دەڕژێتە باخی ناوبانگەوە

پەپوولە بە تاسەوە ڕاوی بۆنی پاککردنی لیمۆ دەکات
پەپوولە بە تاسەوە ڕاوی بۆنی پاککردنی لیمۆ دەکات
پەپوولە بە تاسەوە ڕاوی بۆنی پاککردنی لیمۆ دەکات
پەپوولە بە تاسەوە ڕاوی بۆنی پاککردنی لیمۆ دەکات

ڕۆژ لەسەر ڕێگاکان دەردەکەوێت و دەبێتە خەیاڵێکی ئەفسانەیی
ڕۆژ لەسەر ڕێگاکان دەردەکەوێت و دەبێتە خەیاڵێکی ئەفسانەیی
ڕۆژ لەسەر ڕێگاکان دەردەکەوێت و دەبێتە خەیاڵێکی ئەفسانەیی
ڕۆژ لەسەر ڕێگاکان دەردەکەوێت و دەبێتە خەیاڵێکی ئەفسانەیی

ئەی ساڵ
ساڵی تازە
ئەمن هیچم لەتۆ ناوێت

کار ئاسك تاریك بوو وەك هێلانەی هێلکە شکاو
تەمەنی بەفر تاریك بوو وەك هێلانەی هێلکە شکاو
تاسەی پەپوولە تاریك بوو وەك هێلانەی هێلکە شکاو
ڕۆژی سەر ڕێگا تاریك بوو وەك هێلانەی هێلکە شکاو

وەرە خەونم ناتوانم هیچت لەبارەوە بڵێم

٣٠

هەواڵپرسین

خودا لە بیرهاتنەوەکەیدا
لە دانیشتووانی قەڵای هەولێری پرسی
مانگ بەچاوی گەرمەوە
ڕووی بەرەو شار سووڕاند و تەماشایەکی کردن
نەخێر لێرە نین
حەزیان لەو مردنەیە
جلوبەرگیان لەسەر ڕستە خۆر بیسووتێنێت
قەڵا ئاگری تێ بەربوو
ساردیش بووەوە
هیوادارم لە هەواڵپرسین بەردەوام بێت
هەوڵم دا بتوانم مانگی ناو گۆزەی مەیی ئەشق بدزم
چەندم کرد نەمتوانی

خودای سەد و یەك ناو وابکە شکۆی ئەو دزییەم بەربکەوێت
خوداوەند ناتوانێت بنووسێت خودا
خودا دەتواتنێت بنووسێت خوداوەند
نووسین ڕوخسار دەگەشێنێتەوە
یاری دڵ یارمەتیم بدە بتوانم بنووسم دڵی خۆم
لەگەڵ دڵی خۆم ڕاوێژ بکەم و ڕازبدر کێنم

٣١

لە گەڵێك شوێندا

ئێوارە دڵی خۆی گوشی
لە تەختایی شاخێك دانیشتم و پشووم دا
پێشتر ناوچەوانی مێژووی وڵات بوو
بادییەك شیری مەڕە زەردەم دانابوو
شەیدای ڕاز پێکەکەی ڕژا
هی منی ڕفاند
نواڵە بۆ دەست ناخەیتە سەر دڵت و هەڵناستییەوە سەر پێ
شیری مەڕە زەردەیان دزیم
ڕۆژێك دەمەوبەیان هەموو دنیا شیری مەڕە زەردەم دەدەنەوە
لە دەمەوبەیانی هەمان ڕۆژ نواڵە لە تیشکی ڕاز دادەبەزێت
بە دڵخۆشییەوە سەر دەکێشێتە
ماڵی شاعیرێکی لە شەڕی گورگ شکاو

لاشەیەك دەدۆزێتەوە
ئەم لاشەیە لە کێ جێماوە
کێ دەیشوات
کێش دەینێژێت
لە گەلێك شوێندا
درەختی لك و باڵ بەردار لەرییەوە

٣٢

ونبوون و دەرکەوتنەوە

مێروولە دەنك دەنك گەنم کۆدەکاتەوە
دەیکات بەقۆمەتێك
لە پەنایدا شەڕە تفەنگ دەکات
ئەریٚ مێروولە ئێشك لە چی دەگرێت
یان نیشانەگرتن لە نیشانەی بەتاڵ چۆنە
خوداوەندان کەمێك چاوەڕوانبن
ئومێدی خۆمان لەسەر نیشانەی بەتاڵ تۆماردەکەین
وانەی دێوجامەمان تەواوکرد
بەهاری و چاوسووربوون دێینە سەرشەقام
جێگاپێی دیکتاتۆر
زامی لاڕەشەیە بە ناوچەوانی زەوییەوە
زەوی لە هیچ ڕێکەوت و ڕووبەڕووبوونەوەیەکیدا

نەترساوە لە مردن
ئەرێ زەوی بە نەرمی لێوت بجووڵێنە و شتێك بڵێ
کوڕەکانی من
لە ناو لەپم ون دەبن و لە ئاسمان دەردەکەونەوە
کەسیش لە پشت تەونی جاڵجاڵۆکەوە سەیریان ناکات
ئەمڕۆ ئەکتەرە کۆسەکە هەرچی پێشکێش کرد
لێوی کەس شادی نەهاتێ
بڕۆی کەسیش جووت نەبوو
چورچ و لۆچی دەوروبەری چاوی
حەکایەتخوانی شار گەمارۆی نەشکا
کوڕەکانی زەوی گوتیان چاوەڕوانبن دەگەڕێینەوە
بەردەوام دەبین لە دووبارەکردنەوەی ئەم هاتن و چوونە
یاری لەگەڵ چۆلەکەی ئاسمان دەکەین

دەست دەخەنە سەر دڵیان و دەکەون
چۆلەکەیەك بەسەریاندا تێدەپەڕێت
لەو تەرمانە ورد دەبێتەوە
چرایان هێنا
پەپوولەش
کێ بکوژی پەپوولەیە

٣٣

ناسینی هێز

هەندێك ترپەی پێ کەس بۆی ناکرێ گوێی لێ بگرێت
هەندێکیان سووك
هەندێکیشیان گران
ڕوخساری پڕ هێمای تارمایی دێتە پێش
لە باخچەی ئاژەڵاندا کەرکەدەنێك
لەناو تەونی جاڵجاڵۆکەیەکدا ژیانی بۆ دابین کراوە
گۆڕی پیاوێکی ڕێزداریش
پەرژینی نییە
دەزانم نابێت لەمەوبەدوا بیر لە هێز بکەمەوە
سیمرخی ئەفسووناوی داوای ئامۆژگاریمان لێ دەکات
لە شوێنەواری یادگاری هێلکەی پیرۆزی دەترووکێ یان نا
نواڵە لە خەیاڵدا بیندرا

کەس ناتوانێت دووبارە بیبینێتەوە
ئەفسانە لە هەنگاوی یاران ڕووبەری دەبێتە ڕووناکی
من دەزانم بەدەوری ئەستێرەیەکی چاوناس
وەستاوم و ئەویشم لە بیر نەکردووە
دەمەوێ ئەستێرە بم
مەبەستم بەخشینی ڕووناکی و دڵدانەوە و لاوانەوەی پەپوولەیە

٣٤

کەژاوەی گورگی ئاشتیخواز

لە باخچەی ئاژەڵانی گڵکەندا
گورگێکی ئاشتیخواز هەبوو
ئاگری سەرپشتی گای دەکوژاندەوە
هەوڵمان دا جێگاپێی
بناسین و هێلکە قەتێی تێدا کۆبکەینەوە
کەژاوە ڕەت بوو
لە چاوەڕوانیدا قەتێیەکان دەچنەوە سینگی دەشتایی
لە کاتی ئەو چاوەڕوانییەدا لە دایك دەبین
ڕۆژ کە هەڵدێ چاوی لە ڕۆژی پێشترێی
ڕوونتر ڕازی گیانی گیانان پێشان دەدات
لە بیر و مێشکی خۆمدا
گوێم دایە گۆرانییەکی ساکار
ترپە و ئاوازەکەی لە قەرەباڵغی جەژنی لەدایکبوون وەرگیرابوو

٣٥

ئەفسانەی خۆت

هەور لە زەوییەوە بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان
بۆیە بە تاو دادەبارێتەوە
خەم بۆ ئەو شتانە دەخوات لێی بەجێ ماون
تەنیا جارێك بەرز دەبێتەوە
زۆرتر لە جارێکیش خەم دەخوات
بەرزبووەوە دەوروبەری ئێواران لەسەر پردی نەمری
چاوی بە کانگای جوانی گەرم دەکات

کانگای جوانی ڕایەڵی هەزار توێی ئەو شەرابەیە
پێی دەڵێین

جەژنی کۆچی باڵندە کۆچەرییەکان	و
نان بە دەمی برسییەوە کردن	و
زەین نەشڵەقان	و
ئاوازی پێی ئاشنا	

پاشتر دەتاسێ و بۆ ماوەیەکی زۆر وڕ و داماو دەمێنێتەوە
پاشان زەردەخەنەیەك بۆ خوداوەند و فریشتە دەکات
بە نابەدڵییەوە دەڵێت وام لێرە
تەماشای منی زیندوو بکەن لەناو خۆتاندا
کۆسپ و تەگەرەی خەمخواردنیش لە جەنگەڵ زۆرترن
شێی جەنگەڵ هەناسە تەنگ دەکات
چاویش کول
چاوکردنەوە و داخستنی بۆ چییە ئا ئەمەیە ژیان
بابەڵێنەکانی پێی دابووی هەڵیدەوەشێنێتەوە
داغانت دەکات و دەڕوات

کات لە بەرزبوونەوە یان خەمخواردن کامیان بەشی تۆیە
ئەی وێڵ بەهەموو باڵەکانت
هەرچۆنێك بێت دەبێ هەست بە هەموو شتێك بکەیت
شتێکیش بدۆزیتەوە
ئەفسانەی خۆت
جەستەت لەناو کولێرەی گەرم و ڕۆحت لە گوڵی لێبووردندا
ژیانی خۆیان دەژین
ڕابردوو ناگەڕێنەوە
هەڵپەی ئایندەشیان نییە

ئومێدیان بە خەونە

مووررووی زەردوویی	و
دەنووکی پەپوولەسلێمانە	و
گوێی کەروێشك	و
دەرزی شەوەگری ئەفسوون	یان بێنێتە ڕێ

شتێك داوادەکەن کۆیان بکاتەوە و بفڕێت
ئێمە لەسەر پردی نەمری لە پێشوازیتانین
کوا ئاسمانی خودادا و خۆشەویستان
من لە ڕەگی گەشانەوە ئاسمانم ناسیوە
ببینن چۆن بۆنخۆشانە دوور دەکەومەوە
ئارەقەی باڵ لە ماندووبووندا
بۆنی کولێرە و گوڵی لێبووردنە
ئایا بۆنیان دەناسین
ئەوە درەختی بۆنناسینە
لە بەرماڵی خودادا و خۆشەویستان
تا نزیك ئەستێرەی باڵدار بەرز بووەتەوە

٣٦

بێ پەروایی گوڵەستێرە

مار ددانی لە کلکییەوەیە
گورگ برادەرایەتی لە کلکیدایە
ڕێوی هێزی لە کلکی کۆکردووەتەوە
سیخوڕ کەوانی لە کلکییەوە دەکێشێت
ئای گوڵەستێرەی بەخشندە دژت چەند زۆرن
کە ڕووناکیت دەڕژێتە سەر زەوی
دژەکان قەڵەمی دەست و پێیان دەشکێ و ون دەبن
ئاسۆ گەرم دادێ و باڵندە تێیدا باڵیان بە هەموو شت دەزانن
باڵندە لە فڕینیدا ناوی خۆشەویستانی
لە دەم دەڕژێ و دەبێتە گوڵەستێرە
ئێمە هەموومان پێکەوە
بێ پەروا بۆنی ئەو ڕووناکییە هەڵدەمژین کە بەخشندەیە

بەخشندە پەروایی دەبەخشێت و بێ پەروا دەچینە ناو ڕێگا
دەنگی باڵندەی تاك و جووت
بەشێوەی مۆسیقایەكی ئاسمانی بەسەر ژاوەژاو زاڵ دەبێ
بە هێمنی دێتە ژوورەوە
درەخت لە ڕەگ پەیدادەبێ
پاشانیش ڕەگ وزەی خۆر لە درەخت وەردەگرێتەوە
جارێكی تر وشەی بە جۆشی ئاوازێكی دێرین بەدی دەكرێت

٣٧

ئەستێرەی تاك و جووت

ڕووبار کە چاوی سوور دەبێت و شەپۆل دەدا
گوێ لە کەس ناگرێت
تکا و نزای پیری کێوانیشی بۆ گرینگ نییە
تەنیا چاوی بۆ خوێنی قوربانی دەکاتەوە
کە شەپۆلیشی خاو بووەوە
خوێنی قوربانی وەك پەڵەیەکی ئومێد بەکار دەهێنێت
تۆڕ و داوی لەسەر هەڵدەدا
گیانلەبەری هار لە چلەمین ڕۆژیدا
تینی بۆ بینین نامێنی
گیانلەبەرێکی هار لە ڕووبارێکی هار گیر بووە
لە قووڵایی دڵیانەوە تاساون

ناتوانن تەماشای تێپەڕینی هەستی کات بکەن
هەستی کات وەك ماڵێك کە منداڵ تێیدا
دەبدەبە هەڵداتە ئاسمان پشوو دەدا
درەختەکانی بە سروەیەك دەلەرنەوە

ئومێد هەزار باڵی هەیە
ئومێد هەزار خاڵی هەیە
ئومێد هەزار تاجی هەیە
ئومێد هەزار باجی هەیە

ئەو شەقامەی لە ئومێد قەدەغە کراوە
ڕوخساری نییە
وا دەزانم زەوی لە هار خاوێن کراوەتەوە
سییەکانی پڕ لە هەوای پاکە و بەردەوامە
هەموو شتەکان لە خوێنی خۆی دەپاڵێوێت
شەقامی بە ئومێد بە هیچ شێوەیەك
چاوانی داناخات و دڵی تەنگ نابێ
ئەستێرەی تاك و جووت لەسەر شانی ڕێبوارانی دەژمێرێت
ئەستێرە زۆر خەون دەبینن و وەفایان زۆرە
لەگەڵ شانی پاك و گەرمی ڕێبواران هەڵدەکەن

٣٨

سۆزی پاراوی خۆشگۆ

سروشتی ڕووپەری من بچووکترین پارچەم لەتۆ
حەزدەکـەم ماچـت بکەم و لە سـۆراخی دڵشـکانی مۆمە چـاو گەرمەکان بپرسیت
ئینجا داوای لێ بووردنت لێ بکەم و بڕۆم
ئاشی پڕ نمەك کە دەگەڕێ چ دەڵێت
کە بێدەنگیش بوو حەکایەتی گەنمی بەردەمی
جۆش و خرۆش دەخاتە ڕێ

تەخت مەست	و
بەخت گەرم	و
خولیا پوخت	و
تەزووی هێز	

بەرەو یاری ئەزەلی دەچن
بەرەو دیار و دیدار و هاڵاوی بەردەنوێژ
لە سۆزی پاراوی ئاشنا و ڕۆشنای خاك
بۆ ماڵئاوایی و ماڵی پاك
تیژ و گیانشاد دەکەونە ڕێ
خۆشگۆ دەمی وشك نابێت لەوێ
بەزمانی قۆزاخەی ئاوریشم دەدوێین
جانتامان دەکەینەوە و دەمێنینەوە
فەرموو ماڵی بەهەشتەوانە
حیکمەتی میوانداری چرای لە نزیکت دادەگیرسێنێت
سەر پەنجەکانت گەرم دەبن
ئاوازی هەموو گۆرانییەکت دێتە گوێ

٣٩

دووبارەکردنەوەی ویست

ژیان لەگەڵ مردن دوژمن نییە
یاقووتی ئەنگوستیلەی
پەیام لەسەر نووسراوم لە ژیان دۆزییەوە
پاشان لە مردنیش دۆزیمەوە
زانیم چیم کرد و سووری دۆزینەوە
شکۆ دەنەخشێنێ و دەبەخشێ
ژیان دەنگی هەڵێنا پێستی یەکەمی زەوی لادە چی دەبینیت
مردنیش ویستی ژیانی دووبارە کردەوە
دڵنیا بووم هیچ چاوێك
چاوی دوایین لەدایکبووش زەوی داناپۆشێ
فەرمانێك لە ناخ بەرز بووەوە

چاوت ببڕە تەماشای مەی ئەشق
هەموو بەرزی و نزمییەك لە نێوان ژیان و مردن کۆتایی دێ
ئاخێکی گەرمم هەڵکێشا و سییەکانم سووتان
چاوم بڕییە تەماشای و لە تینی گەرمایی بێبەش نیم
لەگەڵ گشت شتێك دوام

باج
خاچ
تاج
پاچ

ئاسمان و زەوی چ شیرین خەوتوون و چەند پڕ تاسە و دڵبەرن
سڵاو
ماڵئاوا
ڕسکاوی بیری خودایی وەخت بەفیڕۆ نادات

٤٠

پێشبینیی زمان

چاکەیەکی زۆری شاعیرە

مەنگۆلی	و
دڵڕەش	و
بەدگۆ	و
دەروونکلۆر	ەکانم لەسەرە

بەوەی زۆر گێچەڵیان پێکردووم
لە گێچەڵیانەوە فێربووم بە ئەدەب بیر بکەمەوە
دڵ ببینم پێی لێنەنێم
لەو پەڕی سادەییشدا بێباك بژیم
ئەوەی لە دڵمە نەیشارمەوە
ئاڵای سرووش و هەناسەی سییەکانی سروشت بم
بە بایەخەوە لە سێبەری ژێ دانیشم
تا ئاواز و مەقامەکان بناسم و بیانڵێم

ڕووناکی گۆرانی لە دڵمەوە دێتە ناو دەمم
ڕووناکی ناو دڵم دەپارێزم
ڕۆحم لە دووتوێی خوناو و هەتاودا
بچێتە سەر قوفڵی گۆزەی مەیی ئەشق و بڕسکێت
ئەرێ خوناو بۆ سەرەتا ناوکی دەبێتە هەڵم
هەتاویش بەرزی دەکاتەوە بۆ هەواری سرووش و هەناسەی سروشت
تا گوڵاوی دەستنووس پێشکێش بە گوڵی فریاکەوتن بکات
لە ئەفسوونی وشەی گلەیی و گەڕی گەردووندا هیچم نەدۆزییەوە
لە کتێبی حەزدەکەم ئەوەندە بژیم چاوم دۆزییەوە
چاوی ئاسمان و فەرمانڕەواکانی و بەهرە و سرووش
لە ناوچەوانی خۆمدا چاندم
چاو چرای سەری مرۆڤە
چاوی سەرەتای نووسین و لەسەرەتادا وشە هەبوو
ئەرێ گوڵی سوور لە چاوەڕوانی چیدا
جلی خۆی دەگۆڕێ و زەمینی ڕۆشنە
خۆی بە هەمووومان دەناسێنێت

٤١

نەوەی بەهەشت

بۆ دوایین جار ناولەپی خۆمم بۆن کرد و پشتی دەستم
لەسەر ناوچەوانم دانا
دڵم گوتی ئەم کارە بکە و ڕۆژی خەون و خولیایە
لە ڕووناکی سرووشدا بژی
لە ڕووناکی سرووشدا بمرە
لە ڕووناکی سرووشدا دەژێیتەوە
هەموو شتێك لە ژیانەوەی تۆوە دەست پێدەکاتەوە
کۆسپ و تەگەرەکانم وردوخاش کرد
لەوێ بەجێم هێشتن و دەناڵێنن
ورچانەدەبۆڵێنن
چاوڕوونی ڕێگا ئاوڕ بۆ دواوە ناداتەوە
هەمووچاوڕوونێك
چارەنووسی ئاڵای هەیە و شارێك لەسەری دێتە دەرێ

ڕووناکی ڕۆژ دەڕژێتە پێشی
ئەنگوستیلەی ئاشقان دەردەکەوێت
دڕندەی زەبەلاح و ناقۆڵا هەڵدێ و بە کەژاوەوە دەگەیت
ئەسپەکەت پشوو دەدا و ئەنگوستیلەی ئاشقان
بە ناوچەوانییەوە دەکرێت
هەواڵی سواران بە تابلۆی گەورەی شارەوە هەڵدەواسرێ
دڵ بە کوڵ دەست بە ناوچەوانی ئەسپەکەت دادەهێنێت
دەنگێك پاداشتت دەداتەوە
بەناوی نزیك لە مانگ و خۆشبەختی بانگت دەکات
برادەری شیاوی سڵاو و نەوەی بەهەشت
ڕۆشنایی دەموچاوت
دەردەکەوێت و کێڵگەی پەراسووت
پڕ شیرترین گوڵەگەنمی هەست دەگرێ
شێوەکاری شار هەستت لە ئاسمان دەنەخشێنێ
لەگەڵ دارژانی گوڵەستێرەدا دادەبەزیتە سەر زەوی
خەڵات بەدەستان مۆم لەسەر ناوچەوانت دادەگیرسێنن

٤٢

ئاشنابوونەوە بە جریوە

لاولاو بە دیوارەوە هەڵدەچێت و سەریشی داگیر دەکات
بەو داگیرکردنە ڕازییە
بیانوو ناهێنێتەوە
سەری بۆ ڕادەخات
مەرگی دوا دەکەوێ
ڕوخساری پڕ دەبێت لە ئارەزوو
ڕووناکی بۆنوبەرامە ناوچەوانی دەلاوێنێتەوە

چاو	و
دەم	و
سینگ	و
دەست	ت بکەرەوە ئەی چرۆ

بۆ یەکەمین پیرۆزبایی لە دڵگەرمبوونی دەشتودەر
بەهار ڕووبەرێکی پانوپۆڕی پێویستە
لە یەکەمین خوناوکەوتن
باڵندەی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەون و ڕاز و نیاز دەکەن
سۆزی پاراویان دەردەبڕن
هەریەکەیان هۆگری درەختێکن
دەچنە لای پرچ و سەری پڕ دەکەن لە هێلکە و زەڕنەقووتە
هەموویان تەنیان
ئاسمان بە پانوپۆڕی دەپێون
تا ئاشنا ببنەوە بە ئاوازی جریوەی خۆیان
لەقلەق لەسەر یەك قاچ ڕاوەستاوە
بە چاوی تا لێهاتووی تەماشای ئەو شوێنەوارناسانە دەکات
بە دڵشکاوی لە قەڵا دێنە خوارێ
لە ناوچەوانی گەرمیان گوڵەبەڕۆژە ڕواوە
چاویان بڕیوەتە چاوی خۆر لێ پێگەیشتووی لەقلەق

سمۆرە دوور لە درەخت هیچ حەز و ئارەزوویێکی بۆ تاقی ناکرێتەوە
ڕایەڵی تیشکی چاوی دەچێتەوە ناوکی گوێز
بە خێرایی بەناو لکەکانی تێدەپەڕێت
دەتوانێت سوپاس و ستایشی بکات
ڕێکەوتێك ئەوەی مەبەست و خولیایە
هەر هەمووی ڕوودەدەن

٤٣

ئادەم لە سێ ئاوێنەدا

نازانم لە کاتێکی ڕەوابوو یان ناڕەوا
پەیام لە دڵم خامۆش بوو
یەکەم لاپەڕەی ژیانم نووسیوە بۆ کێی بنێرم
لە تەمەنێکی گەرم بە سەرسوڕماوی مامەوە
ئادەم بە چ زمانێك قسەی کرد

تەورات
ئینجیل
قورئان

فانۆسی ئەفسووناوییان لە هەوای سییەکانیان
پڕ کرد و پێشوازییان لە جەنگ کرد
گەنجینەی جەنگیان بردەوە
حیکمەتی ئاگریان خەڵات کردین
هەموو خەڵاتەکان لە یەك دەچن
هەناسەی ساردیان لێ بەجێما
بە قووڵی گوێ لەو ئاوازانە دەگرم کە ناپچڕێن
بەناو ئەو بۆشاییيانەشدا دەپەڕمەوە
کەوتوونەتە نێوان ژیان و مردن
نەژیان بردنەوەیە
نەمردن دۆڕان

٤٤

بەرزبوونەوەی باج

بەرزبوونەوەی باجی تەمەن

پیرییە	پیرییە	پیریی

وەك ئاوێنەی ڕوونی بەرهەتاو
یان کاتژمێریی خۆری

ئارام	و
هێمن	و
لەسەرخۆ	و
بەخشندە	

پێشانم بدە باجم پێیە
ئەو دیارییانەی بە ئامانەت لە تەمەنم وەرگرتوون
بە پارێزراوی دەیدەمەوە دەستی

هەوری یەزدانی
شەقامی نەرمونیان
چلچرای تاسە
پەڕوباڵی کامەرانی

چەندتان لە تەمەنم دەوێ
دوا پاداشتتانە بیبەن و پێشکێشتان بێت
سوورێکی خوێنین لەسەر لێوم نیشان و دوا پاشایە
نواڵە لە ئێسکی حەوتەمی تەنیشتم
خوێن و دەماری خەمڵی و جۆشا
پڕبەپێ بەناو سپینداره‌کان هەڵات و سێبەری بۆ پەیداکردن
بۆنی هەڵاڵان و ئارەقەی زیندووبوونەوەی
بەدوای خۆیدا بڵاوکردەوە
منی نەرگسی بە دوای خۆمدا غارم دا و دوورکەوتەوە
نزیکە دەبێتە خاڵێك و لە ئاسۆ پشتەوشکێن دەبێت
خاڵی ڕوومەتی سێو ڕەنگ لە ئاوێنەی ڕوونی بەرهەتاودا بەرپا دەکات
ڕەنگ لە ئاوێنەدا پەنگ دەخواتەوە بەڵام نابێت بە ڕابردوو
دەبێتە دوا پاداشت
دوا پاشا
مۆم لەبەربا لادەدات

٤٥

دوای سەرکەوتن

بەرزایی وەك تەرمێکی پەردە بەسەرداهاتوو
لەبەردەمم درێژکراوە
سیزیف بەردەکەی سەرخست و جێی هێشت
مانگ تریفەی خۆی لەسەر ڕشت و خەرمانەی لە دەور چنی
هەزار و یەك گرێی سەرکەوتن بووەوە
لەوێدا بۆنی ئارەقەی زیندووبوونەوەی ئەوینداران
بەدوای ئاشنادا دەگەڕێن
بەردەکە تەرمی سیزیفە
کۆتایی نییە
سەرەتای دووەمە و خەونی کۆن دەهێنێتە دی

خەونی کۆن هەمیشە بێدارە

ڕەونەق	و
ناوبانگ	و
خۆشحاڵی	و
وێنەی کۆتایی	

لە هەموو ژیان وەردەگرێت
لە دەستەمۆکردنی جۆش و حەزی دەدرەوشێنەوە
نهێنییەکی زۆر سادەم هەیە
تەمەن چەند خوێنم بکوڵێنێت
ئەسپی ئارام زیاتر لە پێش دەرگام دەمێنێتەوە
هێڵەکانی ناوچەوانی دێنە ناوچەوانم

٤٦

هەڕەشەی نووح

نووح بەچاوی خەواڵووەوە چووە بەر ئاوێنە
بە جۆشی ئاکام و هەڕەشەوە گوتی
تەمەنی من
لە تەمەنی تۆ
گەورە و دنیادیدە ترم و میوانی یەك ڕۆژەی جوانیم
بۆ ئەوەی لەوە زیاتر دڵم نەشکێت
بەرژەوەند وا دەخوازێت لە یەکتر ون بین
کە دوایین هەناسەش دەدەین
بیر لە یەکتر بکەینەوە
دوو برادەر بووین لە یەکتربینین دەترساین
نووح زیاتر بمێنێت دەبێ بە چی و چیتر ڕوودەدات
ملوانکەیەك لە ملی بەردی بن دۆڵ دەدۆزێتەوە

دەنکەکانی پێ ناژمێردرێت
ئاوێنەش گیر دەخوات بە دەستی دەموچاوەوە
دڵی پێیان دەگوشرێت
تەنیا لە تەمەن زۆریدا شاخی کەڵەکێوی جوان دەبێ
دەفی سەردڵ و زەنگی سەردەرگا
لەناو لکەکانی شاخی کەڵەکێوی
یەکتر دەناسن و ڕووخۆشی بۆ یەك دەنوێنن

بەخششی ئەشق	و
خەڵاتی دیدار	و
مەئوای جاویدانی	و
خەرمانی خودایی	ن

خۆشەویستیی نێوان کۆتر و دانەوێڵە
تا ئەوپەڕی بوون پشکووتووە
کۆتر لەسەر گۆگردی داغ پێیەکانی جوان دانانیشن
ڕوخساری یەکەمی سروشت بزەیەك دەکات
بەو بزەیە دەگەڕێینەوە ماڵەوە
ڕێگا لە نێوانماندا درێژنابێتەوە
ئەرێ نووح لە چاوەڕوانی تۆفاندا ماوەتەوە

٤٧

گەڕانەوەی دەنگی باپیران

باڵی فریشتە لە بەرزبوونەوەیدا چۆنە و چ دەبەخشێت
لە دابەزینیشی هەمان
گۆڕانکاری لە ڕووناکیدا
سبەینە ڕەنگێك
نیوەڕۆ ڕەنگێکی تر
دەمەو ئێوارە تێکەڵە یەك لە هەردووکیان دەدرەوشێتەوە
پەلکەزێڕینە دەستی بەسەر ڕەنگەکاندا داگرتووە
شووشەم لە پەنجەرە گرتەوە
سەرنجی شەختە دەدەم و چاوی لەسەر ڕادەگرم
کاتێك درز دەبات و دەکەوێت

کەروێشکی ناو تەڵە
لە چەقۆ نزیک بووەتەوە
چاوێک بە زەویی دەوروبەری خۆیدا دەگێڕێت
من هەڵە بووم
ئەوە ڕێگا نەبوو پێیدا چووم
بگەڕێمەوە لانە
دەنگە عەنبار کراوەکانی باپیرانم لە ئاسمان دەگەڕێنەوە لام
هەست بە هەموو شتێک بکە

٤٨

هێما و ڕاز

لە لەدایکبوونم داپیرم ناوچەوانی بە ئاوی پیرۆز تەڕ کردم
گۆلاوی بەرکانی
ڕەنگی ئاوی خدری ناسیوە
کە ڕەنگی ئێمە و سەدوبیست و چوارهەزار پێغەمبەر
ئێمە ئەو کەسانەین لەناو کەشتیی نووح نوێژمان کرد
لە کەنار نوێژمان کۆتایی پێ نەهێنا
درووود بۆ ئەو کەنارەی دڕکی دەست نابڕێت
دڵی داوە بە ئێمە و نوێژی لێ دێ
دوای هەورە تریشقە دابەزین
مێرگ گوڵەکانی کەوت
بێدەنگ مایەوە
بە هۆشێکی تاسەدارەوە
بیبەرێکمان خستەدەممانەوە
بۆ ئەوەی لە لێکدانەوەی هێڵەکانی ناولەپمان خەواڵوو نەبین
هەڵێنانی هێما و ڕازی ناولەپ
گۆڕەپانی جەنگە پاڵەوانی تێدا دەشکێت

٤٩

چوارین و من

کوللە

هێشتاکەش ئومێد و هەتاو لەسەر ناوچەوان لادەدەیت

گوللە

هێشتاکەش لە شکستدا ڕەش هەڵدەگەڕێی و دووکەڵی شۆڕبووەوەی بنمیچی

زللە

هێشتاکەش
گەرمایی لە ڕوومەت دەمرێنی و خەڵاتت خاڵی خوێنی مەییوە

کەللە

هێشتاکەش ڕێگاکان بە لکی زۆرەوە تێتدا ئاوەدان دەبنەوە
منیش هێشتان بەدەوری جەستەی گەرم و زیندووی خانمی شیعر دەخولێمەوە

خانمی شیعری هەستە کانمت دەستەمۆ کردووە
ئەمەکدارم بە
لە مردندا لێوە کانم بکەرەوە حیکمەت و فەرموودەم دەبیستیت
شیعر بەخێرهاتنی باوکە ئادەمی کردووە
لانکی دایکە حەواشی ڕازاندووە
ڕووناکبوونەوە بەدوای تیشکدا دێت
سێبەریش بەدوای بوونەوەر
تاکە ئەستێرەیەکم لەبەرچاو گرتووە و دڵمم پێیوە گرێداوە
ئەستێرەی

بەهرە	و
سرووش	و
شیعر	

٥٠

درەختی دەنگخۆش

ڕۆژ لە خەوی گرانی ما هەڵنەهات
ڕووناکی دڵ و گیانت بە چراکەمەوە هەڵدەواسم
شەوی بێ بەیان
ئەستێرە و مانگ بێ سەروشوێن نین
بیرەوەری زەوین و شەپۆل دەدەن

ڕوون	و
ئارام	و
هێمن	و
پڕتاسە	

وەك ڕوومەتی ئاسۆ بە بۆنی دەنگی کەڵەباب
دەمی کار و بەرخیش بەگیا
بێ پرس تا ئەوپەڕی مەستی بە دوایاندا دەڕۆم
ئەستێرە و مانگ هاتنەخوارەوە و لەگەڵمدا پیاسە دەکەن
ئەوین بە شەقامەکاندا ڕژا

نواڵە لە چیاکانی بەهەشتەوە
دێتە خوارێ و بەو ناوەدا تێدەپەڕێت
ئەشق لەبن حەوت پەڕەی دڵ و گیان
دەدوێ و قسەی شەیدابوونی خۆیت پێ دەڵێ
سێوی نەخواردووی پێیە
زەوی لە ڕۆژ نزیك دەبێتەوە
تین و توانای خەمڵین لە خۆر وەردەگرێت
بای کۆچەری
بای سەرخۆش لە سەروپرچی درەختی دەنگخۆش لادەدا
ئاگرێك چا و نانی لەسەرە
خەریکە خامۆش دەبێت
ڕوخساری چا و نان بەو ناوەدا دەسووڕێنەوە
خێزانێك ڕۆشنایی دەمژن و گەرم دەبنەوە
شتێك دەبینن دەفڕێت و سێبەریان لەسەر دەکات
شتێك هەموومان دەتوانین بیکەینە باڵی خۆمان

٥١

پەریی یەکەم

بەهارە و بەروبووم و بۆنوبەرامەی درەخت پێدەگەن
تەزووی سڕ
دەست و پێی زەوی بەردەدا
خوێنی مرۆڤیش خۆی لە قووڵایی پاراوبوون کۆ کردووەتەوە
شەختە و زوقم
بەرانبەر هێزی پێگەیین چی دەکەن و چییان پێدەکرێت
لە پەنجەرەی پەراسووەوە ڕاز دێتە گوێ
زایەڵەیەك کە دڵخۆشیی زەوی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ

ڕۆحی مردووەکان دەگەڕێنێتەوە ماڵەکانمان
لە وەختی خۆیدا گەیشتن
لە ئاهەنگێکی شکۆداردا
دڵ و گوێ تەونێك دەچنن
تەمەنی ئێمە لەناو تانوپۆی
بەشێوەیەکی هێمن ڕێگای بڕیوە
پەریی یەکەم بە ڕێگایەوە ماندوو بووم
دەستی گەرم و بێ ئێسکی هەتاو لە خەوی خاو هەڵیستاندم
دوا ماچم لە ڕوومەتی ئاسۆ دەسڕمەوە
خاڵیشم لە گەردەنی قەتێ و بن باڵی خاڵخاڵۆکە زیاد کرد

٥٢

ڕووتەختی پارێزراو

سروشت لە خۆشی و ئەویندا
هاتە بەردەمم و فەرمووی
من مێینەی دڵباشی تۆم
ئەسپێك لە ئاوازی چاوپێکەوتندا
سۆزی دنیای بەدیاری بۆ هێناویت
بۆنی ڕووتەختی پارێزراو دەکات و هێز و توانای دەجمێ
دیوانم بە شاخی کەڵەکێوی ناوچەوانی بەرهەیوان هەڵدەواسێ
وێنەشم بە ناوچەوانی دیوان
ناوچەوانی دیوان جێگای ئامانە
بە ئاسوودەیی سوارێکی باز لەسەرشان
بە دوای سۆراخدا چوو
دەچمە کۆشکی ئەفسووناوی سواران
بەرچاوم بێ ڕەشکەوپێشکە و تەمە
هەموو شتێك وەك ناولەپی پێغەمبەر بە حیکمەتەوە دەبینم

هێند تەماشای کاروانی بەرەدوام کرد
ڕەنگی چاوم گۆڕا
ڕۆژی دڵەکان نەدۆڕا
درووود بۆ نەگۆڕانی دڵ
لەوێ لە باخی بێدەنگی
بە تەنیاییەکی بە تانوپۆی

پڕ باوەشێنە	و
بۆنی بیرەوەری	و
سەمای نووسین	و
نازی تاووس	

ئاگاداری گوڵەکان دەبم و پێویستیم بە هیچ نابێت
دەشێت ڕێکەوتێك بە دڵی من بێت
ڕێکەوت

چاویلکە	و
دووربین	و
ڕووگەنما	و
دەرگا	ی پێیە

٥٣

تۆڕی چاو

زمانم لە ئاست بەدگۆییدا گرێدراوە
هەر خەریکی وێردی شیعر و حیکمەتی زیندووبوونەوەیە
درەختێك لەناو وێردم ڕواوە
سێبەر و هەتاوی هەیە
هەست خۆڵی دەوروبەری ڕەگی بژار دەکات
لە دیمەنیدا گەمارۆ دەشکێت
پەنجە دەکات بە چاوی شەختە و زوقمدا
ناتوانن هیچ شکستێکی بەسەردا زاڵ بکەن
کڵپەیەکی بۆ ئەو ئاگرە پێیە
پاك و خاوێن هەڵدێ و پیسی تێیدا دەمرێت و زیندوو نابێتەوە
ئاگر ڕازی ئاشناییيە
دەست لەسەر ئەو ماسوولکانە دادەنێت
کە تۆڕی چاویان چنیوە
تەماشای ئاگری ڕاز دەکەم
دەچمە ناو تۆڕی چاو و بە زەویدا ڕۆناچم
سڵاو لە ڕێبوارانی ڕێگای خۆشبەختی دەکەم و سڵاو وەردەگرمەوە

بەهرە	و
سرووش	و
شیعر	دەناسم

لەمەوبەدوا ڕاوی

بەهرە	و
سرووش	و
شیعر	

لە ڕازی زیندووبوونەوە دەکەم
هەموو خەڵك هەواڵم دەزانن و خۆمم پیشان دەدەنەوە
ئەو چرایەی داگیرسا ئەوەتا
تاریکی پڕ بەپێ هەڵات و دەوروبەری ڕووناکی لێ دەبارێت
چییە وا دەکات چرای داگیرساوبم

٥٤

بەخششی ئادار

ئادار هەستی بە ناخی زەوی کردووە و سۆزی پێ دەبەخشێت
هەموو شتێك دووبارە دەبێتەوە
لە دووبارەبوونەوەشیاندا کۆتایی دێت
تەنیا ژیان نا
بۆیە ناخی زەوی بە ئاواتەوەیە
بڕوای سەری ئارامی بگاتێ
سەرم خەڵاتی تاجەگوڵینەی بردووەتەوە
لە دەرگای ناخی زەویم دا
گۆڕ ژووری گەنجینەیە
من ئاواتتم لاواندنەوەیەکت فریام دەکەوێت
باخچەی تاسەش هەر ئەوەت پێدەڵێت
خوداوەندەکان لە کاتی گریانی گەرمیاندا
چیرۆکی ئومێدی ئێمە دەکەنە پەیام و درووودیان

پێم خۆشە لە ناخی زەوی و خوداوەندەکان بپرسم
ئایا چاوی پڵینگ و شەمشەمەکوێرەی جەنگەڵ
کاتی ژوانیان تێدا دەستنیشان دەکرێت
دەستنوێژم گەرمە و زەوی دووگردی نوێژە
ناوچەوانم
ئا ئا ناوچەوانم
لەسەر ناوچەوانی وەرە خەونم ناتوانم هیچت لەبارەوە بڵێم دادەنێم

٥٥

دابەشکردنی چرا

لە چەپەوە بۆ ڕاست
لە ڕاستەوە بۆ چەپ
لە سەرەوە بۆ خوارێ
لە خوارەوە بۆ سەرێ

بەدەوری ئاسوودەییدا دەسووڕێینەوە
لە ناو دڵ و گیانی ئاسوودەییدا
تەنیا ڕێگایەك
ئاو و نانی لەم دەست و ئەو دەستدا داندراوە
ئاسانە خۆتی لەگەڵ ئاشنا بکەیت
بە ناویدا وەرە و لە سەرەتایدا پشوویێك بدە
نەختێك ڕامێنە

هێشووی دڵت لەبەر هەتاودا ڕابگرە
هەست بە برینداری دەکەی
تاسەی چاو دەدۆزیتەوە و ئاسوودە دەبیت
چراکان لەگەڵتدا ڕێ دەکەن
بەخشندەبە
بەسەر ڕێبوارانی دڵشکاو دابەشیان کە
کەڵەکێوی لە چیاکان دێنە خوارێ
خۆشکەری ڕێگان
گەشتی یەکەمین ئەگەر من دەستی تۆم بگرتبوایە
تۆش دەستی من
بەوەها ژیانێك ڕازی دەبووم
لەسەر پەیژە ڕابوەستم و مانگ زیاتر بڵند بکەمەوە

٥٦

مانەوەی مانگ لە یەکشەوەییدا

ناقۆڵاترین پیلانگێڕ و وەیشوومە لەچاو
مامۆستا چاویلکە ڕەنگاوڕەنگەکەی مێژووە
چێژی لە ژیانی دەرباریی بینی
تاڕادەی شاگەشکەیی ڕێزلێگیراو
دەست گەرم و سێبەر چەور
تادوا ڕادەی سەرکزی کاسەی سواڵ
بیر لێ وەرگیراوە و خوێن لە دەمار بەتاڵکراو
تیرۆگ بەسەر قوڕ و لیتە دادەهێنێت
نا دەخاتە جێگای ئا
قەلەڕەشێك و قومرییەك نووستوون
مانگ لە یەکشەوەییدا تەماشای باڵ و دەنووکی هەردووکیان دەکات
لە هێلانەی کامەیاندا نەوە و نەوەزا
چاو و باڵیان کز دەبێت

یان دادەگیرسێن و دەدرەوشێنەوە
خۆشی لە گرشەگرشی یەکشەوەییدا دەمێنێتەوە
دەست لە سینگی ڕووت و نەرمی ئاودەدات
تۆش هەر لە پیشەکەی خۆت بمێنەرەوە
شووشەی چاویلکەت دەبێتە دیۆجامە
دیکتاتۆر دەتوانن هێڵکاری بکێشن و باش بەکاری بهێنن
پاش ئەو هەموو ئا و نا و چاولەبەرپێییە
قەل گۆڕت بۆ لێدەدەن

٥٧

ڕووناکیی گەنجبوونەوە

ماسییەکم لە گۆمێکی ژەهراویکراودا
لە توێی ئاوەوە بایەك بە ئەسپایی و نەرمونیانییەوە هات
سییەکانی نەرم و شل کردمەوە
هەناسەدانەوە ئاسان بوو
لە کەنارەوە خانمی خەونەکانم شیعر
بە بەهرە و سرووشییەوە چاوەڕوانم بوو
مەتەڵی ژیان و ژیانەوەم هەڵێنا
ڕووناکیی گەنجبوونەوە بۆ بینین درێژ بووەتەوە
تەزووی ساردیی لە دڵی زەوی لادەدا
خۆشدوویی ئێمەش دەکات
بفەرموون بە هێمنی لەناوم دڵتان گەرم بکەنەوە
ڕووناکییەکی ئاوا پێویستە

لە چاوەڕوانیی ئێمەدا بمێنێتەوە
ڕووناکییەك
وێنا بکە
لەوێ
لە کەناری گۆمێکی ژەهراویکراو
ماسییەك لە سووتانێکی ڕازاویدا
دەیەوێت هەڵی هەناسەدانەوە پەیدا بکاتەوە
ڕووبار دیو و دێوێکی مرۆڤلووشە
خوشکەزایەکەم لەناو دەم و ددان و زگیدا خوساوە
دەستتم بدەرێ
خۆ من خۆییم بێگانە نیم
مانگی سەرگۆڕت دەبێتە دۆست
بە نزیك چاوی ئێمەدا دێت و دەچێت
تریفەی بە ڕوخساری شەرمنی تۆوە دەست پێ دەکات
هەموو لایەك دوودڵی و گومان نییە
تاسەی ژیان مەودای نێوان دڵ و دڵ دادەگیرسێنێت

٥٨

جارێک لە جاران

مەسیح بە خاچدا تێپەڕی
پاش چاوتروو کانێک بەسەر گیایەکەوە نووشتایەوە
گیا هێزی بێباکییە و ئێمەی

باریو لە هەوری جگەرسووتاو	و
هەتاوی سەر گەورە شاران	و
ئاگر دۆزەرەوەی چرا	و
هەموو شت لە یاد	ی لەگەڵدایە

بزەیەك جوانیی لە ناخ و دەوروبەرمان سەرخستەوە
ژیان لە ناشیرینی ڕزگاربوو
بەرانبەری دادەنیشم
وەك ئەوەی ئاوازێك بم لە ئەوی ئەزەلی
یان جارێك لە جاران ئاوازی دۆنایدۆنێك
ئەزەل ناوێکی هەیە
ناوێکی وەك

شەونم
گزینگ
ئەوین
خەون

لەدەوری ئەو ناوانەدا دەگەڕێم
ڕوخساری ئاشنایان دەبینم و نابینم

٥٩
یاڵی شانەکراوی ئەسپ

دەبابەیەك لە گەرووی کراوەی شارەوە هاتە دەرێ
ئەسپەکانی ڕەواندنەوە
کە ئێمە تازە یاڵمان شانە کردبوون بۆ ڕاو
مانگ لە شەو و ڕۆژێکدا
لە چاوی تەڕی ئەویندا کز دەبێت و دەدرەوشێتەوە
گوڵە شەوبۆش
کیژێکی کڵاودروو و دەستچن سەرنجی دابوو
لە کڵاوەکەی بەردەستی ئەو ڕاز و ئاهە ئاشکرا بوو
لەم یەکەم سووتانە خامۆش و سارد و سڕەدا چیم بۆ نەماوە
بە خۆڵەمێشبوون لە ئەفسوونێکی زۆر قووڵدا نەبێت
لە ژوورێکی ئارام

لە ژێر خۆڵێکی نائارامدا
کە هیچ

وێنە	و
تابلۆ	و
نەخشە	و
ساڵنامە	یەك بە دیوارییەوە نییە

خەوێکی ئارامم پێویستە
خەوی خودایی
لە ژوورەکانی تەنیشتمەوە دەنگوباسی دراوسێکانم نەبیستم
ئەرێ زەوی بە چی تێر دەخوات
چیش دەکاتەوە گڕکان
گڕکان دەرپەڕاندنی ئاهی گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی ژیانی ئارامدا
ژیان دڵۆپێکە لە باران
مردنیش گەرماکەی ئێجگار بە تین و تاوە
ئەی ئەسپی سم ڕووناك و پژمین بارانی پیت و فەڕ
بە دەشتی گیانمدا تێپەڕە و بملاوێنەوە

٦٠

خانمی ئەفسانەیەکی ڕوون

ژیان لە باخچەی
ئاهەنگگێڕانی خێزانیدا
ئارام و هێمنە
بەدڵێکی ئارام و هێمن نووستم و زوو تێرخەو بووم
هەستام و شەونوێژی شکۆی بەهرە و سرووشم کرد
ڕووم کردە ئەو بەشەی شار
کە دەنگی نەرمی دەف
لە ناو کتێبە پیرۆزەکاندا نووستووە
لە لاپەڕی شاریش
گۆڕێك داپۆشرا
گۆڕێکیش کرایەوە
من بە نێوانیان تێپەڕیم و پەنجەم لە ڕوومەتی دەف دا
لە تەنیشت ئەو جۆگەیە دانیشتم

ئاوەکەی لە ڕۆحی خەڵکە پاکەکەیەوە دەردەچوو
شەوەکە وردە وردە سپی هەڵگەڕا
نواڵە خانمی یاد و دروودی ئەفسانەیەکە
بە باش سەیری ژیان و مردن و زیندووبوونەوەی کردووە
لە شەوی دڵڕوونی هەولێریشدا
ئەستێرەی جەژن و شادمانییە
هەر یەکێك ڕووناکیی ئەو ئەستێرەیە لێی بدات
باشە دێتە ڕێی
دڵۆپە فرمێسکی شاعیرێکی دڵشکاو و دڵ و دەمڕوون
بە هێمنی لە پرچی بەردەبنەوە
گەرمن
زستان بە شەختە و زوقمیەوە ناتوانێت داگیری بکات
فرمێسك لە سەرچاوەوە برینداره و دەبیندرێت
دەف بە دەستەکان بە هەوای مەیەوە دەیخۆنەوە
دەبینن لە پێشیانەوە دەڕوا
تەوقە لەگەڵ ئەو خەڵکانە دەکات
کە ئاوی پاکی جۆگەیان لە ڕۆح دەرچوو

٦١

ژیان لە دوو سەدە

شیعر هەی نان و ئاوم کە تۆ لە خۆکردی
بوویت بە برای خوێنی و شیریم و لە دەرگا و پەنجەرەوە هاتیت
دەستی بڕواهێنانت لە خوێن و شیرمدا ڕواند
ئێسکی دەستمت بۆ ناو دەستی خۆت گواستەوە
دەستی خدری زیندە ئێسکی تێدا نییە
شاعیرە پاشخاپەڕۆك و دووپشکە خوودارەکان
چزووی شپرزەییيان بەکارهێنا و ڕقی ئێسك تواندنەوەیان هەڵڕشت
ئاشق هەمیشە لە شەڕی ڕەوای خۆ لەگەڵ خۆدا
ڕەنگی مەشقی دیاری دەکات
دڵی بە پەڕ و باڵی من
گۆرانیبێژێکی لە دوو سەدە ڕسکاو و ژیاوە
دەفڕێت بەسەر ڕووباری ڕەوان و دەشتی ڕاز
دەنگخۆشی و ناوکی سێوە لە بیرەوەریی زەوی
ئەی ئەستێ و بەردم شیعر
من ئەلف و بێی بوون و نەبوونم

خوداوەند دێڕە کانم لە ناوچەوانی بەرد هەڵدە کۆڵێت
هەڵمی شێلانی قوڕی ئادەم دەست و پەنجەمی
گەرم کردووە و ڕۆحی بوون و نەبوون لە ناخمدا دەسووتێت
شاعیرە پاشخاپەڕۆك و دووپشکە خوودارە کان
پێیان لە خۆڵەمێشی سووتانم سڕدەبێ و مێرووله دە کات
لە ئاوێنەیە کی ڕەشدا دەمێننەوە
دەبنە قەوزەی ناوچەوانی جانەوەرێکی نە گریس
پەیامێکم بەرپا کرد
ڕازی وردبوونەوە لە دڵی خۆم و پەرجووی ڕێنیشاندان
ئاهی مەستی تەنیاییمی لەسەر کۆبووەتەوە
خودا شیعری لە بری هەموو شتێك پێ بەخشیم
سوپاس بۆ بەشە دڵباشە کەی خۆم
سەرم هەڵبڕی و ناوچەوانم کردەوە
لە شکۆیەوە جامم قەت قەت بەتاڵ نابێت
ئەی شکۆی دڵی ڕوونی سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر
خودی خۆم بینی
ئێوەم بینی تەنیابوون
ئێوە شکۆی شیعربوون

٦٢

داگیرسانی جێگاپێی شیعر

شەش شەو و شەش ڕۆژی تەواوە
هاڵاوی نەنووستن
لێی داوم و چزووی گەیشتووەتە مۆخم
سەرم بێژینگی پڕ گەنمە
لەیلە خولیا گەرمەکەم شیعر دەیبێژێت
شکام بەرانبەر بۆنخۆشی باڵی باڵندە
باڵندەی نامەهێن نیگەرانیی دەوروبەری ڕەواندەوە
باڵی لە ڕوومەتی بێ هاوتای خۆری بەهرە و سرووش دا

نەرم	نەرم
ئاواز	ئاواز
ئاشنا	ئاشنا
خانەخوێ	خانەخوێ

باڵی شۆڕ کردەوە سەر پەیکەری پیری پیت و فەڕ
فانۆس بە باڵییەوە بوو
سۆراغی منی لە گیا و ئاوی نەمری کرد
بە ئاسانی هاتەماڵەوە
خانەی کتێبخانەکەمی ڕێکخست
خوێدانی نمەك و تاجی بۆ دانام و ڕۆیشت
گوێم لە کەوتنی دوو دڵۆپ فرمێسکی یەك لە دوای یەك بوو
گازێکم لە نەرمایی دڵی شیعر گرت
بە تین و ئارەزوویەکی زۆرەوە
بە دوای باڵندەی نامەهێن سەری پڕ مەیلم بادا
ئەسپێك ڕووبەڕووم بووەوە و خانەدانی نواند
لەناو دارستانێکی قووڵدا بەتەنیا جێت ناهێڵم
لە ڕۆژی حەوتەمدا لە باخچەی مێینەدا نووستم
ژیانم لەناو خۆری چێشتەنگاودا
بوو بە شیعر و پەیم بە نەخشی
سەر دەرگای مۆزەخانەکان برد

ڕوانیم لە قۆزاخەی بە دڵوداو چندراو سادەتر بووەوە
تەماشای پرچی میدۆزام کرد
بووم بە پەڕ و باڵ
پیت و فەڕی کێڵگەم بە پەڕ و باڵی خۆم پاراست
لاولاوی خاوەن دەربار
ویستیان لە باڵا و چاوی ئاگر بئاڵێین
یەك یەك کەوتن
ماریش چێژ لە کراس فڕێدان و بەتاڵکردنی ژەهر و بەدی دەبینێت
من لە مەشخەڵی ئاگری

ئاهـ	و
خولیا	و
پەرجوو	و
زایەڵە	

دروست بووم و جامم پڕ بوو
ڕابردووم کردەوە بە ژیان
جێگاپێی پێغەمبەرەکانم داگیرساند
هەست دەکەم دەزانم ئەو ڕووناکییە هی کێیە
بۆت هەیە لە هەر شوێنێك سەیری بکەیت
بە هی خۆتی بزانی
بیرت لای ئەوەبێ
لە هێمنی ژیانی منەوە هاتووە

٦٣

گۆرانییەك لەدڵەوە تكایە سەر زەوی

بەهرە و سرووش و یەکەم تەزوو
بە هاوکاری ئێوەوە لە سەرزەمین ماومەتەوە
من و شیعر
بەهرە و سرووش و یەکەم تەزووی

ئەفسوون	و
ئەفسانە	و
غەزەل	و
ئەزەل	ین

دەست و دڵی دەریا و ئاسمان
دەکەینە یەك و گۆزەی مەیی ئەشق لەبەر تینی گەرما
دەگوازینەوە بەر سێبەری مەئوا
کاتێك ڕەشنووسی شیعرێك
دەدڕێنم و بە دیاریەوە سۆزێك دەکەم
سۆزی بۆنی خۆشی مەیی ئەشق
دڵم دەلەرزێ و زمانم دەگەزم
ویستمە دوور لە دەروون خراپان
لە بەهرە و سرووش و یەکەم تەزووی شیعردا
سەر بنێم بە ڕوومەتی گەرمی ژیان و مردن و زیندووبوونەوە
دەست و دڵم پڕن لە

شانەی هەنگوین	و
هەوری پڕ باران	و
خەڵوەتی پێشهات	و
خوداوەندیی	

یاران چوومەتە ناو گفتوگۆی بێدەنگییەوە
دەریا و ئاسمان لە دڵنیابوونی ئەو گفتوگۆیەدا
خۆشەویستییان بە بیر دێتەوە و بیر دەهێننەوە
پێزانین و دەست لە سەر سینگ و دڵ
بۆ باڵندەی خۆشبێژی شیعر
دەزانێت بۆچی بەرز دەبێتەوە
بۆچیش دەنیشێتەوە
لێوی گەش و سووری گۆزەی مەیی ئەشق
شەرمنترین لك و باڵە
بۆ ئەوەی بچیتە ناو مێژوو
جێگا باڵت لە ناوچەوانی جێ بمێنێت
هیچ شتێك لە لك و باڵ باشتر نییە
دەستی لەسەر دابنێ
هەست بە گەورەبوونی ئاسمان دەکەیت
ئاوازەکانی بۆ دڵ گەرمایین

ویستم باڵندەیەك ڕاوبکەم
باڵەکانی بۆ بەرزبوونەوە بڵند کردبووەوە
ئەی هاوخوێنەکەم بە ئاسمانەوە بوون
لەسەر باڵەکانت هەتاو هەیە
لە ژێریشی

ئەفسوون	و
ئەفسانە	و
غەزەل	و
ئەزەل	

ئەم لایەی بەهەشت هی منە
لای شیعر و بەهرە و سرووش و یەکەم تەزوو
لە بەهەشتدا قووڵترین تاسەم پاراو دەبێت
بیری سەر ئەو زەمینە ناکەم
شاعیرە پاشخاپەڕۆك و دووپشکە خوودارەکان
نەیانهێشت
تاوێك لەسەری پشووێك بدەم و بچمە ناو گۆرانی هۆگریمەوە
دەست لە خەمی چەند ساڵە هەڵگرم
دڵشکاویشبم دڵم لە بری خوێن

بەهرە	و
سرووش	و
شیعر	ی لێ دەتکێ

شیعر ئەو بزە ڕوون ڕسکاوەیە لە باڵی بازی کێوانەوە
بەسەر گۆنا و لێوی
بەهرە و سرووش و یەکەم تەزوو بڵاوبووەتەوە
تامەزرۆتین
لە قوڕی ئادەم و گۆشەی پەرستگا و جامی نهێنییەوە تامەزرۆتین
بازی کێوان زوو زانی
لە سەرەتادا وشە و بەهرە و سرووش و شیعر هەبوو
لە حەوشە و بانی وشەدا دڵڕوون نووست
دڵڕوونیش تێرخەو بوو
ڕژایە ناو باخی دێرینی ژیان و مردن و زیندووبوونەوە
شاعیرە پاشخاپەرۆك و دووپشکە خووداره کانیش
لە منداڵدانی تەپوتۆز و گیرخواردن و جەنگی
خێڵ و خێڵ و خوێنداریدا لەدایك بوونە
منیش لە ڕۆنی ڕووەك و گەنجینەی

ئەفسوون	و
ئەفسانە	و
غەزەل	و
ئەزەل	

شـــەرم لە مێژووی لەســـەرەتادا وشـــە و بەهرە و ســـرووش و یەکـــەم تەزوو دەکەم
ئای زەمینی دەست و دڵڕوون
نامەردی زۆر و ناقۆڵات لەسەر دەژین و ددانیان لە قوونیان هاتووە
زمانیشیان وەك كلكی چەقەڵی پێ سووتاو لە ددانیان دەرهاتووە
بەشە دڵباشەکەی خۆم شیعر
ماندووت کردووم و ماندووبوون تا لێواری مردنی بردووم
لێواری شکۆ و ئاوێنە ڕوونبوون
بەو هیوایەم من بکوژیت و تۆش
گۆزەی مەیی ئەشق لەبەر تینی گەرما بگوازیتەوە بەر سێبەری مەئوا
سکاڵایەك بۆ تۆ ئەی شیعر
ئای چیت بەسەر ژیانم داهێنا

٦٤

دابەشکردنی شتێك لە خۆت

مەستی پێوەندی منە لەگەڵ	بوون
مەستی پێوەندی منە لەگەڵ	نەبوون
مەستی پێوەندی منە لەگەڵ	ژیان
مەستی پێوەندی منە لەگەڵ	مردن

بوون	نەبوون	ژیان	مردن
نەبوون	ژیان	مردن	بوون
ژیان	مردن	بوون	نەبوون
مردن	بوون	نەبوون	ژیان

چەند بەو پێوەندییە نەرمونیانانە دڵخۆشم
هەموو چێشتەنگاوان دەستم لە ئاوی پیرۆزت
تەڕ دەکەم و لە ناوچەوانمی دەدەم
دەچم لەسەر پەیژەی دارین ڕووبەڕووت دڵ دەگێڕم
لە مەستیدا منداڵ دەبمەوە
دایکم لەناو تەشتێك ئاوی شیرتێن سەرم دەشوا
دەست دەکەم بە گریان
لە گریاندا گۆرانییان لە من گوێ لێ بوو

قەڵا	قەڵا
قوللە	قوللە
ناخ	ناخ
ئەدگار	ئەدگار

ئاوازم بە گۆرانی بەخشی
گوڵاویش بە گوێگر
گۆرانی گوتن ناسینی ئاوازە
دڵ و گیان بۆ مەیدانی ئاسوودەیی بانگ دەکات
خونچە بۆ شکۆی بۆن

دەست	و
چاو	و
دەم	و
گوێ	ی دەکاتەوە

خۆی نیشان دەدات دەژی و شتێك
لە خۆی دابەش دەکات
درەخت نیوەی لە زەوییە و نیوەی لە ئاسمان
خۆشی نازانێت پێویستی بە کامیان زیاترە
بەردەوامبوونی ژیان لەمەیە
بەردەوامی چەند دڵنەواییی شەونم و هەتاو دەکات
ژیان لە مەیدانی ئاسوودەیی شایی چەند گەرمە
قاز و قورینگەکان زوو فڕین
چیای نەبەردییان بۆ نیشتنەوە بۆ نادۆزرێتەوە
نهێنیی جوانی لەمەیە
نهێنی چەند دڵنەواییی شەونم و هەتاو دەکات
جوانی لە مەیدانی ئاسوودەیی شینی چەند گەرمە
ئەوە بەسە گوێ لە دەنگی دڵی خۆت بگری
بچیتە ڕاوی ئاو و ئاوێنەی حەوتبەندی ئاسمان
ڕاز و نیاز و ئاسوودەییە بچیتە لای خودا
کەموکورتییەکانی ژیان تەواو بکەیت

٦٥

زەنگی ١٦ای ٣

ویستمە ڕوومەتم لەسەر هەنارێك دانێم
مردنێکی سپی بمرم
مردنی سپی دوا قۆناغی گەیشتنی مێرووولەی بارگرانە
خۆ من بەڕێوەم و چوارلام ئاوێنەیە
مانگ بە لێوی بە بارییەوە
دادەبەزێتە ناو ئاوێنە و پۆپیتەی کەڵەباب
بە چوار لادا سەما و پاسەوانی دەکات
هێماکانی هاتوچۆی چوارڕیانی شاریش ڕوون
کە زەنگی ١٦ای ٣ لێدەدا
هەمووومان لە

ماڵ	و
کۆڵان	و
شەقام	و
ناوەندی شار	دەوەستین

چاوی ئاسمان لە چاوی کەسمان ناچێت
بزەیەك بۆ چاوی یەك دەکەین و بڵاودەبینەوە
کۆتریێك لەسەر میلی ١١ و ٣٥ خولەك ملی درێژ کردووەتەوە
چاوی لە چاوی هەمووومان دەچێت
ماسییەك لە قووڵاییدا ڕادەچەنێت و چاوی لەسەر وشکایی و ئاودا
ئەملا و ئەولا دەکات
قاز و قورینگی کێویش لە بەرزاییەکانەوە
بۆ یاری باڵ لە ئاودان دادەبەزن
ئەوپەڕی هەست و ختووکەی شکۆ بەسەر ڕووی ئاوەوەیە

٦٦

ئاوازی جێگۆڕکێ

ئاسمان سەرۆك خێزانی زەوییە
دەست بەسەر و پرچی دادەهێنێ
مانگ تەماشای ئاوی مەند دەکات
لە مەندیشدا تەماشای خۆی
لە خۆویستییاندا یەکتری ون دەکەن
هەردووکیان زیانیان پێ دەگات
گەنم دوور بکەویتەوە و لە خاڵێکدا نقووم بێت
گوڵ جێگای دەگریتەوە
گوڵ دوور بکەویتەوە و لە بازنەی ئاوێکدا نقووم بێت
گەنم جێگای دەگریتەوە
لە وەختی جێگۆڕکێی گەنم و گوڵدا
ئاوازێکی تایبەتیی سەمازان هەیە
گوڵ دەلاوێنێتەوە و گوڵا و دەڕسکێنێت

گەنم سەما و سڵاو و تەمەندرێژی دەبەخشێت بە گوڵ
گوڵیش هەمان بەخشین
لاڕەشە دەمی خستووەتە سەمایان
گوڵاویش بەسەر هەردووکیاندا دەپژێت
چاوی ئەویندارە و جێگۆڕکێ ناکات
ئەگەر ئەویندار بە بەردەم ئاگردا تێپەڕی
شادەماری چاوی پساند
چی ڕوو دەدات
ناڵەی سەرچاوە بە جۆشە
یاران سەیر نییە
مانگ باسکی لەژێر سەرمان بکێشێتەوە
ناوچەوانی تێکنێت و بە دڵنەرمی لەگەڵمان نەژی
جێگۆڕکێ و جێگرتنەوە
زۆر کەسی تێدا ون بوو
نەدیترانەوەش
تەنیا چاویان قسەمان لەگەڵ دەکەن و خۆیانمان پێدەسپێرن
ئاوازی تایبەتی سەمازان

گەنم لە تەنیشت جۆلانەدا نووست
سەری پڕن لە کۆتر
گوڵیش لە بەرزایی لك
پاشان گیانی بە گیانی چوونە دیداری یاران
مانگ مردەی ئەوەیە
ئەو ئاوە ببینێ کە بەژێر پرددا ڕەت دەبێت
پاش ئەوەی دڵۆپە باران لەسەر و پرچم وشك دەبنەوە
لادەدەمە شاری کتێبان
هەموو بزربووەکان دەدۆزمەوە
دڵنیا دەبینەوە لە دڵنەرمی مانگ
دێینەوە سێبەری گەنم و گوڵ
تەواوی شتەکانمان بەبیر دێنێتەوە
لە ناویاندا سادە دەبینەوە
سادەیی دڵ

٦٧

خۆ بە دیواروەکردن

لەسەر دیواری منداڵیم
وێنەی دەست و دڵ و ئاگرێك
کە ناوکی دەربەندی گۆمیان لە دووکەڵدا پێچایەوە
هەڵیاندایە سەر پشتی کۆچی ناوەخت
لەسەر دیواری هەرزەییم
وێنەی تیروکەوانێکی دارین
لەسەر دیواری گەنجیم
وێنەی تیشکێك خوێنی تێدا زاوە
لەسەر دیواری جوامێریم
وێنەی جێگاپێی ڕووناکی یاران
لەسەر دیواری پیریم
وێنەی بەرگی دیوانم

لەسەر دیواری کەنەفتیم
وێنەی بە کۆی منداڵەکانم
خەندەیەك گەشی کردوون
دوای کەنەفتیم و بەهەشتی ڕاز
وێنەی من بە دیواری ماڵی منداڵەکانمەوە
ئەرێ خۆر لە حەوشە و بانی نەمری و خانەی خودادا
لە چی جوانترە
کێکی جەژنی لەدایکبوون مۆمی ڕەنگاوڕەنگی لە ناو دەسووتێت
دڵت لە خۆت دانەمێنێت
دەبێتە کەسێکی مەشقی خودایی کردوو
هەموو خەڵك دەتبینن بەرەو ئاسمان دەڕۆی
کتێبی پیرۆز وەردەگریت
بەرزاییەکانی ئاسمان
لە ڕێوڕەسمی وەرگرتنی کتێبدا یەك دەگرنەوە
دەستی یەکگرتنەوەی بەرزاییەکان ئێسکی تێدا نییە

٦٨

نموونەی ناز

دەتویست ئەو نەرمەبایە
چی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێت
لە لێواری پەنجەرەی تۆی
دابنێ و بیکاتە دیاری و فەرامۆشی دڵ
ئەی خانمی تەلاری خۆر و حەفت قەڵا من بۆ تۆ
باڵندەی هێوربوونەوەم پەروەردە کرد
نەرم نەرم بۆ لاواندنەوەت
بخوێنێ و خومارشکێنی تەنیایی بێت
شەرم لە ئەشق و نموونەی ناز نەکات
چونکە من ئومێدی ئاشقبوونم هەیە
لە

بەهره	و
سرووش	و
شیعر	دەپارێمەوە

لە ئەشقدا بەخشندەبم
لە ئاگر زیاتر هیچی تر لە ئامێز نەگرم
ئاگرێك بە بەردەممدا دێت و دەچێت
چونکە من جارێکی تر ئومێدی ئاشقبوونەوەم هەیە
یەکەمین وشەی دوای ئاشقبوونەوە
بە کۆچی یار ڕانەگەیشتم

٦٩

کە مەرگ مانای نامێنێ

گیا بە دەمودووی بای سەرپەڵە و سروەوە
سەما دەکات و ئاهەنگ دەگێڕێت
لەناو بێستان و ڕێگای بە گیادا
پەیڕەوی ڕەوشتی بای سەرپەڵە و سروە دەکەم
وەك ئەوان هەنگاو بە نەرمی دەنێم
بای سەرپەڵە و سروە بەقووڵی گیایان خۆشدەوێت و بۆ ناخی هەڵدەکەن
خۆشەویستی دێڕێکە لە شیعرێك کە بە بوون چوێندراوە
لە شوێنێك کە دڵە
مەرگ دەبێتە میوەیەك و دەستی بۆ دەبەین
ئەشق ڕەنگی دەبێتە ڕەنگی
سەدوبیست و چوار هەزار پێغەمبەر

هێما و ڕاز پڕ دەبن لە شیعر و جاویدانی و لەسەرەتادا وشە هەبوو
لەگەڵ خۆم دەیانهێنمەوەماڵەوە
دڵبەرە دڵباشەکەی من
شیعر و
جاویدانی و
لەسەرەتادا وشە هەبوو
لەگەڵ خۆتان بمبەنەوە خانەی خودا
هەرچی لە ئەفسوونی هەمیشەی ڕوودەدا با ڕووبدات

٧٠

دارشتنی چاو

دیکتاتۆر چاوی لە مس و کەلاشووشە داڕێژراوە
چاوی شاعیری

مەنگۆلی	و
دڵڕەش	و
بەدگۆ	و
دەروونکلۆر	یش

لە بەردی لامردە و ڤایرۆس و مەقەس
چاوی ڕوون حەز بە خۆشبەختیی بیندراو دەکات
دڵبەرە دڵباشەکەی دەدۆزێتەوە و شتێك وەك
ئەستێرەی کاکێشان دەردەکەوێت
هەنگاو بۆ ناو پەرستگات دەنێت و هەنگاوی پشوو پێدەدا
لە چاوی دوژمنەکەت ورد ببیتەوە
ئومێدێك دەبینی خۆتی
خۆری سبەینان لە قۆزاخەی ناوچەوانت دەخەملێ
پاشان لە دڵخۆشییەکدا دەپشکوێت
تەنیا هاتین و تەنیاش دەڕۆین
نێوانیان ناسینی داوەکانی سەر ڕێگا

٧١

ماوە خواستن بۆ دوا نیگا

مەنزڵگای سەرەتا و کۆتاییم
ئەی یەکەم نیگا و سروشتی ژیان
ئایە ماوەی دوا نیگا ماوە
بە تەك گەڵایەکدا تێبپەڕم
شەونمێکی لەسەر مابێتەوە
بەسەریدا بنووشتێمەوە و ماچی بکەم
ئەو بە پشت و پەنا و من بە خوێن و گۆشتی خۆمی بزانم
ماوەم نەبوو تەواوی چیرۆکی
ڕاز و نائومێدی باپیران بخوێنمەوە
لە ترسان لەرزیم و ئەو پرسیارەم کرد

هیچ نییە کاتێك بە کوڵ و بە دڵ دەگریم
فرمێسکی منیش لەسەر گەڵایەکدا دەمێنێتەوە
گریانەکەی خۆم دەخۆمەوە
دیسان دەلەرزم و پرسیارێکی تاساو
هەڵدەدەمە ناو کتێبی نیوەکراوەی ڕاز و نائومێدی
دەگەڕێمەوە لای مەنزڵگای سەرەتا و کۆتاییم
ئەمیش هەمان قسەم بۆ دەکاتەوە
کتێبی نیوەکراوەی ڕاز و نائومێدی هەمیشە
لە شانێکەوە خۆی دەگوازێتەوە شانێکی تر
کەسیش ماوەی نابێت بە تەواوی بیخوێنێتەوە

٧٢

چاوتەنگیی دڕك

لەبەر چاوتەنگیی دڕکە
گوڵی خۆبەخت ئاوا بە دڵبەرزی
خۆی لەبەر خۆری دەست و دڵکراوەیی بەهار هەڵخستووە
تیتر واسك کاتێك هەواڵی مەترسییەك دەهێنێ
بە شێوەیەك لە ئاسمان لەنگەر دەگرێت
سێبەرەکەی بکەوێتە سەر گوڵی خۆبەخت
چاوکراوەیی گوڵی خۆبەخت
قەرزاری چاوتەنگیی دڕکە
وەختێك گوڵی خۆبەخت دەڵێ ئاخ دەتوانم لەگەڵیدا بڵێم
پێم سەیرە
ڕووەکێك لە زەوییەوە ڕەگی گەرم بووبێت و باڵا بەرز بکاتەوە
دڕك بدات
چاوکراوەیی شووشەی ئیرەیی دەشکێنێت
خانمی تەلاری خۆر و حەفت قەلاش
هێلکەی پیس لە دیوار دەدا
بە نیازی چوونە دیداری دڕك
پشتێنی ڕێگام لە پشت بەست و کەوتمە دڵگێڕان
چاوی داخست و ڕووی شەرمەزاری داپۆشی

دڕك چیت هەیە بە گوڵی خۆبەختی بڵێ
ڕەنگە نەزانێت سێبەری ماتی تیتر واسك
لەناو پەلکی گوڵی خۆبەختدا دەبێتە
پەلکەزێڕینە و دێت لە ژوورە کانماندا لە گەڵمان دادەنیشێت
گوڵی خۆبەخت بۆ ئەوەیە
هەموو کەسێك بخاتە بیر کردنەوەی

زایەڵەی ناسك
ماتی زەردەپەڕ
هەوری چاوپڕ
جەژنی ڕازانەوەی زەمین

زەمین لەوپەڕی ئارامیی و دڵخۆشیدا دەفەرمووێت
باڵتان لێکدەن و وەرنەوە
باڵتان
ئا ئا باڵتان
دڵم ماڵی گەرمی مەلی باڵسووکی ڕازە
ئەرێ کێ ڕۆژێك لەڕۆژان تەماشای
قووڵایی پەنجەکانی مەلی باڵسووکی ڕازی کردووە
کاتێك بەسەر ماڵی گەرمی خۆیدا دەنیشێتەوە

٧٣

دواتاریکی

خودای سەد و یەك ناو جوانی و نەمریی
لە وەڵامدانەوەی سڵاوی جوامێر و جوانەمەرگان
بەهرەیان وەرگرتووە
چەند لکە دارێکی لە ڕەگ و پژوپۆوە
باش ناسراو و لەگەڵ خەیاڵی خۆیان بەئاشتی ژیاو
لەسەر گۆڕێکی بیلبیلە هێمن داندراون
ڕێبوارێکی دڵپڕی گڵۆڵە لەدەست بەربووش
دوو نانی لەسەر کێڵەکان هەڵخستووە
لەسەر چۆکان بەدیارییەوە دانیشتم
تەماشای سەرزەمینی بەختەوەریم کرد
هەردوو دەست و هەردوو چاوم

بەتاڵ
بەتاڵ
بەتاڵ
بەتاڵ

بە دەنگی جەرگەڕۆ و تەواو تاساوەوە
داوام کرد لێمگەڕێن خانوو و بانی ئەم بیلبیلە هێمنە
چەند بە سێبەر و هەتاوە
لەناکاو دەنگی کەوتنێکی ترسناك
ئەم دەوروبەرەی ڕاچەناند و بەردی بن گۆمی دەرهێنا
ئەم دەست و ئەو دەستی ڕێگاوبانی ئەو دنیا
چەند بە دار و بار و میوەیە
ئەرێ لە بەهەشت گۆڕستان هەیە
یان وەرزەکان کامیان دەزگیرانی
کامەیانە و کامیان

فەرمانڕەوایە و توانای پێشبینی لە خۆیدا پاشەکەوت کردووە
کێلنووس بۆنوبەرامەی ڕێگاوبانی وەرزەکان
دەناسێت و پێی لەناو تەشتێك ئاوی شیرتێن دێنێ و دەبات
بەرانبەر مانگی هەڵاتوو یان دواتاریکی
دەمی پڕ هاواری کردووەتەوە
ڕستە لە ساماڵ و گوڵی سپێدە ڕاماوەکانم بۆ کام ناو بەکاربهێنم
٢٠١٢/١٢/٨ عەباس سابیر حەسەن
گەرمایی دەستی لەناو دەستم ساردبووەوە
هەتاو تێکەڵ بەئاوبوو
درووود بۆ تێکەڵبوونەوە و دۆنایدۆن
خوێن و گۆشتیش بەخۆڵ
لەو ڕووداوەوە زانیم خەم سەری تێکردووم
بۆم نییە لەمەوبەدوا بیر لە شەیە دارینەکەی دایکم بکەمەوە
پرچم تەڕبکات و بمنێرێتە بەرکار و بەرخ و ڕادوێم بە ملەوە بکات
یان بە دەنگی بەرز کۆترەکانی حەوشە
هەڵفرێنم و بە ئەستێرەی باڵداریان بزانم
یانیش جووجکەکانی بۆ کۆبکەمەوە
مریشکەکانیشی بۆ هەڵدەمە سەرلکی دارتووەکەی حەوشەمان

بابۆڵەیەك بە خورما و هێلکەی کوڵاو لەگەڵ خۆت ببە
سەرێك لە گۆڕی باوك و دایکمان بدە
گرانایی سەر سینگیان بکە هەویری کولیچەی جەژن
لەم گۆڕستانەدا هەموو شتێك باڵندەی نیشتوون
گوێیان بۆ مژدەی شادی سووك کردووە
خوێن بۆ بازوویان دەگەڕێتەوە
بیلبیلە هێمن لە گۆڕێك
گۆڕێکی چاو خوێن تیژ‌ا و دێتەدەرێ
لە ئەو سەری ژیانەوە بۆ ئەم سەری ژیان
بۆ دوو بازی هەڵفڕێندراو دەڕوانێت
ئاسمانی بەپێروو لە چاوی بیلبیلە هێمندا
لە خاڵی سەرنوونی مردن بچووکترە
لە خاڵی سەرنوونی ژیانیش گەورەترە
داوای کەشتی نووحی کرد
درەنگ گەیشت
مردن لە پێناو گەیشتندا هیچ کاتێك زوونییە
لە شوێنێکی چاوەڕوانکراودا
ئێستا باڵندەیەك دەنووك لە ئاو نزیك دەخاتەوە

ئاوی سەرەمەرگ بدا بە برایەکەی
ئەمە هەموو شتێکە
هەموو شتێك
ئا ئا هەموو شتێك
هەموو شتێك لە شوێنی چاوەڕوانکراودا دەردەکەوێت
دەرکەوتن و تاڵی ژیان ئاشنای سرووش وەرگرتنی کردین
سرووش سەرەتای ژیانە و شەرابێکە سەرخۆشکەر
قوڕگم لەتاو فرمێسك و هەنیسك گیرا
دڵیشم لەناو دەرکەوتن و تاڵی ژیاندا پێستی تەنك دەبووەوە
دڵبینابووم دڵبینا
ڕۆشنایی دیدار لە دڵبینادا گرشە گرش دەکات
ئێمە ئەو تەرمە بیلبیلە هێمنە
دەخەینەوە سەر بەروانکەی منداڵی و زینی پاسکیلەکەی
تا کەروێشکە خرپنەکانی لە ئاوخواردنەوە دەگەڕێنەوە
چاوەڕوانی زۆری ناوێ
سەرچاوەی ئاو لە ماڵەکەمانەوە دوور نییە

برام	برام	برام	برام

ئەرێ هاوار بۆچی هەیە
بەهەشت دڵبەرێکە جوانییەکی سادەی هەیە
ئاشق بۆخۆی ڕادەکێشێت
مردن لەپێناو ئەشقدا هیچ کاتێك زوو نییە
ئەرێ ئارەزووی نەمریی کێڵگە بۆ وا بە پیت بووە
دنیاش بۆ وا زوو تاریك داهات
نەمریی هیچی لە کەس نەپرسیوە
چەند پێشنیارێکی هەیە و بەهرەی لە دڵ وەرگرتووە
منیش لە ڕوخساری ورد دەبمەوە و بەهرە وەردەگرم

٧٤

چاوی ڕاست و چەپ

بە چاوی ڕاستم دەبینم
پەپوولەسلێمانەی هێمن و لاشەڕ لە

باشووکە	و
کوندەبۆ	و
کەڕەوڵە	و
داڵاش	دوورکەوتووەتەوە

لە پەڵەیەکی ڕووناکدا دەنووکی
لە خۆڵی چاومەستدا پشوو پێدەدا
بە چاوی چەپیش دەبینم
کۆمەڵێك منداڵ لە یاریکردن تەواوبوونە
بە ڕووگەرمییەوە بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە
بەسەر ئاگرێکدادەنووشتێمەوە
چاوی ڕاست و چاوی چەپ چەشنی دوو پیاڵە مەی دەترووسکێنەوە
خەریکەدەکوژێتەوە
جوانیش لە چاوی تەماوی لە دایك نابێت
بەردم لە خۆڵەمێشی دیکتاتۆرێك‌دا
چۆلەکەیەك‌ترسا
پەنای بۆ شانی ئەو منداڵانە برد
لە دوای یاری بە ڕووگەرمییەوە بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە

٧٥

شەڕی ناوەخۆ

ئەسپێک عارەبانەیەک ڕادەکێشێ
دوو تەنیشتی وەک تابلۆی شانازی
بە وێنەی ئەو پەلەوەر و ئاژەڵانە نەخشێندراوە

مامز
کەروێشک
کەو
کەڵەکێوی

لاشەی سەربڕاوی

مامز	و
کەروێشك	و
کەو	و
کەڵەکێوی	شی هەڵگرتووە

نەموێرا تێر سەیری شەڕی ناوەخۆی
نەخشی سەر عارەبانەکە بکەم
چووم بۆنی ئەو خاك و ئاوەم کرد

مامز	و
کەروێشك	و
کەو	و
کەڵەکێوی	پەلوپۆی خۆیانی لەناو وەردەدەن

ئەوە تابلۆی چ شانازییە کە
دەیەوێت قسەم لەگەڵدا بکات
منیش ناتوانم گوێی لێ بگرم و هیچیشی لەبارەوە بڵێم
ئاسمان لەمیانەی نەتوانینم
ڕوون دەبێتەوە و ئەستێرە دەچنە ناوی
ئێمەش ڕەنگی ڕژاوی قوربانییەکانمان دەناسینەوە
ڕوخساری قوربانییەکانمان
لەژێر ئەستێرەی ڕووندا وەك دەمار لێدەدا
لە ڕێ و باندا

مامز	و
کەروێشك	و
کەو	و
کەڵەکێوی	بەپێشمان تێدەپەڕن

دووریش بکەونەوە سێبەرەکانیان دەجووڵێت
دەزانن وەرزەکان
کامەیان فەرمانڕەوایە و کامیان
دەزگیرانی کامیانە و توانای پێشبینی لە خۆیدا پاشەکەوت کردووە

٧٦

تاسەی خودایی

سەرەتا کە هاتە لام
من بە نیازی خەونبینین چووبوومە سەر تەختی نووستن
هەوا بە جۆرێك خۆش ببوو سەرپۆشی نەدەویست
بۆنوبەرامەی کەشی ژوورەکەی گۆڕی
بەخەبەرهاتم و دڵم لەناو قۆزاخەی یاد دەرهێنا
دەستی پڕ کلیلم بۆ گوارەی برد
بۆشایی نێوان دەستم و گوارە
بووە ئاسۆیەکی ئەفسووناوی و لە تەنیشتم دانیشت
ئاسۆ لە تەنیشت هەموو چاوێك
دادەنیشێت و ئەفسوون دەکات

وردە	وردە
هێدی	هێدی
بەناز	بەناز
درەوشاوە	درەوشاوە

بۆشایی بووە جوانی و ئاراستەی ڕووگەنما
جوانی هەموو کات هی من بووە
بە تاسەی خودایی بە سینگمەوەم نووساندووە
بۆ دواجاریش ئاورێك لەم تۆپەڵە ڕیخۆڵەیەی
ناو زگی مریشك دەدەمەوە
ژنەکەم بۆ پشیلەی فڕێ دا
ئەی جوانی دەستی تکا و نزام گەیشتووەتە بەرسینگی ئاسمان
تا هەناوم تێدایە چ دووعایەکت بۆ بکەم
چ دووعایەکت لێ بکەم
زوو هاتییە ناوچەوانم و چاوم بە جوانی خودا کەوت
ژیانێکی شادمانم لەگەڵتدا بردووەتە سەر

٧٧

باوك و دایکم

١٩٦٣/٦/١٣ حەرەس قەومی
قۆنداغەی تفەنگیان
لە سینگی سابیر حەسەن سلێمان شکاند
خوێن لە فاتەڕەشەی بەربوو
تلایەوە و بەسەر سەردا گینگڵی دا
تەمەن و ژیانی بووە پرتەقاڵێکی خۆرکە لێدراو
١٩٧١/١١/١٤ خوێنی خاوبووەوە و گەشەی نینۆکەکانی وەستا
خەڵکی جوانی گۆڕستان
دەستی میهرەبانییان درێژکرد و لێیان وەرگرتین
گوتیان لەوپەڕی شانازیدا دەرگای باخچەی مردنی کوتاوە

چاوی بینینی بێدارن و باخچەی مردنیش نایاب و بە سۆزە
خونچە ئیسماعیل عومەر لە ١٦/١٢/١٩٥٦دا
بە جلی ڕەشەوە چووە پەردەی بووکێنی و ئاهەنگی خامۆشییەوە

جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش

١٩/١٢/٢٠٠٥ پەری بە ئاوی چاویان
شووشتیان و جلی پرسەیان لەبەر فڕێ دا
هەموو سەرپەڵەیەك بە تەنیشتمان تێدەپەڕێت
تك تك ئارەقەی گۆی مەیدان لە ناوچەوانییەوە دەتکێ
دەکەوێتە بەر

دەرگا	و
ماڵ	و
باخچە	و
کێڵگە	مان

باوك و دایك ئەو یادەوەرییانەن بەسەر لێوی بە بارمانەوە
خۆر لە زەردەی ئاوابوونی
لە هەموو کاتێکی میهرەبان و نەرمونیانترە
ئێمە بە

ئاگر
خۆڵ
ئاو
با

یان

تەورات
ئینجیل
قورئان

دەبەستێتەوە
ئا بەم جۆرە ڕەنگی شێوە مردن نیشتە حەوشە و بان
سێبەری دارتووەکەمانی پێچایەوە
ڕەنگێك چاوی سپی کردن

له دڵ و چاوی منەوە بەهەشتە ئەم ماڵ و خانەوادەیە
لە بەخشندەییياندا گوڵەگەنمی شیعر بڵند بووەوە
بە باڵی شەمێییەوە لەسەر گەنجینە ناوەستم
بای نازنەکێشاوی شازادەکانی هەزار و یەکشەوە لێم دەدا
هەموو سەرەجەژن و سەری ساڵان
کراسی باوك و دایکم لە سەرچاوم دادەنێم
بۆنی کراسەکان بەدوای ئۆقرەی مندا دێن و پشوو دەدەن
پشوو تەنیا بۆ ئێوەیە بۆنی کراسەکان
کاتێك بە بەخشندەیی سەیری پەروەردەکراوەکانتان دەکەن
ئای لە بەخشندەیی چاوم
چەند پارچەیەك ڕووناکی مرۆڤی
هەڵدایە ناو تاریکییەوە
پیاو و ژنێك و شەش منداڵ
لە ناو تابلۆی ڕاز و یادەکاندان یان لە ڕوخساری کتێبێکدا
تەماشای کلۆ شەکری سەر سینی و جۆشی سەماوەر دەکەن
دەیانەوێت لەسەر کێش و ئاوازی
زمانی ڕوون و ڕەوانی ناو و شوێن بێنە دوان
پەنجەرەکان لە ناکاودا بەڕووی پشتدا کرانەوە

٧٨
دوا پەیام

درەختەکانی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاوبان
فەرموویان لێ کردم ئەی سروودە کان تێپەڕە
شکۆی خۆشەویستانت لە ئاسماندا ببینە
دایکە سروشت
دەزووی گەورەمەندی لە پەنجە ئاڵاندم و هەڵیدام
بێ دڵ لەدڵدان
بە ئاسماندا ڕۆیشتم و گەیشتم بە شکۆی پەیام
هەموومان لە سێبەریدا دەست لە دڵمان دەدەین
بارانێك بە هیواوە نمە دەکات
سڵاوی بنە گوڵێکی پێیە و لە تەنیشتمان دادەنیشێت
نیگای دەکاتەوە و بەسەر گیانماندا دەمێنێتەوە
بێ ئەوەی بدوێم هەواڵی خرۆشانێکم دەداتێت
باڵندەی بێ دەنگی هێلکەکانی تررووکان و کەوانەی بڕی
خۆ درەوشانەوەیەکی لەمە مەزنترمان نییە
لە ئومێدی ئەو باڵندەیەدا بژین
هێلکەکانی لە گەرمایی تیشکی خودادا تررووکان

٧٩

پڕبوونەوەی کاسە

دوای چل شەو و چل ڕۆژ باران بارین
کەشتیی نووح لەپێش ماڵی ئێمەدا گیرسایەوە
سەرنشینەکان

سەرگەردان	و
وەڕس	و
مات	و
لارەمل	کەوتن

فەرموون ئاگری دلۆڤانیم بۆ کردوونەتەوە
لە دەوری ئاگر گەرم بوونەوە
هەموو ئەو شتانەم پێشکێش کردن

کە خوداوەندەکان پێشکێشی دەکەن
دوای ئەوەی دەماریان توند بووەوە
دەستیان بۆ چاویان برد
زانیم شتێکی ئەوتۆیان لە یادەوەری لە بیر نەماوە
لە ماڵی مندا فێری دەمودوو بوونەوە
توانییان دووبارە بیر بکەنەوە و ژمارەی
کاتژمێرە هەڵواسراوەکان بخوێننەوە
ژیان ئازاد و پڕ لە ئارەزوو بە پێشماندا
هاتە پیاسە و خۆشڕوویی نواند
تەماشای قووڵیی دەمار و خوێن و گۆشتیمان کرد
بە خێرایی تیرێك
پەڕوباڵ بۆ فریشتە تاقانەکان گەڕایەوە
کاسەی زێڕین پڕ بووەوە و بەرەو سەرەتا بووینەوە
خانمی خامۆشی پرچی لە داوەکانی دووگوردی نوێژ نیانترە

٨٠

بانگەواز بۆ گۆڕهەڵکەن

دەستم لەسەر دوو باڵی فریشتە بوو
بە نان و ئاو و ئاگری خۆمەوە دابەزیمە سەر زەوی
بە

زەنگ و	زایەڵە و	دەنگ و	جۆشی

یاد	و
درووود	و
پەیام	و
ستایش	ەوە

هەواڵی جێگۆڕکێی سەباح سابیر حەسەن
١٨\١١\١٩٦٥ - ١٨\١١\٢٠٤٥
لە بستە خاکێکی مرادخواز و ماندوودا
شادییەکانی دەبیستێتەوە
هەشتا ساڵ دەزوو بە دەرزی وەکردنێکە
بە سەر ڕاوەشاندنی پڕ خەمەوە
ببوورە مووچڕکێك چاوی لێڵ کردم و سۆزێکی تایبەت گرتمی
مەلێکی کۆچەری لەسەر لکی درەختێك نیشتەوە
خوێنی پێی بەسەر لکەکەوە جێما
چووم تەواوی درەختەکە و خوێنەکەم ماچ کرد
وەرە خەونم با ڕووگەنمام
خوێنی پێی باڵندە بێ و لە ئاگر ڕابمێنم
لە ئاگر ڕامان ئاشق وەك میوە پێدەگەیەنێ
بستە خاکە ماندووەکەش یەکپارچە دەبێتە
مۆسیقا و گۆزەی پڕ

لە ئاکامدا هەر دەگەم بە باڵی باڵندەی بریندار و دڵی خۆم
ئێستا چاوەڕێی فەرمانم بفەرمووی
بۆ تاهەتایە سەرگەردان بە
ئا ئەوەتە من ئامادەم
گۆڕهەڵکەن ئەی تۆ لە کوێی
بە پێ ڕێگایەکی دوور و درێژم بڕیوە
ماڵئاوایی لەوانە دەکەم پێیان گەیشتووم
ئەرێ مێژوو لە کتێبی چەندەمی ئاسمانی
بەشێکم بۆ تەرخان دەکات
ئەو کاتەی مێژوو باسی خودایی دەهێنێتە سەر سەکۆ و ماڵەکانمان
من لەناو حیکمەت و هێزی قسەکانی ئەودا
قووڵ و بێدەنگ و گوێڕایەڵ
هەناسەی ئاسوودەیی هەڵدەمژم و بیر لە خۆم دەکەمەوە
کتێبی ئاسمان وادەیەکی لەگەڵمدا هەبوو
منیش وادەیەك و لە هەستی خۆمەوە ناسیومە

هەتاو بۆم دوا
نابێ هیچ ڕازێك لە تاریکیدا بمێنێتەوە
شوێنەواری هەموو ڕێگاکانیش دەربکەون
تەرمەکەم لەبەر هەیوانێك داندراوە
پوورەی شیعر دەوری گرتووم و ناوی شیعرم لەسەر لێوە
شیعر لە دڵەوە نوێژم لەسەر دەکات
خودای سەد و یەك ناو
حیکمەتی وشەم تێدا بخرۆشێنە و لە شاعیرە

مەنگۆلی	و
دڵڕەش	و
بەدگۆ	و
دەروونکلۆر	ە کان بمپارێزە

من پێوەری هەستەکانی زەویم
بە پێ ڕێگایەکی دوور و درێژم بڕیوە
میوانداری ئەوانە دەکەم پێیان گەیشتووم
ڕەگی میوەی مەی چەترمە و هەڵمداوە
بەتاو وەرن ئەستێرەی شەوقدار و برای گیانی هەستەکانم
ئاسمانی ڕوون قووڵ و بێدەنگ و گوێڕایەڵ ماوەتەوە
تایبەت دیدارمان دەبێت
دەبین بە خاوەنی چاوەکانی
سێبەری شووم لەسەر زەوی لا دەچێت
وەك چاوی ئەو و دڵی خۆمان
بەڕێگادا یاری ڕۆیشتن و گەڕانەوە دەکەین
ماسوولکەکانی ڕێگا توند دەبنەوە
کەپری پشوودان لەمبەر و ئەوبەری دەبەسترێ
هەر کاتێك تەماشای ڕێگا بکەین
هەموو شتێکمان بە بیر دێتەوە و بەناو کاتێکی خۆشدا ڕێ دەکەین

خودای سەد و یەك ناو ڕۆیشتن و گەڕانەوە
لەم ڕێگاوبانە بۆنخۆشەدا تابلێی بێ دڵەڕاوکێیە
فریشتەکانی فریاکەوتن ناهێڵن گورگ نزیك ببنەوە
گۆرانی تێیدا دێتە سەر دەم و لەبیر ناچێتەوە
شاعیری گەڕاوەی شەڕی گورگیش
دوودڵی خامۆش دەبێ و گوێ بۆ گۆرانی هۆگری ڕادەدێرێ
یادەوەرییە بەخشندەکانی و بەهرە و سرووش و شیعر دێنە فریای
ئەی خودای سەد و یەك ناو ڕێبوارێکی ڕۆشنی

بەهرە	و	
سرووش	و	
شیعر	م	
ماندووم	ماندووم	ماندوو

دەستم بگرە بابچمە ماڵی ڕۆشن
ماڵم لە سێبەری باڵی باڵندەیەك دانا
گوتی لەبەر خاتری تۆ بۆ ماوەیەك فڕین دوادەخەم
تاپشوو دەدەیت و تێرخەو دەبیت و خەونێك دەبینیت
خەونی

تەورات
ئینجیل
قورئان

ئەرێ شادی بێهوودە خەونەکانم چی لێ بکەم

٢٠١٢ - ٢٠١٣ هەولێر

نامە وەک بەشێک لە سەرنج و تێبینی ئەدەبی و هەواڵپرسین

١

کاکە سەباح ڕەنجدەر: سـڵاو و خۆشەویستی زۆرم قبووڵ بفەرموون. ئەوکاتەی لە هەولێر لە کۆلێژی ئادابدا قوتابی بەشـی کوردی بووم، تۆم دەبینی لە کۆڕە شـیعرییەکانی لاوان شـیعرت دەخوێندەوە و لە هەموویان بە گوڕ و تینتر بووی، حەماسێکی سەیرت تێدابوو، هیوای زۆرم لێت چاوەڕوان دەکرد. زۆرجاریش لەگەڵ برادەرانم: (دکتۆر دڵشـاد عەلی و دکتۆر فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) باسی ئەو توانایەی تۆمان دەکرد. زوو زووش سەردانی کۆلێژی ئادابت دەکرد، وابزانم ئاشقی کیژێکی کۆلێژەکەمان ببووی. جا نازانم ئەشقەکەت چی پێ کردی. لەم ڕۆژانەدا کۆمەڵە شیعرێکتم لەلای مامۆسـتا (ئەژی گۆران) بینی و بۆ خوێندنەوە لێم خواست. بەڕاستی ئەو هیوایەی لە گەنجییەتەوە لێم چاوەڕوان دەکردیت، لەم کۆمەڵە شیعرەتدا (ڕووەکەکانی خوداوەند) هێناوتە دی. بە هیوام ببیتە ڕەمزێکی گرینگ لە شیعری نوێی کوردیدا، زۆریش پشت قایمم بەو هیوا خواستنەم. لەگەڵ مامۆستا (جەمال شارباژێڕی)ش باسی ئەو توانایەی تۆم کرد، ئەمیش بۆچوونی لەبارەتەوە زۆر باش بوو، گوتیشـی من لە هەشـتاکاندا یەکەم کتێبی چاپکراویم (زێوان) خوێندووەتەوە، توانای دەناسـم. دوای خۆم بۆ خوێندنەوە دام بە (عوسمان شەیدا) ش ئەمیش بۆچوونی ئێجگار باش بوو، وەك شـاعیرێکی بە دەسـەڵات و خاوەن ئەزموون تەماشـات دەکات و دەڵێت: جیهان لە زەینیدا خۆی چڕکردووەتەوە، بەڵام پێکهاتەی ڕوون نییە. زۆر تێبینی وردی تریشـی لەبارەی کۆمەڵە شیعرەکەتەوە هەبوو، حەزیشی دەکرد بتناسێت.

دیاردەیەکـی زۆر ئیجابی لە بەرهەمی تۆدا دەبینرێت. ئەمیش ئەوەیە شـاعیرە گەنجەکان کەوتوونەتە بەر شـەپۆلی لاساییکردنەوەی شیعری فارسی. تۆ خۆت لەمە پاراستووە و بە خەتی شێواز و بیر و بیرکردنەوەی خۆتدا دەڕۆیت. هەمان دیاردە

لەشیعری قۆناخی حەفتایەکانیشدا هەبوو، زۆرینەیان کەوتبوونەتە ژێر کاریگەری شێوازی شیعری عەرەبی، کەچی (ئەنوەر قادر محەمەد) بەخەتی شێوازی خۆیدا دەڕۆیشت و خۆی پاراستبوو لەشەپۆلی لاساییکردنەوە. ئەگەر کۆمەڵە شیعرەکەت لا ماوە چەند دانەیەکم بۆ بنێرە تا لێرە بیدەم بەو کەسانەی شیعر دەناسن و شەپۆلی ئەو لاساییکردنەوەیەی شیعری فارسی میزاجی کوردەواری تێکداون. بەهیوام گەرم و گوڕتر بیت لەگەڵ شیعردا و هەر بە ڕێگای خۆتدا بڕۆیت و بگەی بە خوێنەری خۆت.

هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران
١٩٩٩/٣/١ سلێمانی

٢

برا و ئازیز كاكە سەباح ڕەنجدەر: بە گەرمی دەستەكانت دەگوشم و چاوەكانت ماچ دەكەم، ئومێد دەكەم هەمیشە لە كۆلانە پێچاو پێچەكانی شیعردا چاوبڕكێ لەگەڵ تەمومژدا بكەیت و بەدوای سـێبەری گومان و ڕاڕاییدا بڕۆیت، هەرچەندە هەموو كووچە و كۆلانەكانیش بە یەقین تەنراون، یەقینێك جگە لە وەهم هیچی دی نییە.
برای خۆم، سوپاس بۆ ئەو یەك دوو وشەی لە كۆڵ خۆ كردنەوەیە، كە ویستووتە منیان پێ بخەیتە كەمین و قەرزدارم بكەیتەوە. بەهەر حاڵ بڕوا بكە منێك، كە زاكیرەم فیراق و تەنیایی و غوربەتی لێ دەتكێ، ئێوەم هەردەم لە خەیاڵ بووە و ئێوارانی مەچكۆ و پیاسەی شەستیم هەمیشە لەگەڵدان و ئەو دیوانە نوێیەشت پیرۆزە و هەرچەندە هێشتا نازانم لاپەڕەكانی ئاسمانن بۆ فڕین، یان دەبنە هەنوایەك بۆ منێك، كە شەستەبارانی تەنیایی خەریكە كەوەڕێم دەكات. بەو ئومێدەی بۆم ڕەوان بكەیت. ڕێزی زۆرم هەیە بۆ براژنم و چاوی (خەون و وەرز و شـاییی) ماچ دەكەم و دایكی هاوێر بە هەمان شێوە هەواڵتان دەپرسێت و (هاوێر)یش دەستەكانتان ماچ دەكات. برای خۆم، لەگەڵ (بورهان) كە لای من بوو ئێستاش تەنیا دوازدە سەعات بە شەمەندەفەر لە من دوورە.
زۆر باسـمان كردی و بە وردی لە هەواڵم پرسـی، دەزانم ئەو ڕووبەرەی، كە لەوێ ئەدیبان ئیشی تێدا دەكەن چۆنە و زەحمەتە تۆ بتوانی لەو جۆرە فەزایانە هەڵبكەی، لە ڕێی شیعرەوە هەناسە هەڵكێشە و گوێ مەدە ڕەشەبا. دەزانم ئەوانەی دوێنێ خۆیان بەنوێخواز دەزانی، ئەمڕۆ قاچی نوێخوازان دەگرن.
تەنیا لە ڕێی هەندێك ژمارەی گۆڤارەكانەوە ئاگام لە وەزعی ڕۆشنبیریی لای ئێوەیە و ئەو شتانەی دیومن تەنیا مەلەكردنێكن لە كەنار و خەونی كورتخایەنن و نەیانتوانیوە لەگەڵ خۆیان بمبەن بۆ سەفەر، كە من ئەوەم لە شیعردا داوایە.
قسـە زۆرن بۆ كردن و ئەم چەند وشەیەم تەنیا وەكو دەست گوشینێك لێ وەربگرە، چونكە هەڵگری نووسراو غەدری لێ كردم و یەكسەر گوتی سەفەر دەكەم دەرفەتێكی بۆ نەهێشتمەوە تێیدا بیر بكەمەوە و لەو دیو دارستانە نائاساییەكانی وشەوە لەگەڵتدا بدوێم. چاوەكانت ماچ دەكەم و بمێنیت بۆمان.

قادر مینە
٢٠٠٠/٢/٢ ئەڵمانیا

٣

هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویســـت کاکە سەباح ڕەنجدەر سڵاوی شیعر و داهێنان: دنیایەك ڕێز و خۆشەویستم لێ وەرگرن. هەواڵتان دەپرسم، لە جەنجاڵی ڕۆتینی ڕۆژانە و مردنی زۆر و لەدایکبوونی کەمدا.

کتێبەکەتانم پێ گەیشت، بە ڕێگای (محەمەد کوردۆ)ی هاوڕێماندا. دەمێکە دووراودوور بە وردی موتابەعەی ئەزموونی ئێوە دەکەم. پێم خۆشـــە لە نزیکەوە بتانبینم و بتناسم و قسەی زۆرتر بکەین.

لەگەڵ ئەو تێبینییانەی لەبارەی ئەزموونی ئێوە دەوترێت، بە باش و بە خراپەوە، لەنەوەی ئێوەدا زیاتر لە هەمووان تۆ بوویەتە جێگای شانازی من و گۆڕانکاری بەردەوام لەبەرهەمەکانتدا لەدایك دەبێت. لەکۆتایی هەشـــتایەکاندا (زێوان)م لە بەغدا لەهاوڕێم (نەژاد عەزیز سورمێ) خواست بۆ خوێندنەوە. تاکو ئێستاش لام ماوەتـــەوە و بۆم نەگەڕاندووەتەوە، داوای لێبووردنی لێ دەکەم. من زۆر ڕێز لەو هێمنی و جیاوازییەی داهێنانی ئێوە دەگرم و لێشی دڵنیام. بە هیوای دۆزینەوەی دنیای تازە و دیدگای تازەتر و خەونی گەورە و میهرەبان و ئەزەلی.

ڕەنگە ئەمە تەنیا بەســـەر کردنەوەیەك بێت، سوپاســـێك بێت. تا شادبوونمان بە دیدارتان. حورمەت و خۆشەویستیی بێ تخووبمان بفەرموون.

عیسا چیایی
٢٠٠٠/٦/٦ دەربەندیخان

٤

درەختی بەرائەت و (زێوان)ی پاکی، خۆشخوانی خەون و شیعر و سبەینێ، کاکە سەباح ڕەنجدەر: وەك هەمیشە ماچ و گوڵ و ڕووبارێك لە خۆشەویستی، بە هیوای شاد و بێوەی بن. ڕێزم بۆ ماڵەوە و چاوی منداڵە خۆشەویستەکانت (خەون و وەرز و شایی) ماچ دەکەم، کە دڵنیام ئێستا بوونە سێ درەختی هەڵکشاو، باڵا بەرز و هیوای تەمەن درێژییان بۆ دەخوازم.
کاکی شیرینم کاکە سەباح زۆرم قسە پێیە، بەڵام چۆن دەخرێنە سەر قاقەز، زەمەن دێت و دەڕوا، تەمەن هەڵدەکشێ، خەون و پڕۆژەم یەکجار زۆرن، بەڵام بۆ شەشەمین ساڵ دەچێت من تەنیا لەناو خوێندنی ئەکادیمیدا دەژیم، بواری نووسینم یەکجار کەمە و هێشتان چوار پێنج ساڵی دیکەشم ماوە بۆ خوێندن تەواوکردن، هێندێك کاری وەرگێڕانم کردووە، شانۆگەری مێشەکان-ی (سارتەر) م کردووەتە کوردی، بەهیوام ئەمساڵ بڵاوبێتەوە. لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییشم بە دەستەوەیە، بڕوام پێبکە شتی چاك هێندە زۆرە، کە تەواو نابێت. وەکی دیکە نازانم تۆ بە چییەوە خەریکی. پڕۆژەی نوێت چین. تۆ لەناو دەقی (کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵات)تدا زۆر بە بەرائەتەوە هەنگاوی گەورە گەورە دەهاوێیت. لە بیرتە من هەر زوو، لە سەرەتای دەستپێکردنمانەوە پێم گوتی: تۆ دوارۆژ شاعیرێکی زۆر چاك و داهێنەرت لێ دەردەچێت، ئێستا ئەمڕۆ باڵای شیعرت هێندە هەڵکشاوە، گەلێك گەلێك لە خۆت بەرزتر. بەدڵ سەربەرزم ئاوا بە هێمنی و دوور لە هیچ خۆ بردنە پێشێك هەنگاوی گەورە دەهاوێیت. شاعیرە گەورەکانی خۆمان و دنیاش هەروەك ئەو هێمنییەی تۆیان هەڵبژاردووە و ژیاون. ئەگەر جار ناجارە کاتت بوو، پێم خۆشە هەواڵتان بزانم و گەلێك دڵشاد دەبم. بڕوابکە زەمەن لە رووی جوگرافیاوە زۆر دووری کردینەوە، بەڵام من دڵم هەر لە تۆ نزیکە و لەناو (کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵات)دا پیاسە دەکات. جارێ بەجێتان دەهێڵم و بە هیوای دیداری نزیك، ماڵئاوا.

نەجاتی عەبدوڵڵا
٢٠٠٠/٧/١٢ پاریس

٥

هاوڕێم کاکە سەباح ڕەنجدەر: ئاسمانێك سڵاو و خۆشەویستیم بۆت هەیە، هیوادارم ئێستا کەمتر ماندووی دەستی مافیاکانی ناو ئەدەبی کوردی بیت. هاوڕێم تەنیا وەڵامێك و سوکناییيەك بۆ ڕۆحی خۆت، ڕەنگە هەر ئەوە بێت بە بێدەنگی خەریکی نووسین و عەشقی خۆت بیت، لە بیرت نەچێت ئەوەی، کە سبەینێ دەمێنێتەوە تەنیا بەرهەمی جوانە، چونکە بەرهەمی جوان ئەو گەوهەرەیە، کە لە بەرد قایمتر و بە تەمەنترە.

من باشم و ژیان جارییە، ئەگەر شەپۆلی لەپڕی خەمۆکی زۆر نەمهێنێ و نەمبا. زۆرجار نووسین بە کارێکی عەبەس و هیچ دەزانم و ڕێ بە خۆم دەدەم تەنیا ئەو حاڵەتە شیعرییانە وەك لەزەتێکی ڕۆحی خۆم تا دواتنۆك هەڵیمژم و لەگەڵیدا بژیم، بەڵام خۆت دەزانیت ئەو دەستەڵاتە نادیارەش هەمیشە قایل نابێت بێدەنگ بێت و بڕوات. بەهەر حاڵ هەندێ وردە پڕۆژەی نووسینم هەن، بەڵام وەك ئەسپی بەر عەرەبانە ماوەم نییە قایش لەخۆم بکەمەوە و بە هێمنی دانیشم بنووسم. ژیانی ئەم مەنفایە کوشندەیە، لێرە هەموو شتێك بەهای پارەی هەیە، کە نەتبێت ناتوانیت بژیت، کە هەشتبێت ناتوانیت نووسەر بیت.

خەنی لە ئێوە، کە دەتوانن وەك نووسەر بژین و بنووسن، هیچ نییە ئەو شەڕانەی تر، کە پێت دەفرۆشرێن، بەس نییە دەزانیت کێن ئەو پیاوە بچووکانەی، کە بەناوی ئەدەبەوە شەڕ دەفرۆشن، چما ئەدەب جوانکردنی ژیان و عەشق نییە، کەواتە خەمی ناوێت هەڵبەتە دەبێت درزێکی گەورە لە ڕۆحی ئەو باوەعەمرانەدا هەبێت، خۆ لێرە هاوڕێم ئەوەی شەڕت پێ دەفرۆشێت سیستەمێکە و دەموچاوی کەسەکان نابینێت، لە درزی دەرگای پۆستەکەی ماڵەوە خۆی دەکات بە ژووردا و بێ خوێن دەتکوژێت.

هاوڕێ گیان، ببوورە، کە وەڵامی پرسیارەکانتم زۆر درەنگ خست، بەدەست خۆم نەبوو، کە گەڕامەوە لە کوردستان نەمپەرژا وەڵامی پرسیارەکانت تەواوکەم، کە گەیشتیشمەوە کۆمپیوتەرەکەم تێکچوو هەموو وەڵامەکانیشم فەوتان، چاوەڕوانی ئەو وەڵام و پرسیارانە بووم، کە لە کوردستان لە ماڵەوە لەبیرم کردبوون، دەمێکیشە

تەواوم کردووە، بەڵام هەم تەمەڵی و هەم نەبوونی قاسیدێك وا وەڵامەکانی دواخست بگەن بەدەستت. ئەگەر پرسیارێکت لەلا دروست بوو دوای خوێندنەوەی وەڵامەکان بە ئیمەیل، یان فاکس بۆم بنێرە و من بە زووترین کات وەڵامت دەدەمەوە. ئەگەر ناش لەگەڵ گەیشتنی بەدەستت یەك ئیمەیلم بۆ بکە تا دڵنیابم چاوەکەم.
وا لەگەڵ ئەم دیســـکەدا شیعرێکی کۆنی خۆشمت بۆ دەنێرم، کە هێشتا بڵاوم نەکردۆتەوە، بە ئەرك نەبێت لە هەرگۆڤارێك خۆت پێت باش بوو، بۆم دابەزێنە. بەو زووانەش نامیلکەیەکی شـــیعریم هەیە ڕەنگە لێرە، یان لە کوردستان چاپی بکەم، جارێ بزانم چۆن دەبێت.
ئاگات لە خۆت بێت هاوڕێ گیان، سڵاوم بگەیەنە بە گەرد و خۆڵی تۆزاوی هەناسەکانی قەڵا، بە کچە جوانەکانی هەولێر، کە هەرگیز لە ماڵ نایەنە دەرێ، بە شێتەکانی سەر جادە، کە جوانترین ئینسانەکانی شارن، بە هەموو هاوڕێیەك کە منی لەبیر ماوە.
ســـاڵی تازەت پیرۆزبێت، بەو ئومێدەی ساڵی داهێنان و نووسینت بێت. ماچت دەکەم و خۆشمان دەوێیت

هیوا قادر
٢٠٠١/١٢/١٨ ستۆکهۆڵم

٦

برا و خۆشەویســـتم کاکە سەباح ڕەنجدەر: ئەم کاتەت شاد و بەختەوەر. بە هیوام تەندروستیت باش بێت و ناساغی نەبینیت.
چاوەکەم: ســـوپاس بۆ هەستی جوانت، ئەو هەستەی لەناو شیعرەکانتەوە پێمان دەگات. دنیایـــەك خۆم بە قەرزارباری تۆ دەزانم، بەرانبەر بە دڵســـافی و ئەو خۆشەویســـتییەی بەرانبەر وەرگێڕانەکانم دەینوێنیت. لێت ناشارمەوە هەندەی سەرسامم بە شیعرەکانت، چەندین هێندەی ئەوەش سەرسامم بە ڕەفتار و ئاکاری جوانت. وەك ئاشقێکی ئەدەب و شیعر خۆشم دەوێیت و ڕێزت لێ دەگرم. بەردەوام لە هەر کوێیەك بەرهەمەکانت ببینم دەیانخوێنمەوە و چێژیان لێ دەبینم. وەرگێڕی گەورەمان (شوکور مستەفا) جوانی بۆ چووە، گوتوویەتی: یەکێ لەو شاعیرانەی پێی مەست بووم، (سەباح ڕەنجدەر)ە. باوەشێك گوڵ و ڕێزت بۆ دەنێرم.

سەباح ئیسماعیل
٢٠٠٦/٧/٢٢ کەرکووك

٧

هاوڕێی ئازیزم کاکە سەباح ڕەنجدەر: سڵاو و ڕێزی زۆرم. چاوەکانت ماچ دەکەم، سوپاس بۆ نامەکەت، کە لە ڕێگای (سەنگەر زراری)ی ئازیزەوە بۆت ناردووم. زۆر خۆشحاڵ بووم. سوپاس، کە گفتوگۆکەمت خوێندووەتەوە و بە دڵت بووە. ئازیزم من وەکو یەکێك لە دەنگە گرینگەکانی شیعری ئەمڕۆی کوردی تۆم ناسیوە. زۆر ڕێز لە هێمنییەکەشت دەگرم، کە بەڕاستی لە هێمنیی هەر شاعیرێکی داهێنەری دنیا دەچێت. ڕاستییەکەی چەند مانگێك لەمەوبەر کاك (حەمە کاکەڕەش) قەسیدەیەکی خۆی بۆ ناردم، کە پێشەکیی بۆ بنووسم. دیارە هەمان قەسیدەی بۆ چەند نووسەرێکی دیکەش ناردبوو، لەوانە بۆ (بەختیار عەلی). من لەوێ جۆرێك بەراوردکاریم لەنێوان دنیای تۆ و ئەم شیعرەی ئەودا کردووە، بۆیە پێم خۆش بوو بۆتی بنێرم. لە ژمارەی داهاتووی گۆڤاری (هەنار)دا بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام لە ڕێگای (سەنگەر زراری)ی ئازیزەوە بۆتی دەنێرم. تکایە سڵاو و ڕێزم بە برادەرانم: (سابیر ڕەشید) و (سەلاح عومەر) و هاوڕێکانی دیکەی هەولێر بگەیەنە. شاد و بەختەوەر بیت.

کاروان عومەر کاکەسوور
٢٠٠٨/٥/١٦ دانیمارك

٨

سڵاو کاک سەباح ئەم کاتەت باش ماوەیەك لەمەوبەر کۆ مەڵە شیعرە چاپکراوەکانتم خوێندەوە، ناڵێم هەموو کون و قوژبنیانم تەی کرد، بەڵام شتێکم پێ گەیشت.
لایەنێکی باشی چاپکردنی بەرهەم ئەوەیە زۆرینەی ئەزموونی نووسەرت دەخاتە بەردەست. ئیتر تۆ سەرەتا و کۆتایی، هەڵچوون و کشان و دابەزینت لە بەرچاو دەبێت، یەکێکی تر لە چاکیی چاپکردنی بەرهەم ئەوەیە، گەڕان ماندووت ناکات. من جاری وا هەبووە. بۆ دەقێك، تەنیا دەقێکی شاعیرێك دوو شارم کردووە. بە تایبەت منێك، کە زۆربەی زۆری کتێبە کوردییەکانی جارانم لە بەردەستدا نەماوە، ئێستا زۆر پەشیمانم، چونکە ڕەخنەگر هەمیشە کاری بە دەقە. ئەگەر لە دەق داببڕێیت، ئەوە لە دیمەنی نەوە یەك بەدوایەکەکاندا دادەبڕێیت. هەر تەنیا خوێندنەوەی تیۆری ڕەخنە بەس نییە بۆ ڕەخنەگر، ئەو دووانە، ئاگابوون لە تیۆر و بەدوای دەقچووندا بە بەردەوامی پێویستە، تەواوکەری یەکترن. تەنیا یەکێکیان و فەرامۆشکردنی ئەوی تریان کارە ڕەخنەییەکە پێ ناگەیەنێت. یەکێك لە لایەنە چاکەکانی ئەزموونی تۆ ئەوەیە، کە خۆت نەداوەتە بەر دەربڕینی ڕاستەوخۆ، کە بۆ خۆی فراوانیی نوێگەری کەم دەکاتەوە و سنووری دیاریکراوی بۆ دادەنێ. دیارە نوێگەریش بێ سنوورە، مەودا و پانتایی بۆ دیاری ناکرێت، هەمیشە لە نووسین و پانتایی سنووردار دوور دەکەوێتەوە.
پەنابردنە بەر دەربڕینی ڕاستەوخۆ زمان پەراوێز دەخات، دەتوانم بڵێم تەئویلبڕە، تاکمەودایی دەخولقێنێ. بەدرێژایی ئەزموونی تۆ، هەر لە یەکەم کۆمەڵە شیعری چاپکراوتەوە تا دوا بەرهەمت ئەم خەسڵەتە چاکەت پاراستووە، بە ڕادەیەك کە هەندێك جار بەرەو تەمومژێکی خەستمان دەبات. من تەمومژ بە کارێکی پێویست دەزانم بۆ شیعر، ئەمەیش بەو مانایە نا، خۆمان لە داخراویدا بدۆزینەوە. پێم وایە تەمومژ سروشتی شیعرە، سروشت و خەسڵەتێکە پێوەی لکاوە. تەمومژ تەنانەت لە دەقە روونەکانیشدا هەیە، ئەمە خەسڵەتی شیعرە، چونکە لە ناوچەی هەڵچوون و قووڵایی ناخ و ناوچە نادیارەکانەوە دێت.
لە نیوەی دووەمی ئەزموونتەوە هەست بەوە دەکەم بەرەو زمان و فەزایەکی کراوەتر

دەچیت، مەبەستم لە زمان و فەزای کراوە دەقی کراوە نییە، بەڵکو مەبەستم لەو دەقانەیە گیروگرفتی گەیاندن و وەرگرتنیان لەلایەن خوێنەرەوە کەم دەبێتەوە. ئەمە لە کۆمەڵە شیعری (شەڕی چل ساڵە)، یان هەندێك دەقی ترتدا دەبینرێت.
پێم خۆشە، ئەو پێشەکییانەم پێ خۆشە کەوا لە کتێبەکاندا دەبینرێن و باسی شیعریان تێدا دەکرێت، ئەمانە وەکو مانیفێستی شیعری وان. دید و بۆچوونی شاعیرمان پیشان دەدەن، بۆچوونی: بۆ مۆسیقا، بۆ خەون، بۆ فەزا، بۆ ئەزموون.
حەز دەکەم هەموو شاعیرێك بۆچوونی خۆی لەبارەی شیعرەوە هەبێت، ئاگای لە تیۆری شیعر بێت، ناڵێم ببێت بە یاسا و نەگۆڕێت، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە پێش ئەوەی دەق بەرهەم بهێنێ لە دنیای شیعر گەیشتبێت. بەداخەوە زۆر شاعیری کورد ئەم لایەنەیان فەرامۆش کردووە. پێم وایە دنیای شیعر بە بەیاننامەی شیعری سنووردار ناکرێت. (ڕوانگە)ی لای خۆمان نەیتوانیوە بەپێی ویست و خەسڵەتی گشتیی خۆی سنوور بۆ داهێنانی (شێرکۆ بێکەس) دابنێت، شێرکۆش خۆی پابەندی ئەو هێڵە گشتییانە نەکردووە.
ڕاست دەکەی دەڵێیت: (زۆرێك لە شیعری ئیمڕۆمان لەسەر سیستەمی تاك دەنگی منی شاعیر وەك ڕەگەزێکی کارپێکەر بەڕێوە دەچێت، ئەم شێوازەش وەك هونەر هەرچی پێ بوو بەخشی).
لەگەڵتدام، بەڵام من ناڵێم زۆرێك، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری شیعرمان وەهایە. گرفتەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ ئەوەندە گەورە و فرە لایەنن، کە ناکرێ تاکە دەنگێك دەرەقەتیان بێت. لەگەڵ ئەمەشدا گرفتەکە لەوەدایە لیریکاییەتی تازە چەشن و جۆرێکی ترە، بەیەکجاری لە بنەما و ڕەگ و ڕیشەی خۆی دانەبڕاوە، ئەمڕۆ لیریکاییەت بەجۆرێکی تر کاری پێ دەکرێ. بەداخەوە لەمە بێ ئاگاین، بۆیە هەمیشە دەڵێین: کلۆڵیمان لەوەدایە کە ئاگامان لە پەرەسەندنی تیۆری و کەرەستەی ئەدەب نییە.
لە یادمە لە هەشتاکاندا هەوڵێك بۆ ئەوە دەدرا خۆمان لە زەینییەت و فرە دەنگی نزیك بکەینەوە، ئێستا خەریکم لە (من، من) بێزار دەبم، چونکە لە هەزاران دەقدا منێکی شیعریی تایبەتی نادۆزمەوە. (من) ئێجگار فرەیە و خود بزرە.

دوو شاعیری ئێرانی هەن تەمەن و ئەزموونی درێژیان هەیە. شیعری هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوویانم لایە، دوو سێ دیوانم لایە. شیعری ئەو کاتەیان بۆچوونێکی قوولاً و جوانە، بەتایبەتی یەکێکیان کە لە دوا دیواندا بە ئاشـــکرا دەڵێ: ئیتر کار و پێوەندیم بە (نیما)وە نەماوە. من ئیتر لە نیما دوور دەکەومەوە، ئەمەش پاش چل، پەنجا ســـالاً نووسین لەســـەر نیما و ڕێکردن لە سێبەریدا. یەکێکی تریشیان پاش ئەو هەموو بەها ئێستێتیکییە، تازە دێت لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: من ئیتر شاعیری دەستەبژێر نیم.

چی وا دەکات ئەم وەرچەرخانە ڕوو بدات، دیدی شـــاعیرێکی ڕەخنەگر وەهای لێ بێت بەناوی دەستەبژێر و نادەستەبژێرەوە لە بوونی شیعری کەم کاتەوە. بڵێی تەمەن بێت: بشـــێت جیهانیبوون کاری خراپی خۆی لەم بوارەدا نەکردبێت، جا دەبێ دژە دەستەبژێری بگاتە ڕادەی کەمکردنەوە لە بەهای پێکهاتەی شیعری، یان بە ناوی دژە دەستەبژێرییەوە کار بگەیەندرێتە سەر قسەی رووت و گوتاری ڕاستەوخۆی سواو.

من هەندێك داخراویم پێ خۆشترە لەو گوتارە ڕاستەوخۆ و ڕووشاوانە. شیعر لە دڵەوە بۆ دڵە، ئەمە وتەی ئەدیبێکی گەورەیە، باشە گریمان لاریمان لەم قسەیە نەبوو، بەڵام دەبێ لەم حاڵەتەدا دڵەکان لە یەکتر نەچن، دڵە شیعرییەکان جیاواز بن. ڕەنگ و بۆی تایبەتی خۆیان هەبێت، ئەم قســـەیە کۆتایی و دوا قسە و بۆچوون نییە لەبارەی شیعر.

ئەمڕۆ ئەوەندەی شیعری لێکچوو دەخرێتە ڕوو هەست بە خودێکی شیعری جیاواز ناکەیت، چەندبارەکردنەوەی عیشق و خۆشەویستی و سووتان خەریکە عیشقیشمان لە بەرچاو دەخات. لام وایە ئەو شاعیرانەی کە ئەو وشانە لە دەقەکانیاندا چەندبارە دەکەنەوە، وا بزانن شیعری بەتام و بۆ و ناسك ئەوەیە باسی عیشق بکات و ئەم وشەیە هاوەڵە نزیکەکانی لەگەلاً خۆیدا بهێنێ، هێشتا ڕانەهاتووین بەوەی وشەی زەلکاو بە شـــیرینی و جوانی ببینین، چونکە وا دەزانین لە دەقی ئەدەبیدا و لە ڕێگای کارلێکی لەگەلاً وشە و پێوەندیی پاش و پێشی خۆیدا هەمان مەدلوولی ناشیرینی دەبێت، یان سلاً لە بەرکاهێنانی وشەی شەڕ دەکەینەوە، چونکە پێمان

وایە لە دەقی شیعریدا هەمان مەدلوولی دەرەوەی دەقی دەبێت.
هەر ئاوایش سەیری وشەی عیشق دەکەین، کەوا دەزانین دووبارەکردنەوە لە دەقدا شیرینی شیعری دەبارێنێ. جیاوازی، جیاوازی، جیاوازی. جیاوازی لە دید و بۆچوون و جیهانبینی و خەون و شێوازدا، ئەگینا هەموومان وەك تاکە کۆمپانیایەکمان لێ دێ، کە تاکە بەرهەمێکی هەیە و تاکە مۆرکێکیشیان لێ دەدات. مەبەستیشم لە جیاوازیی دابڕان نییە لە دەقی تر و کەسی تر و زەمەنی تر. دابڕان جیایە لە جیاوازی، دەکرێ جیاواز بین، لە یەك دانەبڕێین. دەق نییە لە دەقی تر دابڕاو بێت، هەموو دەقەکان پێوەندییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، پێوەندییەکان دیار بن، یان نادیار، بە ویست بن، یان بێ ویست، وەك (ڕۆلان بارت) دەڵێ: دەق نییە سەربەخۆ بێت. بیرمە لە سەرەتای نەوەدەکاندا لێکۆڵینەوەیەکم لەبارەی دەقئاوێزانەوە نووسیبوو، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسێکی دیار و بەتوانای میللەتەکەمان پێی وتم: دەزانی بەم نووسینە ئاوێکی خراپت ڕشتووە، ئیتر هەر کەسێ هەڵدەستێت بەبیانووی دەقئاوێزانییەوە دزییەکانی خۆی دەشارێتەوە. پێم وایە ئەو چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە بەڕێزەمان زۆر لە بابەتەکە نەگەیشتبوو. ناهەقیشی نەبوو، چونکە ئەو کاتە وەك ئێستا سەرچاوەی وەها لەبارەی دەقئاوێزانییەوە نەبوو.
دێمە سەر مەبەستەکەم و دەڵێم: دەتوانین و بۆمان هەیە دەقێکی (تراکل) بنووسینەوە، یان دەقێکی (ریلکە)، بەمەرجێك ببێت بە دەقێکی خۆمان و خود و کەسایەتیی ئێمەی تێدا بێت، نەك ئەو دوو خود و کەسایەتییە. دەکرێ بە مەبەستی پێکهاتنی دەق، (ڕامبۆ) بنووسمەوە، بەڵام خۆم لە نووسینەکەدا هەبم نەك ڕامبۆ.
بزربوونی جیاوازی، یان سەرنەکەوتن لە پێکهێنانی هێڵی جیاوازدا لەنێوان خود و دەقەکاندا گەورەترین کێشەیە ڕووبەڕووی شیعری ئەمڕۆمان دەبێتەوە، گەورەترین کێشەش کە گرفتی وەرگرتن و خوێندنەوە دەورووژێنێت، دیوار لە نێوان دەق و خوێنەردا دروست دەکات.
خۆزگە دەهاتین و لە کاتی نووسینی هەموو دەقێکدا بیرمان لە جیاوازی دەکردەوە،

ئەو تاسە و ئارەزووەی کە بۆ نووسین هەمانە دەمانوەستاند تا ڕێگا نەدەین بەبێ هیچ هۆکار و ئامرازێکی هونەری لە خۆمان و کەسانی تر بچین.
بە پەلە شتەکان هەڵدەڕێژین. ئەمە خەڵوەت و ڕۆژووی دەوێ، بۆیە زیاتر کەسە داهێنەرەکان لەم کات و بوارانەدا خۆیان ڕادەگرن.
بەپێویســـتی دەزانم بۆ بەدیهێنانی جیاوازی بگەڕێین، خۆمان بکەین بە کون و قوژبنی دنیادا، بە ڕابردوودا، بە ئەفسانەدا، بە ئایین و شارستانییەت و مێژووی ئەدەبیدا. شتی جیاواز و شاراوە لەو ناوچە ڕۆشنبیرییانەدا بدۆزینەوە.
ئەمسالأ خۆشحاڵ بووم بەوەی سێ ئەزموونی تایبەتم خوێندەوە. ئەو سێ شاعیرە ئەو سێ ئەزموونەیان لەخود و کەسایەتیی شیعری پێش خۆیان پێکهێناوە، بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدا دەبینمەوە کاتێك دەیانخوێنیتەوە، هەم لەیەکتری جیاوازن، هەم لەخود و سەرچاوەش کە ئەمانیان لێ داهێنراوە.
یەکێك لەوانە، شاعیری ئێرانی (سەید عەلی ساڵحی)یە. گەڕاوەتەوە بۆ سەدە کۆنەکان، چووەتەوە لای (ئەبو نواس). دووەمیان کچە شـــاعیرێکی عێراقییە، چووەتەوە بۆ ســـەردەمی سۆمەرییەکان و خوداوەندی ئافرەت و لەوێوە دێتە سەر سەدەی بیست و کێشەی ئافرەت.
من چێژم لە (حەج)ەکەی دڵشاد عەبدوڵڵا بینی. ئەویش چووەتەوە سەر ئەزموون و ژیانی چەند شاعیرێك و لەو خود و کەسایەتییانەوە دەقی جیاوازی پێکهێناوە.
لـــە ئەزموونـــی تۆدا کۆمەڵێك دەقی دیار و نایاب هـــەن جودان لە پێکهاتە و بنیاددا. زۆر نووســـینیش هەن بێ بنیادن، زۆرن نەك کەم، شـــتێك نییە کۆیان کاتەوە. چوارچێوەیەکی هونەری نییە لە خۆیان بگرێ، دەتوانم بڵێم: ئەم دەقانە ڕووبەرێکی زۆری لە شیعری کوردی داگیرکردووە.
(ڕێزمانی کۆڵانەکان) لەنموونە جوانەکانە، بنیادێکی تۆکمەی هەیە، دابەشکردنی ناونیشان بەسەر چەند بەشێکدا بەناوی: کۆڵانەکانی زەوی، کۆڵانەکانی ئاسمان، کۆڵانەکانی ئاو، ئیقاعێکی لێکچوو لە هەمان کاتدا جیاوازی خوڵقاندووە، یان دەقی (خەونی خودایی) کە دابەشکراوە بەسەر چەند بڕگەیەکدا هەریەکە بەناوی: خەونی سروشـــت، خەونی زیندووان، خەونی مردووان، پاشـــان دووبارەبوونەوەی

خەونەکان.
نموونەی تریش لە کۆمەڵە شـــیعری (شەڕی چل ساڵە)دا بەدی دەکرێن، وەك:
(قۆناغەکان) کە هەریەکەیان: منداڵی، هەرزەکاری، گەنجی، جوامێری، پیری، کەنەفتی، ناونیشـــانێکی لە خوارەوە بۆ دانراوە، وەك تابلۆ بۆ منداڵی، سزا بۆ هـــەرزەکاری، توانا بۆ گەنجی، جێکردنەوە بۆ جوامێری، هێلکە بۆ پیری، کە ڕەنگە هەندێکیان دەلالەتی جیاواز ببەخشـــن، وەك: کەنەفتی کە جووڵەی بۆ دانراوە، ڕەنگە بەقەد دووریی جووڵە لە کەنەفتییەوە دەلالەتی جیاواز هەڵڕێژرابێت، یان دەقی (نوێژەکان) و دانانی دوو ناونیشان بۆ هەریەکەیان: بەیانی لە خوارێوە (ڕاکـــردن)، نیوەڕۆ لەخوارێوە (ترس)، عەســـر لە خوارێوە (تێبینی)، ئێوارە لە خوارێوە (گوڵاو)، شـــەو لە خوارێوە (ناسینەوە)، یان لە دەقی (پێکهاتن)دا کە پەنا براوەتە بەر هەمان دووانەی ناونیشـــان بۆ نموونە: (با) ناونیشانێکی تری بۆ دانراوە بەناوی (دەربەندی گۆم)ەوە، یان (ئاو) ناونیشـــانێکی تری بۆ دانراوە بەناوی (دەرکەوتن)ەوە، بەگشتی ڕەخنەگر دەتوانێت بەوردیی لەسەر ئەم ناونیشانە بوەستێ. بەتایبەتی لە (شەڕی چل ساڵە) و چەندین دەقی ترتدا، هەم لەسەر بنیاد و هەم لەسەر دەلالەتی ناونیشانەکان کە بۆ خۆیان داهێنانن و من ناونیشانی دووانەیی وەهام لە شیعری کوردیدا بەدی نەکردووە.
ئەم کۆمەڵە شـــیعرەی ئەم ســـاڵت (ســـەد و یەکشەوە)، یەکســـەر خەیاڵ بۆ حیکایەتەکانی هەزار و یەکشەوە دەبات، واتە خەیاڵ وەگەڕ دەخەن بۆ پانتاییی گێڕانەوەی هەزار و یەکشـــەوە. تەنیا وەبیرهێنانە و بەس، لە خۆیاندا هۆکار و ئامرازی وەگەڕخستنی ڕەگەزەکانی هەزار و یەکشەوە بەکار نابەن. دەتوانم بڵێم ناونیشانێکی هەڵخەڵەتێنەرە، هەڵخەڵەتێنەر بەمانای داهێنانی هونەری. خوێنەر بە بینینی وا هەســـت دەکات دەروازەیەکە و لێیەوە دەچێتە ناو هونەرێکی تر و مێژوویەکی تر و سەدەیەکی ترەوە، تا بۆن و بەرامەی هونەری گێڕانەوە بکات، بەڵام دەچێتە ناو ئەزموونێکی شیعرییەوە. هەر شیعرە و ناونیشانێکی هەیە، وەك ئەوەی هەر شیعرەی وەك حیکایەتەکانی هەزار و یەکشەوە لە کاتێکدا بخوێنێتەوە، لە شەوێکدا نا، بەڵکو لە ماوەیەکی کورتدا، کە دەقەکە دەری دەخات. مەرج نییە

لەم دەقە بچووکانەدا گێڕانەوە لە گێڕانەوەی هونەری حیکایەت و چیرۆك بچێت، ڕاستە گێڕانەوەی ناو شیعر سەرچاوەی لە پەخشان وەرگرتووە، بەڵام ئەرکێکی چیرۆکئامێزی نییە، ئامانجێکی زەمەنیی نییە تا لە سەرەتاوە دەست پێ بکات و بەرەو کۆتایی بکەوێتە ڕێ.
هیوادارم ڕۆژێك بۆم بلوێ لەســـەر ناونیشـــانی دەقەکانت بوەستم تا بزانین چ دەلالەتێکی سیمۆلۆژیانەیان هەیە. تا ئەو کاتە بە ئامادەبوونی دنیایەکی شیعریی ترت دەسپێرم.

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
٢٠٠٨/١٠/٢٠ سلێمانی

٩

برام کاکە ســــەباح ڕەنجدەر: سڵاوێکی برایانەت لێ بێت و هیوای ئاسوودەیی و خۆشیت بۆ دەخوازم. سڵاو لە هەموو کوردستان.
برام وا (زەنگی سەعاتی بیست و پێنجەمی تەمەنم، یان گەڕەکی شاعیرەکان) م بۆت نارد، خۆمیش بە یەکێك لە نووســــینە باشەکانمی دەزانم و بەلامەوە زۆر ئاساییە، ئەگەر جارێکی تریش بڵاو بکرێتەوە. لای خۆمەوە زۆر زۆر سوپاسی هەستی بەتەنگەوەهاتنی تۆ و هەموو ئەوانە دەکەم، کە منیان لە یادە و بەرهەمە ئەدەبییەکانم بەسەر دەکەنەوە. هیوای تەمەن درێژیت بۆ دەخوازم و ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ برادەران. سوپاسیشت دەکەم بۆ ئەو نووسینەی لەبارەی شیعرەکانی منەوە نووسیوتە، ئەگەرچی ئەزموونی من کەم بەسەرکراوەتەوە، بەڵام ئەوەی تاکو ئێستا نووســــراوە، ئەوەی بەڕێزت جوانترین و قووڵترین نووسینیانە لەبارەی ئەزموونی شیعریی منەوە نووسرابێت. بە تەمام دیوانەکەم چاپ بکەمەوە. ئەم نووسینەی بەڕێزت وەك پێشەکی، یان پاشبەند لەگەڵیدا بڵاو دەکەمەوە. بەهیوای زیاتر ئاوڕ لە شیعری جوان بدەیتەوە و لە نووسینی شیعری جوانیش بەردەوام بیت.

سەلام محەمەد
٢٠٠٩/٥/٢١ سوێد

١٠

برای بەڕێزم کاکە سەباح ڕەنجدەر: دوای سڵاوی گەرم چاوەکانت ماچ دەکەم و بە ئومێدم هەمیشە بەختەوەر و ئاسوودە بیت.
چەند ڕۆژێك لەمەوبەر نامەیەکی خنجیلانەی تۆم پێ گەیشت، کە پڕاوپڕ بوو لە خەیاڵی جوان. بێ ئەندازە خۆشحاڵت کردم، نامە و وشە جوانەکانت تا ئاستێکی باش لە خەم و تەنیاییەکانمی کەم کردەوە لەم بارەیەوە بێ پەروا سوپاسگوزاری تۆم. براکەم، بەم نامەیەت منت گەڕاندەوە ناو ئامێزی خەیاڵە جوانەکانی ناو دەقی (کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵات)ت و دەقەکانی تری ناو (ڕووەکەکانی خوداوەند)، کە من دەمێکە لەناو جوانییەکانی ئەم دەقانەی تۆدا ماومەتەوە و دڵ و ڕۆحم پێیان ئارام بووە. حەز دەکەم ئەوەشت پێ بڵێم: زۆر جاران هەر لە ناو ئەم کۆڵانانەوە، لە شیعر و لە جوانی و لە قووڵاییەکانی داهێنان دەڕوانم.
برای ئازیز: من سەرسامم بە دەقە شیعرییەکان و بە نووسین و تێڕوانینەکانت بۆ شیعر. لە نزیکەوە و بە بەردەوامی دەتخوێنمەوە.
لە کۆتایی دووبارە ئومێدی ئاسوودەیی و خۆشبەختیت بۆ دەخوازم، لەگەڵ دەریایەك ڕێز و خۆشەویستیم، بە هیوام قەڵەمەکەت هەر بە بڕشت و باخچەی داهێنانەکانیشت هەمیشە هەر سەوزتر بن. سەرکەوتوو بیت.

ناڵە حەسەن
٢٠٠٩/٧/٢٢ کەنەدا

١١

بارانێك سڵاو كاكە سەباح ڕەنجدەری برا و هاوڕێم: سوپاسی میهرەبانیت دەكەم. زۆرم پێ خۆشە یادێك لە مامۆستا (جەمال شارباژێڕی) ئەكەنەوە و ژمارەیەكی تایبەتی (ڕۆڤار)ی لەبارەوە ئامادە ئەكەیت. ئەڵبەت مایەی نیگەرانیمە ئەو نامە كراوەیەی، كە باست كردووە و كاتی خۆی بۆ ئەو زاتە میهرەبانەم نووسیوە، لەكاتی ئێســـتادا لام نەماوە. بۆ خۆت دەزانیت ماڵی مەمانان هەمیشە پێخۆری كۆچ و ڕەو و دواجاریش ســـەرهەڵگرتن بووە، بۆیە ئەو شتانە بە زەحمەت دەپارێزرێن. تاكە ڕێگای بە مەبەســـت گەیشـــتن ئەوەیە، ئەگەر بۆتان بلوێت، ژمارەكانی هەفتەنامەی ئەو سەردەمەی (هاوكاری) بگەڕێن، بەتایبەتی هی سەروەختی بڵاوكردنەوەی كۆمەڵە شیعری (لە ئەلبوومی یادگارا)، پێم وابێت لە كتێبخانەی گشتیی ســـلێمانی ئەو ژمارانەی هاوكاری چنگ دەكەون. منیش زۆرم پێ خۆش دەبێت، ئەگەر جارێكی تر بڵاوی بكەنەوە.
سەباح گیان: ئەگەر دەكرێت پێم خۆشە ئیمەیل و ئەدرەس و ژمارەی تەلەفۆنی خۆتم بۆ ڕەوان بكەیت. چاوت ماچ دەكەم، ڕێزم بۆ خێزان و منداڵان هەیە.

جەمال غەمبار
٢٠١٠/٩/٦ ئوسترالیا

١٢

کاکە سـەباح ڕەنجدەر ئەم کاتەت باش: لە هەندێ دیوان و کۆمەڵە شیعردا پێشەکی، یان وتەیەك لە پێشەوەی شیعرەکان، یان بەرهەمەکە دەنووسرێت بۆ ڕوونکردنـەوەی هەندێ گرێکوێرە، یان لە خـۆدوان، یان هەرچەند دێڕێکی عادەتین و بوونەتە نەریتی دیوان، هەندێ جاریش هەشبن، خوێنەر لە ڕوانگەی بەهای شیعرەکانەوە پێشەکی فەرامۆش دەکات، بەڵام ئەم پێشەکییەی (زێوان) لەوانی تر جیاوازە. نەك لە دیوانی کەسـانی تـر، کە کەم کەس و دەگمەن پێشەکی دەنووسرێت، بەڵکو لە پێشەکی دیوانەکانی تریشت جیاوازە، چونکە کە ناونیشـانەکەت بەپێش چاواندا ڕەت دەبێت، (لە ئاهەنگی بیست ساڵەی زێواندا) ئەوا هەستت دنەت دەدات و ختووکەی وات بە دڵدا دێت، کە لەبەردەم بیرەوەری و سـەربردەی ئەم شـیعرانەی و بەس، یان تەشبیهی ئەوە نەبێت هەر دەڵێی: (هۆی دابەزین - سـبب نزول)ی دەقەکەیە، بەڵام ئەم دە دوازدە لاپەڕەیە ئەوەندەی گەوهەری ڕۆیا و تێڕوانینی شاعیر و زمانی شیعرییەتی سـەر پەخشانی بەسەردا زاڵە. ئەوەندە زمانی ئاسایی بیرەوەری و سەربردەی شیعر نییە، یان دەتوانم بڵێم تۆ ناتوانیت، یان حەزت بە چەهرەی ئەوە نایێت، کە سـەربردەیەکیش بە زمانی ئاسایی بگێڕیتەوە. ڕاستییەکەی هەر دەبێت واش بێـت. ئاخر ئەگـەر چەند لاپەڕەیەکی ئەدەبی بە زمان و داڕشـتن و هونەرکارییەکەی لە قسەیەکی ئاسایی، یان وتارێکی ڕۆژنامە جیا نەکرێتەوە. ئەوا دەبێتە چێشـتی مجێورێك بۆ خۆی و ئەدەبییەت و شیعرییەتی قەڵەم و شاعیریش لەو نێوانەدا بزر دەبن.

شیعری بێگەرد سانسۆری لەسەر نییە، کە دەڵێم: سانسۆر، مەبەستم ئەوەیە تەنیا هەندێك وشـە تاپۆ نەکراون بۆ شـیعر، بەڵکو هەموو وشەیەك دەبێتە کەرەستەی شیعری بێگەرد (دەسـتار، لغاو، گوفەك، ڕنۆك، جغارە، ئادەم، بالیف، لێفە، دۆشـەك، خاڵخاڵۆکە، لانك، گۆپاڵ، نینۆك، جەردە، سـۆبە، پژدێن، قەرەج، زبڵ، چەتە، پێڵاو، لەمەچێتر.....تاد، خودی زێوان.....تاد.) ئەمانە بە کەسێك بڵێ بۆم لە ڕستەدا بەکاربێنە، چۆنی بەکار دێنێت:

- دەستار گەنم دەهاڕێ.
- گوفەك جێگای زبڵ و زارە.
- زێوان؟ زێوان هەر زێوانە.
بەڵێ: شیعری بێگەرد کەرەستەی بێگەردی دەوێت، کەرەستەیەك وەك شیعر پاکیزەبێت، بەڵام شاعیر پاکیزەتری دەکات، بەهۆی زمانێکی پاکیزەوە، بەهۆی دەروونێکی ڕاست و بێ خەوش. بەهۆی چاوێك، چاوی دڵ، کە هەموو کەرەستەکان ببینێت. بینینێك، کە بە تەفسیری خۆیەوە و جیا لە ڕستە و ئاخاوتنی خەڵکان. بە زمانێك قسە بکات، ئەو کەرەستە بێگەردانە وەك لەرینەوەی گوڵ و گەڵایەك و سەر بادانی درەختێك و سەر دەبەرخۆنانی شەنگەبییەك نیشانەی ڕەزامەندی بنوێنن و لەگەڵی سەما بکەن.
هەموو ئەم بێگەردی و پاکیزەیی کەرەستەکان بەلایەك و (دایکێکی پاکیزە)ش وەك خۆت گوتووتە بەلایەك، کەرەستە زۆرە ناپاکیزەکان مەگەر بە زمانێکی تەواو پاکیزە، دەنا لەوێش (کەرك) دەبن، هەنجیری زۆرت دیوە، هەنجیری لێ ناکەوێت و دەبێتە تەوسکەیەکی تفت و بێ کەڵك هەر سروشتەکە وایە، کابرا گوتبووی خودایە لە (والتين والزيتون) دا، سوێندت بە هەنجیر خواردووە زۆر باشە، بەڵام خۆ زەیتوون تاڵ و زەقنەبووتە بۆ؟ ئاخر پاکیزەیی زەیتوون لە تاڵییەکەیدایە. تاڵیی زەیتوونەکە لە تەوسکەیەك، یان زۆر هەنجیرێك شیعرییەتی زیاترە لە زۆر سماقێك، کە پێی دەڵێن سماقی کەرك، دەمارەکانی پاکیزەیی تێدا نییە و لەبەردەم پاك و بێگەردیی گەردوون و سروشتدا خۆی ناگرێت و دەوەرێت، هەروەها بەو شێوەیە زۆر گوێزێك و زۆر شیعرێك و زۆر شاعیرێکیش.....تاد.
قسەکردن و لێدوان لە سەربردەی دەقێك پاش بیست ساڵ، زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ئەوسا لە گەرمە گەرمەی لەدایکبوونی دەقەکەدا شتی لەبارەوە بنووسرایە، ئەمە مانای ئەوە نییە لە هەفتە و چلەی لەدایکبوونەکە، کە ژانی لەدایکبوونەکە باس بکرێت، پڕ لە ئێستێتیکیترە. نەخێر. هەتا کۆنتر بێت پەی بە هەندێك ئەزموونی ئەوسا دەبردرێت و شتە پەنهان و شاراوەکان کەشفتر

دەبن، بۆیە خۆ گرخاندن لە لەخۆدوان دەتخاتە بارێك، کە ئەو مێژووە لە چەند گوشینێکی دڵدا ئاوی دڵی تێدا بڕسکێت.
کاریگەربوون بە یەکێك لـــە ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان، دەبێتە ڕێگر بۆ بێگەردبوونی دەق، بێگەردبوونی دەق لە پیس نەبوون و خەوشدار نەبوونیەتی لەبـــەردەم ڕەشـــەبای پیرێتیی جیهان، چ جای خەوش و زبڵ و خاشـــاکی ڕێبازەکانـــی تر دەبێـــت چ دەردێك بە باڵای بێگەردبوونـــدا بکات. دواجار شیعرییەتیش لە هەناوی ئەم بێگەردبوونەدا دێتە دەرەوە.
گەڕانەوە بۆ کرۆك و ناوکی منداڵی، (بە تاســـە و سۆزێکی تایبەت). ئەم تاســـە و سۆزە تایبەتە، سەردەم و تافی تەمەنی شاعیر دەیسازێنێت. ڕەنگە زۆر کەس پێی وابێت تا مرۆڤ پیرتر بێت، سۆزی بۆ منداڵی زیاتر دەجووڵێت و بیری ئەوســـا دەکات، بەڵام بە پێچەوانـــەوە من پێموایە قادرمە و پەیژەی تەمەنەکە لێرەدا گرینگە، بەو واتایـــەی دوای قۆناخی منداڵی، قادرمە و پێپیلکەی دووەم گەنجێتییە، دژواری و ناخۆشـــی پەیـــژەی دووەم ناتخاتە ســـەر پەیژەی ســـێیەم، ئەوەندە پەلەیەتی بتگەڕێنێتەوە دواوە. کە سەردەمی منداڵییە، ئەم سۆزە تایبەتە لەو ڕەشبینییە بە تەوژمە دێت، کە ئیدی کرۆك و هەناوی یاخیبوون و ڕەشبینییەکان لەناو گەنجێتیدا دەچۆڕێنەوە ناو سەردەمی پڕ بەرائەتی منداڵی، لە گەنجێتی یاخیبوون لە کەرەســـتە بێگەردە سادە و ساکارەکانەوە، بۆ پاکیزەیی منداڵبوون، لە هەژموونی ترس و ئازایەتیی گەنج بوونەوە بۆ زمانی بێگەرد و بینینی دونیای منداڵی.
وابزانم لە شوێنێکدا خۆت گوتبووت: شیعرییەت لە زمانی منداڵیدا دەڕسکێت، ئەم ڕسکانە لە پاکیزەیی و بێگەردییەکە دایە، بەڵام ئاگاداربین شیعرییەتی نووسینی دەق، نەوەك شیعرییەتی درك کردنی دەق و کەشفکردنی نهێنییەکانی دەق، ڕاســـتە شیعرییەتی نووسینی دەقەکە لە گەڕانەوەی زاکیرەی منداڵی دایە، بەڵام ئاهەنگی بیست ساڵەی زێوان، نە لە ساتی نووسینی دەقە و نە لە ســـاتی وروژاندنی خڕپەی منداڵییە. دەزانی کەشفکردنی نهێنییەکانی ژیان و نهێنییەکانی شـــیعرییەتی دەوروبەر و شیعرییەتی گەردوون تەمەنی

دوای چل ساڵی گەڕەکە. چل ساڵ سەرکێشی و (شەڕی چل ساڵە) و چل ساڵ شەڕ و چل ساڵ گەڕان بەدوای شیعرییەتدا. ئاخر ئەگەر (بەدر شاکر ئەلسەیاب و فلان و فیسار) لە پێش چل ساڵییەوە ئەسپی دەق چالاك و خۆشڕۆ بکەن. ئەوا دۆزینەوەی کلیلەکانی چ لای وەرگر و هەندێ جار لای خودی شاعیریش، ئەزموونێکی دەوێت، ئەزموونێك، کە لە خولی ڕەوحانیەتی ژیاندا دەرچووبێت، شتەکان وەك خۆی بە چاوی سەر و دڵ ببینێت، ئەرێ خۆ حیکمەت و دانایییەك دەبێت هەر هەبێت، کە پێغەمبەر (د.خ) لە چل ساڵیدا نهێنییەکانی ئاسمانی بۆ دێ. ئەگەر تەشبیە نەبێت بەو حاڵەتەوە، لە دەق دوان و ڕەخنەگرتن و چوونە ناو کەلێنەکانی دەق دەبێت لە چل ساڵ ئەزموونی ژیانەوە دەست پێ بکات. سرووش (وەحی) چەند پاکیزەیە، خۆی بە خوار تەمەنی چلەوە خەوشدار و تلێخ ناکات، وەی کە چەند جیاوازە خەملێنی شیعرییەتی درککردن لە پێش و پاش ئەم شەڕ و سەرکێشییە. لەبەر ئەوە تایبەتمەندیی ئەم پێشەکییە لەوەدایە دەقی سەردەمی خۆی و زاکیرەی گەنجی و منداڵی و بیرکردنەوە و لەخۆ دوانی سەردەمی خەملین و ڕسکانی تێدا بەرجەستەیە.

کەشفکردنی ئێستێتیکای دەق و شیعرییەتی مەبەستەکانی شاعیر، وەزیفەی هەرە سەرەکیی ڕەخنەگرانە، هەستکردن بەو ئێستێتیکایەش بۆ خوێنەر دەگەڕێتەوە، بەڵام لەو جۆرە پێشەکییانە دەبێت باجی ئەوە بدەی، کە تۆ هەندێك جار ڕۆڵی ڕەخنەگرێك و هەندێك جاریش ڕۆڵی خوێنەرێك دەبینیت، کە کەشفی شیعرییەت و هەستە ئێستێتیکییەکە دەکەی. لەو بارەدا، کە خۆت باسی زاکیرەی منداڵی و گەڕانەوە بەرەو بەرائەت و پاکیزەیی منداڵی دەکەی، ئاگات لێ نییە دەبییە خوێنەرێکی شارەزا و تایبەتی دەقەکانی خۆت و کۆدەکان ئاشکرا دەکەی، بەمەش لەجیاتی ئەوەی خوێنەری شارەزا نەك ڕەخنەگر و خوێنەری گوێ بە تۆز کەشفی ئەمە بکەن کە:

تۆ دەچیتەوە (گوندی گەنجینەی منداڵی) و لەوێ (بارانی خودایی) گوندی گەنجینەی منداڵیتە و تۆ و پەپوولە و تۆ و پەڕەسێلکە و تۆ و (قەلە

گۆرانیبێژەکانی گوندی گەنجینەی منداڵی) و (تەختەڕەش یەکەمین پۆلی گوندی گەنجینەی منداڵی) تۆ و کۆلارەکەت و تۆ و هەموو شــتە سەیر و سەمەرەکانی منداڵی.
تۆ بە هەندێك دێری ئەم پێشــەکییە بواری بیرکردنەوەی وەرگری نەشارەزا کەم دەکەیەوە و ڕێ بە هەندێك خوێنەر و ڕەخنەگری نا شــارەزا دەدەی، کە شتەکانی تۆ دووبارە بکەنەوە و لە زمانی خۆت لە تۆ بگەن.
هەر ئەمــە دواجار بۆ ڕەخنەی کــوردی بۆتە تەگەرەیــەك و بۆ هەندێك ماســتەرنامەنووس و دکتۆرانامەنووس بووەتە هەنگوینی دارێ، کە شاعیر کۆدەکانــی وێنەی شــیعری و هونەرکاری و وەســتاکاری و نهێنییەکانی ناو دەقی بۆ ئاشــکرا دەکات، ئەویش ســەرلەبەری دەجوێتەوە، ئەمەشی لە ناچاری و پێویســتییە، دەنا دەرگا بەڕووی دەقدا ناکاتەوە، ئەمە لە ڕووی ئەکادیمییەکە. لە ڕووی ڕەخنەگرییە بێ گوتارە ناخ چەپەڵەکەش وەك خۆت گوتەنی، لە تێنەگەیشتن و ئیرەیی بردنیەتی، تۆ ئەوسا پێی نیگەران بووی، بەڵام دەبێت ئەمڕۆ پێی دڵخۆش بیت. دڵخۆشی بەوەی نابێت هەموو کەس لە دەقەکەت تێ بگات، دەقی پاك و بێگەرد و پڕ لە شیعرییەت خوێنەری شارەزا و ئەزموونداری دەوێ، ئەوانەی دەقێك ڕەت دەکەنەوە، نازانن شیعرییەت وەك جۆگــەی ئاو جێگای خۆی هەر دەکاتەوە و هەر دەپەنگێتەوە، دەپەنگێتەوە، دواجار زمانە سادە و ساکار و ئاساییەکەی بەناو ڕەخنەگرەکەش ڕادەماڵێ.
بە هەمان شــێوە هەموو پەســنکردنێکی دەقیش پڕ لە شــیعرییەت نییە و هیچ پەسنێکیش بنەما هونەرییەکانی دەق پتەو ناکات، ئەوەندەی تامەزرۆیی شــاعیر بەرەو گەیشتن بە ئاسوودەیی دەق و خەملینی ئەدەبییەتی دەق زیاتر دەکات، ئەمە سروشتی ژیانە دەبێت شیعرییەت بەناو دەماری ژاندا بڕوات و بە ئازارەوە لە دایك بێت. خۆزگە چ ئەو جۆرە ڕەخنەگرانە و چ خوێنەرانیش بەتایبەتــی و وەرگر بەگشــتی زۆربەیان لەناو تیــۆری وەرگرتن جێگایان دەبوویەوە، چونکە چ ئەو پێشەکییە و چ کۆی چامەکە زۆر بایەخ بە وەرگر دەدا، هێندەی ئێستێتیکای وەرگرتن و ئێستێتیکای وەرگر لەم چامەیەدا جێی

دەبێتەوە، چەمکەکانی تر کەمتر ئەو بوارەیان هەیە، ئەمەش چێژی وەرگرتن و چێژی دەق پتەوتر دەکات. بە کورتییەکەی تا نائاساییبوونی واتا زیاتر بێت، دەق چێژی زیاتر دەبێت، بەڵام چ دەکەی ئەگەر کەســـێك لە زمانی خۆی بترازێ لە هیچ ناگات، لە نائاســـاییبوون هەر چش. دواجار ئەوەی چێژی ئێستێتیکای ئەدەبییە تخوونی ناکەوی.

ببوورە زۆرم درێژە دایێ، دەستت خۆش و هەر سەرکەوتوو بیت.

هێمن عومەر خۆشناو
٢٠١٠/٩/١٦ شەقڵاوە

١٣

کاکە سەباح ڕەنجدەری برا و برادەری باشم: وا نزیك بووینەتەوە لەساڵی نوێ، لە ژیانی نوێ. دەردەسەری ساڵێکی تر. ژیان هەستێکی سەرپێیی نییە، هەستێکی ئەزموونکراوە. من زۆر جار دەچمە خەڵوەتی گۆشەگیرییەوە و لەژیان دەترازێم. ئەم حاڵەت و دۆخە بکوژە بە توندی یەخەم دەگرێت و درێژە دەکێشێت و لە دەوروبەرم دادەبڕێت و بێ ئاگا دەمێنمەوە. کاتێك بەئاگادێمەوە دەبینم ڕووداوی سەیر و جەرگبڕ ڕووی داوە و دەستمایە و ئازیزانم لەدەستچوون: محەمەد عارف، سامی شۆڕش، مەحموود زامدار، ئەحلام مەنسوور، محەمەد موکری، شێرکۆ بێکەس، جیهاد دڵپاك. بەڵام، کە فێ بەرم دەدات و دەست لەسەر ناوچەوانم هەڵدەگرێت قووڵتر بەئاگادێمەوە ئەو مژدەیە لە بەئاگا بوونەوە وەردەگرم. دنیای جوانی و وەفا دەرگای کراوەیە و هێندە کرایەوە و گەورە و بەخشندەیە، ئەگەر بمانەوێت هەموومان دەتوانین تێیدا بێینە ژوورەوە و بەسەلامەتیش لێوەی دەرچین و بایەخی خۆمان بزانین.
ماوەیەك ئەو هەستە دەیخواردمەوە و پەرێشانی کرد بووم. وام دەزانی من لەناو ئەدەبییاتدا دوورکەوتوومەتەوە و پەڕوپۆم شکاوە. کاتێك شاعیرێکی نەوەی دوای خۆت ڕێزت دەگرێت و دێت وەفادارییەکی بێ وێنەت بەرانبەر دەنوێنێت و منەتباری هەتاهەتایەت دەکات. دێمەوە جەرگەی ژیان و حەزدەکەم زیاتر بژیم و زیاتر مرۆڤی بەوەفا بناسم. هەمیشە بیر لە دانیشتنە ئەدەبییەکانی هەشتایەکانی هەولێر دەکەمەوە، کە دادەنیشتین قەت گوێم لێ نەدەبوو قسە بەخۆڕایی بکەیت. لەهەر دانیشتنێکدا سێ چوار ڕستەت دەگوت و ڕستەکان پێویستییان بە گفتوگۆ و بیرکردنەوە دەبوو، بەهیوام ئێستاش هەمان جۆری بیرکردنەوەت درێژە پێبدەیت، ئەگەرچی لەبەرهەم پوختیت، هەست دەکەم هەرئاوها ماویتییەوە، بەڵام هیوایەکە و دەیخوازم.
من قەت لە ژێر بارەی ئەو وەفایەی تۆ دەرناچم، بێ ڕەچاوکردنی هیچ شتێك، شیعر و چیرۆکەکانمت کۆ کردەوە و چاپت کردن و ڕەنجی زۆرت کێشا، کەچی ئەمڕۆ تەنیا سڵاوێك، مەرام و بەرژەوەندیەکی تێدایە. ژیانی

ئەدیبانە و ژیان لە پێناو ئەدەبدا بەدەســـت هەموو کەس ناکەوێت، یان هەموو کەسێك ناتوانێت ئەم بەخشندەییە بەدەستی بهێنێت. خودا ئەو خەڵاتەی بە تۆ بەخشـــیوە و شاعیرانە دەژیت. لەم بۆچوونەمدا زۆر وردبینم. ساتی شیعری، واتا ساتی سیحری و نادیاریت دۆزیوەتەوە. گەردوون پڕە لە شیعر و دیاردەی سەرنجڕاکێشی شیعری. شیعریش بەشداری دەکات لە دەوڵەمەندکردنی مانای بوون و یادگاری شاعیر لە زەینی کۆمەڵگا دەهێڵێتەوە.

لەم نزیك بوونەوەیەی ساڵی تازەیەدا دوو هیوا دەخوازم.

یەکـــەم: بە هیوام تەمەندرێژبیت و خودا بتپارێزێت و وەك منت لێ نەیەت لە شیعر دووربکەویتەوە، چونکە تۆ فەزایەکی زۆر تایبەت و پڕ هەستت هەیە، لە هەموو توخمەکانی شـــیعر زیاتر سوود لە هێمنی زمان وەردەگریت. زمان شـــیعری تۆ فۆرمەلە دەکات. ئەزموونی تۆ لە هێڵە بنەڕەتییەکانی شیعری کوردی ناچێت و شێوەی گشتی وەرنەگرتووە، لە خەسڵەت و شێوازی خۆتدا پێگەیشتووی. شیعر ئەو خەڵاتەیە ژیانی ڕاستەقینە بە شاعیری دەبەخشێت و ئەرکی شاعیریش ئەو کاتە کامڵ دەبێت لە ژیان و مرۆڤ و ئێستێتیکای زمان بدوێت.

دووەم: ئەگەر هەوڵێك بۆ ئەوە بدەیت (دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەك نییە)شم بۆ چاپ بکەیتەوە و پێشەکییەکی بۆ بنووسیت مەمنوونت دەبم. لەساڵی تازەدا پێ دەنێمە شەست و حەفت ساڵییەوە. جادوای چاپکردنەوەی کتێبەکەم، مردن دێت باسەر چاوان بێت. ساڵی تازەت پیرۆز بێت و سڵاوم بۆ برادەرانی هەولێر.

سەڵاح شوان
٢٠١٣\١٢\١٨ نەرویج

چاپکراوەکان

١- زێوان: ١٩٨٨، ڕۆمانە شیعر.
٢- ڕووەکەکانی خوداوەند: ١٩٩٩، شیعر.
٣- خەون وا خۆی گێڕایەوە: ٢٠٠٤، شیعر.
٤- شەڕی چل ساڵە: ٢٠٠٥، شیعر.
٥- مردوویەك ئاگای لە هەمووانە: ٢٠٠٨، شیعر.
٦- سەد و یەکشەوە: ٢٠٠٨، شیعر.
٧- ساڵی سفر: ٢٠١٠، شیعر.
٨- سروودی زەوی: ٢٠١٢، شیعر.
٩- سی ساڵ شیعر: بەرگی یەکەم ٢٠١٢، شیعر.
١٠- سی ساڵ شیعر: بەرگی دووەم، ٢٠١٢، شیعر.
١١- ئەزموون وەك ئاخاوتنێك لەناو ژیان: ٢٠١٤، بیرورا.
١٢- حەزدەکەم ئەوەندە بژیم: ٢٠١٤، شیعر.

ناوەڕۆک

*شیعر بەرانبەر ئەبەدییەت ٥
٠بانگەواز بۆ گۆڕهەڵکەن ١١
١نیازی مردن ١٧
٢چاوەڕوانیی تێکشکاو ٢١
٣بەرەوساکاربوونەوە ٢٥
٤فەرمووەوەرەناوژیانەوە ٢٧
٥پشووی باڵ ٢٩
٦بەدوارۆیشتن ٣٠
٧ڕاهێنانی دەنگ ٣١
٨دڵی خرۆشاوی پیاڵە ٣٢
٩ ڕێگای جادوویی ٣٣
١٠ئاهەنگی ساڵی مردنی دایناسوور ٣٤
١١خۆدرکاندن ٣٦
١٢مانەوەی وێنەیەك ٣٧
١٣ڕەوایی سروشت ٣٨
١٤گەرمبوونەوەی یادەوەری ٣٩
١٥گەیشتن بەخۆت ٤١
١٦شیعر ئەی ناوی خۆم ٤٢
١٧ئاوێنەی دەستی گورگ ٤٦
١٨مانەوەلەناوڕووناکیدا ٤٨
١٩نیازی بەراورد ٥١
٢٠درەختی بنەماڵە ٥٣
٢١قەراغی دەف ٥٥
٢٢ئاوڕشێنی دەموچاو ٥٧
٢٣سندووقی تەرم ٥٩
٢٤خۆشبوونەوەی ئاگری دڵ ٦١
٢٥بۆنوبەرامەی کەڵژیان ٦٤

٢٦ گەرمایی ناوچەوان ٦٥
٢٧ یاقووتی ئەنگوستیلە ٦٧
٢٨ باڵندەی یەکەم و دووەم و سێیەم ٦٩
٢٩ بەتاڵبوونەوەی داوا ٧٢
٣٠ هەواڵپرسین ٧٥
٣١ لە گەلێك شوێندا ٧٧
٣٢ ونبوون ودەرکەوتنەوە ٧٩
٣٣ ناسینی هێز ٨٢
٣٤ کەژاوەی گورگی ئاشتیخواز ٨٤
٣٥ ئەفسانەی خۆت ٨٥
٣٦ بێ پەروایی گوڵەستێرە ٨٩
٣٧ ئەستێرەی تاك وجووت ٩١
٣٨ سۆزی پاراوی خۆشگۆ ٩٤
٣٩ دووبارەکردنەوەی ویست ٩٦
٤٠ پێشبینیی زمان ٩٨
٤١ نەوەی بەهەشت ١٠٠
٤٢ ئاشنابوونەوە بەجریوە ١٠٢
٤٣ ئادەم لەسێ ئاوێنەدا ١٠٥
٤٤ بەرزبوونەوەی باج ١٠٧
٤٥ دوای سەرکەوتن ١١٠
٤٦ هەڕەشەی نووح ١١٢
٤٧ گەڕانەوەی دەنگی باپیران ١١٥
٤٨ هێماو ڕاز ١١٧
٤٩ چوارین ومن ١١٨
٥٠ درەختی دەنگخۆش ١٢٠
٥١ پەریی یەکەم ١٢٢
٥٢ ڕووتەختی پارێزراو ١٢٤

٥٣ تۆڕی چاو ١٢٦
٥٤بەخششی ئادار ١٢٨
٥٥دابەشکردنی چرا ١٣٠
٥٦مانەوەی مانگ لە یەکشەوەییدا ١٣٢
٥٧ڕووناکیی گەنجبوونەوە ١٣٤
٥٨جارێك لە جاران ١٣٦
٥٩ باڵی شانەکراوی ئەسپ ١٣٨
٦٠خانمی ئەفسانەیەکی ڕوون ١٤٠
٦١ ژیان لە دووسەدە ١٤٢
٦٢داگیرسانی جێگاپێی شیعر ١٤٤
٦٣ گۆرانییەك لە دڵەوە تکایە سەر زەوی ١٤٨
٦٤دابەشکردنی شتێك لە خۆت ١٥٥
٦٥ زەنگی ١٦ی ٣ .... ١٥٩
٦٦ئاوازی جێگۆڕکێ ١٦١
٦٧خۆبەدیواروەکردن ١٦٤
٦٨نموونەی ناز ١٦٦
٦٩ کە مەرگ مانای نامێنێ ١٦٨
٧٠ داڕشتنی چاو ١٧٠
٧١ماوەخواستن بۆدوانیگا ١٧٢
٧٢ چاوتەنگیی دڕك ١٧٤
٧٣ دواتاریکی ١٧٦
٧٤چاوی ڕاست و چەپ ١٨٢
٧٥شەڕی ناوەخۆ ١٨٤
٧٦تاسەی خودایی ١٨٧
٧٧باوك و دایکم ١٨٩
٧٨دواپەیام ١٩٤
٧٩ پڕبوونەوەی کاسە ١٩٥
٨٠بانگەواز بۆ گۆڕهەڵکەن ١٩٧
٨١ نامە وەك بەشێك لە سەرنج و تێبینی ئەدەبی و هەواڵپرسین ٢٠٤